بنیاتنەرانی کەلتوور

# لاش نۆرێن

## هەرەسهێنانی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکان

دانا ڕەئووف

٢٠١٦

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**بنیاتنەرانی کەلتوور ژمارە (٨)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.org


# لاش نۆڕێن


نووسینی: دانا ڕەئووف

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٢٥٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٦ کوردستان ـ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٦٤٥)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە



مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

## ناواخن


**پێشەکییەک** ........................................ ٥

**لاش نۆرێن و هەرەسهێنانی خێزان و**

**بنەما کۆمەڵایەتییەکان** ........................................ ٩

شیعر و سەرەتایەکی شەرمنانە ........................................ ١٢

شانۆ و دەستپێکێکی تر ........................................ ١٤

قۆناغی نەوەدەکان و وەچەیەکی نیگەران ........................................ ٢١

ئێگزیستێنتیالیزم و مەرگی مرۆڤ ........................................ ٢٥

مۆسیقای بێدەنگ لەنێوان مەرگ و گەمەی کاتدا ........................................ ٣١

بەرئەنجام و هەڵوێستەی کۆتایی ........................................ ٤١

**سێبەرەکانیشمان بدەرەوە** ........................................ ٤٣

**وەک گەڵاکانی ڤاڵمبرۆسە** ........................................ ٥١

**شەڕ لە (شەڕ) ی لاش نۆرێندا** ........................................ ٥٧

دەروازەیەک بۆ ناسینی لاش نۆرێن ........................................ ٥٧

ئیدی هیچ منداڵێک لە ئارادا نییە ........................................ ٦٢

شەڕ لە درامای گرێکیدا ........................................ ٦٤

ڕووداوەکانی شەڕ ........................................ ٦٦

باوک یان جەنگاوەرێکی دۆڕاو ........................................ ٦٩

کوێری وەک سمبۆلێکی دابڕان و تەنیایی ........................................ ٧٤

**لە چاوەڕوانیی موجیزەیەکدا** ........................................ ٧٧

پەرجوو باسی چی دەکات؟ ........................................ ٧٩

پەرجوو- وەک ناونیشان ........................................ ٨٧

من-ی تاک و زەمەنی شانۆنامەکە ........................................ ٨٨

ئایین و سێبەری مەسیح ........................................ ٩١

زەمەن و زمانی پەرجوو ........................................ ٩٥
کورد و زەمەنی شێرپەنجە ........................................ ١٠٢
لە چاوەڕوانیی پەرجوودا ........................................ ١٠٤
**خۆشەویستی چییە؟ ........................................ ١٠٧**
**تەرمینالّ ........................................ ١٢٥**
کۆتاییەکان و دەستپێکی نوێی هونەری ........................................ ١٢٧
دەروازەیەک ........................................ ١٢٧
تەرمینالّ ........................................ ١٣٠
کۆتایی ڕێگە یان وێستگەی چاوەڕوانی ........................................ ١٣٠
تەرمینالّی سێ ........................................ ١٣٥
بوومەلەرزە ........................................ ١٣٨
تەرمینالّی یانزە ........................................ ١٣٨
ژوورێکی بۆر ........................................ ١٤٢
تەرمینالّی ژمارە... ........................................ ١٤٢
**دەمەتەقێیەک لەنێوان یۆن فۆسە و لاش نۆرێن-دا .... ١٤٧**
پەراوێزەکان ........................................ ١٦٨
**یاداشتەکان ناچاری ئامانجێکی نوێم دەکەن ........................................ ١٧١**
پەراوێزەکان ........................................ ١٨٣
**لاش نۆرێن لە شەوێکی فەلسەفییدا ........................................ ١٨٧**
**ئێتییانا گلاسەێر و لاش نۆرێن لە دیدارێکی کراوەدا ١٩٧**
پەراوێزەکان ........................................ ٢٥٣
**یاداشتەکانی شانۆنامەنووسێک ........................................ ٢٥٩**
**هۆتێل لە ناوەوەی مندایە، من هەمیشە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەوێم ........................................ ٢٦٧**
پەراوێزەکان ........................................ ٢٩٦

# پێشەکییەک

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، کە بە ڕێکەوت گەیشتمە وڵاتی سوێد و لە ستۆکهۆڵم جێگیر بووم، زانیارییەکی زۆرم لەسەر ئاوگوست ستریندبێرگ، گەورە نووسەری ئەم وڵاتە هەبوو، بۆ نموونە بەشێکی زۆری شانۆنامەکانیم خوێندبووە و لەسەر شانۆکان بینیبوومن، هەروەها وەک ئەکتەریش لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، بەشداریم لە دەقەکانیدا کردبوو.

ئەی لاش نۆرێن، کە ئەویش نووسەرێکی گەورەیە و بۆ سوێدییەکان بە درێژکراوەی ستریندبێرگ دادەنرێت؟ نەک نەمدەناسی، تەنانەت ناوەکەیشم نەبیستبوو! بەڵام کە تێکەڵاوی ژیانی کولتووری و شانۆی سوێدی بووم، هەر زوو بە ناوی (لاش نۆرێن) ئاشنا بووم، زوو زوو دەقەکانیم لەسەر شانۆکان دەبینی و ڕووپەری ڕۆژنامەکانیش، بەردەوام گوتار و ڕیپۆرتاژ و دیداریان لەگەڵ بڵاو دەکردەوە. هێندەی پێنەچوو کەوتمە خوێندنەوەی دەقەکانی، کۆکردنەوەی زانیاری و

خوێندنەوەی ئەو کتێبانەیش، کە بە بەردەوامی لەسەر قۆناغەکانی ژیان و بەرهەمەکانی بڵاودەکرانەوە و بەردەوامیش بڵاو دەکرێنەوە. ساڵانە چەندین کتێب، چ وەک لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و چ وەک بڕوانامەی خوێندنی باڵا و دکتۆرا، لەسەر ژیان و کارەکانی لاش نۆرێن دەنووسرێن و بڵاو دەکرێنەوە. دواجار خۆیشم لە نزیکەوە ناسی و لەو هەژموونە گەورەیەیش تێگەیشتم، کە ئەم نووسەرە بەسەر کۆمەڵگەی سویدییەوە بەجێی هێشتووە، هاوکات هەندێک لە دەقەکانیشم کردن بە کوردی: (موسیقای بێدەنگ، تەرمیناڵ، کە بریتییە لە سێ دەقی شانۆیی) هەروەها، کە سەرپەرشتیی زنجیرەی شانۆی بیانییشم لە دەزگای ئاراس دەکرد، چەندین شانۆنامەی قۆناغە جیاوازەکانی نۆرێنمان لە وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی و هیوا قادر، بە لێکۆڵینەوەی ورد و چڕەوە بڵاو کردەوە.

ئەم کتێبەی بەردەستتان کۆکردنەوە و پیاچوونەوەی بەشێکی زۆری ئەو نووسینانەن، کە بە درێژایی ئەم ساڵانە لەسەر لاش نۆرێن بڵاوم کردوونەتەوە، هەروەها نووسینەکانم بە وەرگێڕانی کۆمەڵێک دیدار، کە لە قۆناغی جیاواز جیاوازدا لەگەڵ لاش نۆرێن کراوە، دەوڵەمەند کردووە. دیدارەکان پشتڕاستکردنەوە و تیشک خستنە سەر و لە هەندێک

ڕوویشەوە دووپاتکردنەوەیەکە سەبارەت بەو گوتارانەی من نووسیومن، هاوکات خستنەڕوویەکی گەشەی دید و تەکنیک و دونیابینیی لاش نۆرێن، لە ماوەیەکی درێژی تەمەنیدا دەخاتە ڕوو. لە زۆر ڕووەوە دیدارەکان لە دەقە شانۆییەکانی دەچێت، نەفەسێکی درامییان تێدایە و لە فۆرمێکی دراماتۆرگیدا ئاڕاستەی دیدارەکان دیاری دەکات. هەندێک لەم دیدارانە لەوەوبەر بڵاو کراونەتەوە، هەندێکیشیان بڵاو نەکراونەتەوە، کە لەم کتێبەیشدا بۆ یەکەمجار بڵاو دەکرێنەوە، چوارچێوەیەکی پڕ لە زانیارییان بۆ تێکستەکانی کتێبەکە بەگشتی ئامادە کردووە.

ئەم کتێبە سەرچاوە و دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە لاش نۆرێن، چ وەک مرۆڤ و چ وەک نووسەر، هەروەها سەرچاوەیەکیشە بۆ ئەو دەقانەی، کە تا ئێستا کراون بە کوردی و دەشێت یاریدەدەرییەکی باش بێت بۆ ڕەخنەگر، ڕیژیسۆر و تەنانەت ئەو ئەکتەرانەیش کار لە دەقەکانی ئەم نووسەرەدا دەکەن.

**دانا ڕەئووف**

**ستۆکهۆڵم – ٢٠١٦/٥/٣١**

# لاش نۆرێن و هەرەسهێنانی خێزان و
# بنەما کۆمەڵایەتییەکان

شانۆی سویدی دابونەریتێکی دێرینی لە بواری شانۆ و نووسینی دەقی شانۆییدا هەیە، بۆ نموونە، (ئاگوست ستریندبێری) ١٨٤٩ـ ١٩١٢ کاریگەرییەکی بەرفراوانی نەک تەنها بەسەر شانۆی سویدییەوە، بەڵکو بەسەر تێکڕای شانۆی جیهانییەوە هەیە و زۆربەی نووسەرە شانۆییە گەورەکانی دونیایش لەژێر ئەو کاریگەرییەدا نووسیویانە.

لاش نۆرێن، کە ساڵی ١٩٤٤ لە سوید لە دایک بووە، یەکێکە لە گرنگترین نووسەرە شانۆییەکانی ئەمڕۆ و دادەنرێت بە بەردەوامییەکی بەهێزی سترینبێرگ، هەروەک ئەویش سنوورەکانی وڵاتی سویدی بڕیوە و لە ڕێگەی شانۆوە ناوبانگێکی نێونەتەوەیی و جیهانی بەدەست هێناوە.

هیچ نووسەرێک لە سوید هێندەی نۆرێن، بە شێوەیەکی سەراپاگیر و لەسەر هەموو ئاستەکان ئاوێزان و تێکەڵاوی ویژدان و هەستی کۆمەڵگە و چینە جیاوازەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە نەبووە. ئەم نووسەرە لە کۆهەستی جەماوەر و نائاگاییاندا ڕەنگی داوەتەوە و

بوونێکی بەردەوامی هەیە؛ ڕۆژانە خەڵکی سەبارەت بە گرفتەکانی خێزان، پێوەندیی ژن و مێردایەتی، منداڵ و فەرزەند، بە پێکەنینەوە دەڵێن ئەمە نۆرێنە، یان دەڵێی شانۆنامەکانی لاش نۆرێنە. لە هەمان کاتدا هەموو کەسێک لە سوێد دەزانێت، کە ناوی لاش نۆرێن وابەستەی ڕەشبینی، دڵەڕاوکێ، دوودڵی، کێشەی خێزان، گرفتی بوون، ئازارەکانی تاکەکەس و مەرگە.

ئەم نووسەرە بەرهەمی یەکجار زۆرە و ساڵانە دەقەکانی لەسەر زۆربەی شانۆکانی هەموو شار و شارۆچکەکانی سەرانسەری سوێددا پێشکەش دەکرێن، ئەمە جگە لەوەی بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان و شانۆنامەکانی لەسەر شانۆ گرنگەکانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، نەرویژ، دانمارک، هۆڵاند، ڕووسیا و زۆربەی وڵاتانی تری ئەورووپا نمایش دەکرێن.

لاش نۆرێن هەرچەندە فرەبەرهەمە و هەمیشە شاکاری تازە و نوێ پێشکەش دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەردەوام گۆڕانکاری لە زمان و شێواز و ناوەڕۆک و تەکنیکدا دەکات، بۆ نموونە بەردەوام بە دوای فۆرمێکی نوێ و جیاوازی چەمکەکانی زماندا دەگەڕێت، شێواز و فۆرمی

هەمەجۆرە دەخوڵقێنێت. زمان ئامرازێکی گرنگی کەرەسەکانی ئەم نووسەرەیە و وەستایەکی بەتوانای داهێنانی وشە و دیالۆگێکی قووڵیی ساکاری شانۆییە، دارشتنی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکانی، یەکێکە لە پێکهاتە گەوهەرییەکانی شێوازە دراماتیکییەکەی.

نائومێدی، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، سەرلێشێوان، بەختیاری و نەخۆشیی دەروونی پێکهاتەیەکی بە بەهای بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانیەتی، دیالۆگەکانی پاشبەندی بارە دەروونییەکان، یادەوەری و گەڕانەوەیەکی بەسۆزن بۆ منداڵی، بۆ هەرزەکاری و بۆ یادەوەرییەکان. کارەکتەرەکان هەروەک ئەوە وان، کە لە ژوورە داخراوەکاندا گیریان خواردبێت و توانای هەناسە هەڵمژین و چوونە دەرەوەیان نەبێت.

ئەوەی زیاتر ڕێگە لەم کارەکتەرانەیش دەگرێت، گرێگەلی دەروونی و هەستگەلی بەهێزی هەڵچوونیانە، دەروونی شێواو و یادەوەریی تاڵیانە، هەندێک جار ئەم ڕووبەڕووبوونەوانەیش، وەک بورکانێکی خەفەکراو بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و توندوتیژ دەتەقنەوە. ئەم کارەکتەرانە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی ئەوەدان بچنە دونیایەکی ترەوە، لە ڕابردوویان هەڵبێن، بەڵام هەرگیز بەو ئاواتە ناگەن و هەروەک کارەکتەرەکانی

تراژیدیای گرێکی ناتوانن لە چارەنووسی خۆیان ڕزگاریان بێت. ئەوەی زیاتر ڕێگەشیان لێ دەگرێت، جگە لە بارودۆخی ئاڵۆزی دەروونییان، یادەوەرییەکانی ڕۆژانی منداڵی، هەستەوەری، نیگەرانی، هەستکردن بە گوناهـ و پاشگەزبوونەوە، نائومێدی کارەسات و هەڵە گەورە بەردەوامەکانی دایک و باوکن.

لاش نۆرێن دەیەوێت بینەران خۆیان لە کارەکتەرەکاندا بناسنەوە، خۆیان لە کارەکتەرەکانیدا بدۆزنەوە و ڕووبەڕووی حەقیقەتی ژیانی خۆیان ببنەوە.

## شیعر و سەرەتایەکی شەرمنانە

بەر لە چلوپێنج ساڵ لاش نۆرێنێکی شانزە ساڵی شەرمن، لە وێستگەی شەمەندەفەری ستۆکهۆڵم دادەبەزێت. ئەم گەنجە لە باکووری سوێدەوە دێ و بڕیاری داوە خۆی بۆ کاری نووسین تەرخان بکات؛ لە ستۆکهۆڵم کەس ناناسێت و نازانێت بەرەو لای کێ و بۆ کوێ بڕوات، بەڵام تەنها دوای سێ ساڵ ئەو گەنجە کە تەمەنی دەگاتە نۆزدە ساڵ، یەکەم دیوانە شیعری خۆی بە ناوی (لەیلاک، بەفر) بڵاو دەکاتەوە. شیعرەکانیشی نەفەسێکی قووڵی لیریکییان لەخۆ

گرتووە و دواتریش ئەو زمانە شیعرییە لیریکییەشی دەگوێزێتەوە بۆ دونیای شانۆ. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێ دیوانە شیعری تر و ڕۆمانێک بڵاو دەکاتەوە، شیعر و پەخشان تێکەڵاو دەکات و جیهانێکی ڕەش و مۆرکێکی تاریک، یادەوەری و پەرۆشی بۆ شتێکی نادیار، ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەو کاتەی پێک دەهێنن.

لاش نۆرێن لە ئەنجامدا شیعرەکانی زیاتر و زیاتر کورت و چڕ دەبنەوە، هێندە چڕ، ئیدی وشەکان هێدی هێدی بزر دەبن و تەنها تروسکەی وێنەیەک، جیهانێکی تەڵخ و وشە کورتەکان دەمێننەوە.

لاش نۆرێن هەست بە پووکانەوەی وشەکانی، ونبوونی دید و جیهانە شیعرییەکەی و دونیا تایبەتمەندەکەی خۆی دەکات، لەبەرئەوە هەر زوو ماڵئاوایی لە جیهانی شیعر دەکات و لە بری ئەوە ڕوو دەکاتە دونیای شانۆ و نووسینی دەقی شانۆیی. لاش نۆرێن لەم بارەیەوە دەڵێت: «شیعر و دراما زۆر دوورن لە یەکترەوە، ئەمەیش بۆ من مەسەلەیەکی گران و پارچەپارچە بوو. من بڕیاری خۆمم دا، کە شانۆیشم هەڵبژارد لەبەر ئەوە بوو کە شیعرەکانم کورت و کورت دەبوونەوە، تا وای لێ هات بە تەواوی بزر بوون.

شیعرەکانم هێندە بچووک بوونەوە لە کۆتاییدا بوونە پارچە ئێسقانی بچووک.»

بەڵام دوورکەوتنەوە و وازهێنانی لاش نۆرێن لە شیعر پووکانەوەی تواناکانی ئەم نووسەرە ناگەیەنێت، بەڵکو ئەو جیهانە چڕە، وشە زبرەکان و شیعریەتی نووسینەکانی، سەرلەنوێ لە دونیای شانۆ و شانۆنامەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

## شانۆ و دەستپێکێکی تر

لاش نۆرێن دەزانێت بە تەنها بە وشەکانی، وێنە ئاڵۆزە شیعرییەکانی، جیهانە تاریک و پرسیارە بێ وەڵامەکانی، ناتوانێت ڕووبەڕووی دەروونی خۆی ببێتەوە، ناتوانێت ببێتە دەربڕی ناوەوەی خۆی و دەوروبەرەکەی، بۆیە هەر لەو دووڕیانەدا واز لە شیعر دەهێنێت و ڕوو دەکاتە شانۆ.

لاش نۆرێن لە شەستەکاندا کۆمەڵێ شانۆنامە دەنووسێت، لە شانۆنامەکانیدا شیعر و دراما لە یەکەیەکی ئۆرگانی و بنەماکانی شیکردنەوەی دەروونیدا تێکەڵاو دەکات. هەر لە سەرەتاوە دونیای ناوەوەی مرۆڤ دەبێتە ئامرازێکی باڵای ئەو شانۆ نوێیە و ئەو سەرەتا پتەوەی لاش نۆرێنی شانۆنامەنووس. ژان و

پەژارە لەوانەیە یەکێک بێت لە سیما سەرەکییەکانی دەقە شانۆییەکانی ئەم نووسەرە، لەو ڕوانگەیەوە ژیان لە پانتاییەکی ڕەشدا دەبێتە زیندەخەونێکی بێئارام، مەسەلەکانی سێکس و سێکسەنازیش، وەک دوو جەمسەری تری دژبەیەک، بارێکی دڕندەئاسا لە لای پاڵەوانەکانی دەخولقێنن. هەروەها نۆستالگیا، یادەوەری، تێڕوانینێکی ڕەشبینانە بۆ ژیان، بێزاری، تەڵەزگەکانی خێزان، بە تایبەت پێوەندییەکانی دەسەڵاتی دایک و باوک، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژ و یاخیبوون لە باوکسالاری و پابەندبوون بە دایکەوە، توخمە سەرەکییەکانی دەقەکانی ئەم نووسەرە پێکدەهێنن. لاش نۆرێن هەنگاوبەهەنگاو دەرگا بە ڕووی شوێن، زەمەن و تەنانەت بوون و بوونەوەری نوێدا دەکاتەوە. زەمەن سنووری تەمەنی کارەکتەرەکانی دەبەزێنێت و لەم زەمەن و شوێنانەدا خود، کارەکتەرەکان، بەبێ بەربەست بەریەک دەکەون و ئەزموونی ژیانیان دەخەنە ڕوو. ئەوەی ئەو کەسایەتییانەیش کۆدەکاتەوە، ئەوەیە هەموویان لەو شوێنانەدا گیریان خواردووە و توانای دەربازبوونیان نییە، هەروەک کەسایەتییەکانی چێخەف، کە حەز و هیوای ئەوان نییە و ژیان بە تەواوی ڕێچکەیەکی تری گرتووە.

لاش نۆرێن بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٣دا بە شانۆنامەی (ماستاوچی) دەرگای شانۆکانی بۆ دەکرێتەوە، دوای ئەوە یەک دوو شانۆنامەی تر دەنووسێت، بەڵام هیچ کام لەو شانۆنامانە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنن. ئەم نووسەرە زیاتر لەنێوان ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەهرەی نووسینی شانۆنامەکانی گەشە دەکات، دید و وێنا و هزری هونەریی پەرەدەستێنن و هەر لەو قۆناغەیشدا کۆمەڵێک دەقی گرنگ و سەرکەوتوو دەنووسێت.

لاش نۆرێن لە شانۆنامەی (جورئەتی کوشتن) ١٩٧٨ و (ئۆریستێس) ١٩٧٩دا دەتوانێت تراژیدیایەکی نوێ بخوڵقێنێت، تراژیدیایەک، کە لە ستراکتور و تراژیدیای گرێکییەوە سەرچاوەکانی وەردەگرێت. لەم دوو شانۆنامەیەدا، زۆر سەرکەوتوانە و بە سەلیقەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر (ئۆرێستیا)ی ئیسخیلۆس و (ئودیبی پاشا)ی سۆفۆکلیس و بە شێوەیەکی تر، مۆدێرن و بۆ کۆمەڵگەی سوێدی و دونیایش دایان دەڕێژێتەوە.

ئازایەتیی پیاوکوشتن، باسی سەردانی باوکێک دەکات بۆ لای کوڕەکەی، ئەم باوک و کوڕە پێوەندییەکی باشیان بە یەکترەوە نەبووە و هەرگیز

تەڵەزگە و کێشەکانی نێوانیشیان یەکلا نەکردووەتەوە، سەردانەکەیش دەبێتە هۆی تەنگپێهەڵچنین، سەرکوتکردن و بێزارییەکی بێسنووری کوڕەکە (ئێریک) و لە ئەنجامدا ئێریک چەقۆ لە باوکی هەڵدەگرێت و دەستەویەخە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە. لاش نۆرێن لەم دوو شانۆنامەیەدا (جورئەتی کوشتن و ئۆرێستێس) دوو زەمەنی جیاواز و دوو کارەساتی پیاوکوشتن، یان بوێری و هەوڵی باوک کوشتن بەرجەستە دەکات.

لە (جورئەتی کوشتن)دا زەمەنی ڕابردوو و زەمەنی ئێستا، لە دەروازەی میتۆلۆژیای گریکییەوە تێکەڵاو دەکات و تراژیدیایەکی مۆدێرن لە شانۆی هاوچەرخی سویدیدا دەخوڵقێنێت. لەم دوو شانۆنامەیەدا گرێی دەربازبوون و بوێریی کوشتنی فەرزەند و باوان هۆکارێکی ڕاستەوخۆ و سمبۆلێکی باڵا و دەروازەیەکی بە بەهای سەرەتای دراما خێزانییەکانی لاش نۆرێن پێک دەهێنن. کلیلی هەموو کێشەکانی شانۆی لاش نۆرێن لە هەشتاکانی هەزارەی ڕابردوودا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەبارەت بە ڕووخانی بنەماکانی خێزان و هەڵوەشاندنەوەی پێوەندییەکانی دایک و باوکە. ئەم کێشەیەش لە هەموو شانۆنامەکانی

تری ئەو قۆناغەدا و لە فۆرم و ناوەڕۆکی جیاوازدا ڕەنگ دەداتەوە و دووبارە دەبنەوە.

لاش نۆرێن ساڵی ١٩٨٢ بە شانۆنامەی (شەو دایکی ڕۆژە) و ساڵی ١٩٨٣ بە شانۆنامەی (پشێوی دراوسێی خوایە) دەبێتە نووسەرێکی گەورە و ناسراوی سویدی، هەردوو شانۆنامەکەیش لە بیۆگرافیا و ژیانی تایبەتی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتووە. لاش نۆرێن لەم دوو شانۆنامەیەدا باسی هەرەسهێنان، پەرتەوازەبوون و ڕیشەکێشبوونی قەوارەی خێزانێک لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٦ بۆ ١٩٦١دا دەکات. دەقی (شەو دایکی ڕۆژە) هەر تەنها شانۆنامەیەک نەبوو، بەڵکو بووە ستراکتورێکی ئەو هەستە بێئۆقرەیی و بێلانەییە، کە بنەما خودگەراییەکانی بۆ هەموو بەرهەمەکانی دواتری نۆرێن داڕشتووە. لەم سەرەتایەدا باوکێکی بەدمەست دەردەکەوێت، دایکێکی زۆر نەخۆش دەمرێت و خۆیشی لەگەڵ براکەی لە ململانێیەکی سەختدایە.

ڕووداوەکانی (شەو دایکی ڕۆژە) ساڵی ١٩٥٦ لە هۆتێلێکی کۆنی شارێکی بچووکدا ڕوو دەدەن، خێزانەکەیش بریتییە لە دایک و باوک و هەردوو کوڕەکەیان. ئەم خێزانە بە شێوەیەکی سەیر پێکەوە بەستراونەتەوە و بە هیچ شێوەیەک هەست ناکەیت، کە

پێویستیان بە پێوەندییەکانی دونیای دەرەوە هەبێت؛ خۆشەویستی، ڕق، بێزارییەکی کوشندە کۆیان دەکاتەوە و باوکەکە بەدمەستە و هەمیشە شەڕ و هەرا لەنێوانیاندایە.

بەڵام ڕووداوەکانی (پشێوی دراوسێی خوایە) لە گۆشەنیگایەکی ترەوە باسی هەمان خێزان دەکات: هێلین دایکی ئەم خێزانەیە و بەردەوام نەخۆشە و لە نەخۆشخانەکان کەوتووە، بۆ ماوەیەک پشوو وەردەگرێت و نەخۆشخانە جێ دەهێڵێت و لەگەڵ هەردوو کوڕەکەی (فرانک و ڕیکی) دەگەڕێنەوە بۆماڵەوە. ڕیکی وەک هێلینی دایکی لە نەخۆشخانەی دەروونییەوە، دوای ئەوەی هەوڵی خۆکوشتنی خۆی داوە، دەگەڕێتەوە. کۆبوونەوەی ئەم خێزانە، دایک و باوک و هەردوو کوڕەکەیان پڕە لە ترس، دڵەڕاوکێ، نیگەرانی، خەم، قینێکی بەردەوامی هەڵچوو، خۆشەویستی و دوژمنکاری. دوای ئەوەی کە کوڕە بچووکەکەیان (ڕیکی) باسی هۆمۆسیکسیۆلیی خۆی دەکات، ڕەوشەکە هێندەی تر ئاڵۆز دەبێت و پێوەندیی نێوانیان دەگاتە ئاستی تەقینەوەیەکی گەورە بە ڕووی یەکتردا.

ئەم شانۆنامانە بە دەقەکانی (هۆتێل)یش ئاماژەیان بۆ دەکرێت، کارەکتەرەکان لە هۆتێلێکدا دەژین و هەر

خۆشیان خاوەنی ئەو هۆتێلەن، لاش نۆرێن ئەم دەقانەی لەژێر کاریگەریی نووسەر و شانۆنامەنووسی ئەمریکایی (یۆژین ئۆنێل)دا نووسیوە، بۆ نموونە (پشێوی دراوسێی خوایە) ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای شانۆنامەی (سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو)ی یۆژین ئۆنێلە. ئەم سێ شانۆنامەیەش: شەو دایکی ڕۆژە، پشێوی دراوسێی خوایە، دواتریش دەقی (ئارامی) پێکەوە سێینەیەکی درامایی پێکدەهێنن و لاش نۆرێن لە ڕوانگەی ڕێبازی سروشتگەرایی و دەروونییەوە نووسیونی. لە هەمان کاتدا ئەم دەقانە جۆرە هەڵوەستە و مامەڵەکردنێکی مۆدێرنە لەگەڵ گرێی ئۆدیب و پێوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوان منداڵ و پێگەی دایک و باوکدا دەخەنە ڕوو.

لاش نۆرێن لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩٥دا (دەقە مردووەکان) دەنووسێت، ئەم شانۆنامانەیش بریتین لە چواردە دەقی ڕەشی شانۆیی و لە چوار بەرگدا بڵاو کراونەتەوە. لاش نۆرێن لەم دەقانەدا، وەک دەروونناسێکی شارەزا زۆر بەوردی جیهانی بۆرژوازی و ناواخنە قووڵە دەروونییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی نوێی سوێدیی شی کردووەتەوە و دەیانخاتە ڕوو.

نووسەر سەبارەت بە دەقەکانی ئەم قۆناغەی خۆی دەڵێت: «من خۆم سەرسامم بە دەقە بۆرژوازییەکانم،

بەتایبەتی زمانی ئەو شانۆنامانە، ئەو شێوازەی بۆرژوازییەکان قسەی پێ دەکەن، لە خێزانە بۆرژوازییەکاندا، کارەکتەرەکان، حاڵەتە خەفەکراوەکان و درۆکانیان زۆر ئاشکران».

**قۆناغی نەوەدەکان و وەچەیەکی نیگەران**

لە سەرەتای نەوەدەکانی هەزارەی ڕابردووەوە دابڕانێکی گەورە لە شێوازە دەروونی و ناتورالیزمییە خێزانییەکەی لاش نۆرین بەدی دەکرێت، لەم قۆناغەدا، فۆرم، زمان، پانتایی شانۆنامەکانی، تەکنیک و خودی کارەکتەرەکانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و سەرانسەرییان بەسەردا هاتووە. (لاش نۆرێن لەم قۆناغەدا جاربەجار دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەکانی خێزان، بەڵام لە بۆچوون و دیدێکی فراوان و جیاوازترەوە) بۆ نموونە لە شانۆنامەی (Personkrets 3.1)، کە بەشی یەکەمی سێینەی (مەرگی چینایەتی)یە، لە گرفتەکانی خێزان و پێوەندییەکانی باوک و دایک دوور دەکەوێتەوە. لەم شانۆنامەیەدا گۆڕانکارییەکی جیاواز لە ڕەوتی شانۆنامەکانی لاش نۆرێندا ڕوو دەدات، شانۆیەک دەروازەیەکی ڕوون و جیاواز بە ڕووی پرس و گرفتە چینایەتییەکاندا دەکاتەوە؛ بۆ نموونە لەم شانۆنامەیەدا

لەنێو خودی ماڵە بۆرژوازییەکان دێتە دەرەوە و دونیایەکی تر دەخولقێنێت و دەرگایەکی تر بە ڕووی شانۆیەکی ڕامیاری چینایەتی و لە هەمان کاتدا دەروونیدا دەکاتەوە. شوێنی ڕووداوەکانی شانۆنامەی (Personkrets 3.1) وێستگەی شەمەندەفەری نێوەندی شار و ئەو سنوورانەیە، کە لاوە بێلانە، پەرپووت، بەدمەست و تلیاکخۆرەکانی تێیدا کۆ دەبنەوە.

لاش نۆرێن خۆی هەڵوێستەیەکی قووڵ لە تەک ئەو کەسایەتییانەدا دەکات و بە ڕۆڵەی خێزانە بۆرژوازییەکانی دەقی هەشتاکانی خۆی ناوزەدیان دەکات. ئەو کەسایەتییە گەنجە بێلانە و بەدمەستانە کوڕی ئەو خێزانە هەڵوەشاوانەن، ئەو کەسایەتییانە هەمیشە لە پاڵ دیوار و لەبەر پەنجەرە و لەنێو ژوور و پێوەندییەکانی ئەو خێزانە پڕ لە پشێوییانەدا هەبوون و هەر لەو ماڵانەیشدا گەورە بوون.

ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٩٨ بەدواوە زیاتر دێتە سەر شەقام و کۆلان و کون و قوژبنەکانی ستۆکهۆڵم و شارە گەورەکانی تری سوێد. لەم شانۆنامانەدا تلیاکخۆر، بەدمەست و خەڵکانی دەرەوەی پلاتفۆرمم و سیستێمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی سوێدی دەخاتە

ڕوو، ئەو کەسانەی، کە هیچ دەنگێکیان نییە و کەوتوونەتە پەراوێز و نزمترین ئاستەکانی کۆمەڵگەوە.

بەشی دووەمی ئەم سێینەیە شانۆنامەی (ئەو کوڕانەی سێبەرن) ١٩٩٩، لاش نۆرێن لەم دەقەیدا، شێواز و فۆرمە شانۆییەکەی بەرەوپێشەوە دەبات و بە دوای شوێن و ڕێگەچارەیەکی تر و جیاوازدا دەگەڕێت. لەم شانۆنامەیەدا کۆمەڵێ تاوانبار و نەخۆشی دەروونی پێکەوە لەبەندیخانەیەکدا کۆ دەکاتەوە. (ئەو کوڕانەی سێبەرن) حەوت کارەکتەر لەخۆ دەگرێت: حەوت کەس، کە کۆمەڵێک تاوانی گەورەیان کردووە و بۆ ماوەیەکی نادیار لە پشت دیوارە بەرزەکانی بەندیخانەکانەوە توند کراون. جیهانێکی نادیار، گرێی دەروونی، گرفتی کۆمەڵایەتی و ماددی ئەو کەسانە بەرجەستە دەکات، کە لە دەرەوە و لە پەراوێزی کۆمەڵگەیەکی بۆرژوازیدا دەژین و بە شێوەیەکی دڕندانە دەچەوسێنرێنەوە. شانۆنامەکەیش مێژووی شانۆنامە خێزانییەکانی لاش نۆرێنە و کارەکتەرەکانیش بەرئەنجامێکی ئاشکرای ئەو کوڕانەن، کە بە درێژایی زەمەنی گەشە و گەورەبوونیان لەژێر پێگەکانی باوکسالاریدا سەرکوت کراون.

لاش نۆرێن لەم دەقانەیدا زۆر بە وردی باسی مەسەلەکانی تاوان، سزا و کۆمەڵگە مەدەنییە

مۆدێرنەکانیش دەکات، لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، خێزان و گەڕەکە بۆرژوازییەکان بەجێ دەهێڵێت و زیاتر شانۆنامەکانی سیمایەکی چێخەفئاسا لەخۆ دەگرن و بیرەوەری و جیهانە شیعرییە شاراوەکان بەرجەستە دەکەن.

شانۆنامەی (مەخلوقە یەکرۆژییەکان) ساڵی ۱۹۹۰ نووسیویەتی بە سەرەتای ئەم قۆناغە دادەنرێت و لە (دەقە ڕەشەکان)یشدا، کە ساڵی ۱۹۹۵ نووسیونی، لە ڕابردووی خێزانەوە ڕوو دەکاتە کۆمەڵگەیەکی پەرتەوازە و سەرلێشێواو و بێلانە.

لاش نۆرێن خۆی سەبارەت بە ڕەوتی نووسینە شانۆییەکانی دەڵێت: «پرۆسەی نووسینم گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، نووسینەکانی ئێستام هیچ زەمەنێکی دیاریکراو لەخۆ ناگرێت. من لەو بڕوایەدام ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بە تەمەنەوە هەبێت، من ئێستا شەستویەک ساڵم، بۆ نموونە ئێستا خەریکی شانۆنامەیەکی تازەم سەبارەت بە ژن و پیاوێکی بەتەمەن، کە خەریکی ماڵگواستنەوەن. لە هەمان کاتدا ژن و پیاوێکی گەنج دەگوێزنەوە هەمان خانووبەرە، شتەکانیان کۆدەکەنەوە و پەردەی ژوورەکانیان دادەگرن، دوای سەعاتێک تێدەگەین، کە

هەردوو ژن و مێردەکە هەر یەکێکن، بەڵام ماوەی بیست ساڵ لەنێوان هەردوو گواستنەوەکەدا هەیە».

## ئێگزیستێنتیالیزم و مەرگی مرۆڤ

لاش نۆرێن ساڵی ٢٠٠١ شانۆنامەی (نۆڤێمبەر) دەنووسێت و هەر خۆیشی لەسەر شانۆی نەرویژی لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویژ پێشکەشی دەکات. لاش نۆرێن بە نووسینی ئەم دەقە پێ دەنێتە قۆناغێکی تری جیاوازەوە، دەقی (نۆڤێمبەر)یش بەشی یەکەمی سێینەیەکی تری ئەم نووسەرەیە و هەرسێ بەشەکەیشی لە مەدارەکانی مردن و چەمکەکانی جیهانی ژیان و مەرگدا دەسووڕێنەوە. فۆرمی زمان و بەکارهێنانی ڕستە و وشەکانی ئەم دەقانە و تەکنیک گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هاتووە. دەقەکانیش ستراکتورێکی خەونئامێز، ئەپسورد و جیهانێکی خودی ئێگزیستینتیالیزمی لەخۆ دەگرن، لە هەمان کاتدا بێدەنگییەکی ترسناک لەنێوان دیالۆگ و کەسایەتییەکاندا مەودای ڕووداوەکان داگیر دەکات. شانۆنامەی (نۆڤێمبەر) باسی چوار مرۆڤ دەکات، کە دوای مەرگیان و لەو دونیا بەئاگا دێنەوە، ئەم مرۆڤانە لە دونیایەکی ترن و دەزانن هەرگیز جارێکی دی ناتوانن

بگەڕێنەوە تا ژیانی خۆیان بە ئاڕاستەیەکی تر بگۆڕن؛ کارەکتەرەکانی هۆشیارن بە مەرگی خۆیان، بەڵام نایانەوێت بنوونەوە، یان بە مانایەکی تر بمرنەوە، تا هەموو گرفتەکانیان بە تەواوی چارەسەر نەکەن، ئەو گرفتانەی لە ژیاندا هەیانبووە و بەبێ چارەسەر ماونەتەوە.

شانۆنامەی (نۆڤێمبەر) لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ شانۆنامەی (پەرجوو) یەک دەگرێتەوە، پەرجوو بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٨٨ لە شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکرێت. ئەم شانۆنامەیە زۆر نزیکە لە ئەتمۆسفێر، دونیا و دیدی شانۆنامەکانی (بێکێت)ەوە و ڕێگەچارە و خستنەڕوویەکی تری جیاوازی چەمکی (چاوەڕوانی)یە. شانۆنامەکە باسی کۆمەڵێک مرۆڤ دەکات، کە لە شوێنێکی نادیاردا گیریان خواردووە، شوێنێک لەنێوان ژیان و مەرگدا؛ چاوەڕوانیش تەنیا فریاگوزار و داڵدەی ئەم کارەکتەرانەیە، ئێمەی مرۆڤ چاوەڕوانی چین، مەرگ یاخود فریاگوزار، پێغەمبەرێکی تر یان موجیزەیەکی چاوەڕواننەکراو؟ ئەوەی پێویستە ئاماژەشی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە ئێمەی مرۆڤ لە چاوەڕوانییەکی بەردەوامداین تا ئەو ڕۆژەی دەمرین، مەرگیش بۆ خۆی

چاوەڕوانییەکی ئەبەدیی مرۆڤە. هەموو شانۆنامەکە لە خەونێکی تۆقێنەر دەچێت و لە لێوارەکانی مەرگ و ژیاندا دەگوزەرێت.

لاش نۆرێن لە ساڵی ٢٠٠٢دا شانۆنامەی (ئاوی وەستاو) دەنووسێت. ئاوی وەستاو، وەکو ئاوێنەیەکی شکاو، هەزارەها پارچە و هەزارەها وێنەی جیاواز جیاواز، لە هەمان کاتیشدا ڕوون و ئاشکرا لەخۆ دەگرێت، بەڵام دابڕانێکی ترسناک و درزێکی گەورە لەنێوان ئەو وێنانەدایە، ئەو ترسەیش ترسی مەرگە! کارەکتەرەکانی شانۆنامەی ئاوی وەستاو، هەر وەکو شانۆنامەی (نۆڤێمبەر) مردوون و ڕووداوەکانیش لە دونیایەکی تردا ڕوو دەدەن. لاش نۆرێن خۆی دەڵێت: (ئاوی وەستاو باسی مەرگ دەکات لە خودی ژیاندا، ئەو ساتانەی مرۆڤێک لە ژیاندا دەمرێت، هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت؛ هەندێک جار ڕوو دەدات هاوڕێیەک، کەسوکارێکی نزیک دەمرێت؛ بەمەیش هەموو هیواکان دەمرن یان مەرگی عەشقێک، مردنی خۆشەویستیی نێوان دوو دڵدار، ئەو عەشقەی، کە پێش ماوەیەک پڕ بوو لە حەز، خۆشەویستی، خۆشی و ژیان، لەپڕ دەمرێت).

کە مرۆڤ باسی مەرگ دەکات، لە هەمان کاتدا لە ژیانیش دەدوێت، ناکرێت ژیان و مەرگ لەیەکتری جیا

بکرێتەوە. لاش نۆرێن دەیەوێت لەم شانۆنامەیەدا بە وشە و وێنە و بە خولّقاندنی جیهانێکی شیعرئامێز گەردوونێک بەرجەستە بکات، کە ناکرێت بە هیچ شێوەیەک وێنا بکرێت و بخرێتە چوارچێوەی خەیاڵەوە. (ئاوی وەستاو) بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا و هەر لە ڕیژی لاش نۆرێن خۆی پێشکەش دەکرێت، دوای ئەوە بە سوێدی و لە ستۆکهۆڵم و لەسەر شانۆی (جوولەکە) لە لایەن لاش نۆرێنەوە پێشکەش دەکرێتەوە.

لاش نۆرێن دوای شانۆنامەی (ئاوی مەنگ) بە شانۆنامەی (مۆسیقای بێدەنگ) برەو بە چەمک و فەلسەفەی مەرگ دەدات، لەم ڕووەوە دەڵێت: «ئێستا مەرگ بە لای منەوە زۆر ڕوون و ئاشکراترە، من خۆم بەرەو دوا قۆناغەکانی ژیانم دەڕۆم، هەر لەبەر ئەوەیشە بە شێوازێکی زۆر جیاوازتر بیر لە مەرگ دەکەمەوە».

مۆسیقای بێدەنگ کۆتایی ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی لاش نۆرێن نییە، مەرگ و ژیان، ژیان و مەرگ لە بۆتەی پێوەندییەکانمان، لەنێوان خێزان و خانە چڕ و ڕووناک و تاریکەکانی ژیانماندا زۆر بە خێرایی گوزەر دەکات.

شانۆنامەکانی (تەرمینالّ)یش گوزارشتێکی بروسکەئاسای ئەو حالّەتەیە، تەرمینالّ دوا دەق و ئەزموونی لاش نۆرێنە و تا ئێستا چواردە تەرمینالّی نووسیون، تەرمینالّیش بۆ لاش نۆرێن مانای گەشت و هەروەها بەرئەنجام و کۆتایی ئەو گەشتانەیش دەگەیەنێت، گەشتێکی بەردەوام و جووڵانەوەیەکی ئەبەدی و ناکۆتا. لەم گەشتانەدا پێوەندییەکانی خێزان، تێپەڕبوونی کات و بیربڵاوی گوزارشت لە پیری و مەرگ دەکەن، کات و بیرەوەری و یادکردن، سیمای کارەکتەرەکان، پانتایی ژوورەکان و خودی ڕووداوەکان بەرجەستە دەکەن. لەم دەقانەدا کۆتاییەکان سەرەتا و دەستپێکی نوێ و تری ڕووداوەکانە. لە تەرمینالّدا کات یادەوەری و ئێستا پێکدا دەچن و زۆر بە وریایی تێکەڵاو دەبن، بۆ نموونە ڕووداوەکان لە تەرمینالّی سێدا لە ژوورێکی چاوەڕوانیی نەخۆشخانەیەکدا دەست پێ دەکەن. دوو خێزان لەم ژوورەدا بەدیار چاوەڕوانییەکانی خۆیانەوە دانیشتوون، خێزانێکیان چاوەڕوانی مەرگە و خێزانەکەی تریشیان چاوەڕوانی ژیانە. ژنی خێزانە گەنجەکە دووگیانە و لە نەخۆشخانەن و چاوەڕوانی منداڵبوون دەکەن، بەڵام

خێزانەکەی تر، کە بەتەمەنترن چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی لاشەی کوڕە مردووەکەیان دەکەن. ئەم دوو خێزانە لەگەڵ یەکتر قسە ناکەن، بەڵام پێوەندییەکی سەیر، لێک نزیکبوونەوەیەکی جیاواز و ڕیتواڵێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

لە تەرمیناڵی حەوتدا دایکی خێزانێک تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە و منداڵەکانی لەدیدەنییەکی چاوەڕوانکراودا، سەردانی دایکە نەخۆشەکەیان دەکەن. دیالۆگ و یادەوەرییەکان تێکەڵاو دەبن، ڕابردوو لە پرۆسەیەکی چڕدا دەبێتە ئێستا و کارەکتەرەکان لە دووتوێی گەمەیەکی ئازاراویدا ڕووبەڕووی یەکتر و خۆشیان دەبنەوە. ئەم دوو تەرمیناڵە بە شێوەیەکی زۆر ساکار، لە هەمان کاتدا گران و پڕ لە ئازار و ژان، باسی ژیان، پێوەندییەکانی منداڵ بە دایک و باوانەوە، پرۆسەی منداڵبوون، گەورەبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ دەکەن.

(مۆسیقای بێدەنگ) شانۆنامەیەکی زۆر کورتە و بە بێدەنگی و زۆر بە خێرایی بەرجەستەی مەرگ، ژیان، ئازارەکانی مرۆڤ و تەنهاییمان بۆ دەکات. پرسە ئیگزیستێنتیالیزمەکان و چەمکەکانی زەمەن لە بێدەنگیدا گوزارشت لە ئازارە قووڵەکانی تەنهایی، دابڕان و مەرگ لە ناوەڕاستی تەمەندا دەکات. لاش نۆرێن بە پێچەوانەی سەرەتاکانی ڕەوتی شانۆنامەکانییەوە، کە وشە ڕۆڵێکی گەورەی دەگێڕا، ئێستا بێدەنگی لە (مۆسیقای بێدەنگ) و زۆربەی شانۆنامەکانی تری ئەم قۆناغەدا، توخمێکی گرنگی تەکنیکی دەقەکانیەتی.

مۆسیقای بێدەنگ، لە سێ بەش پێکهاتووە و لەم سێ بەشەیشدا خەم و یادەوەرییەکان، ژیان و مەرگ کۆدەکاتەوە. تەنها لە مەرگ و خۆشەویستیدا، لە عەشقدا خۆمان دەبینین، سێ دیمەن، هەرسێکیان دوای مردن و بەخاکسپاردنی کەسانێکی خۆشەویست دەست پێ دەکات، دووانیان مەرگی منداڵی کەسایەتییەکانە. سەرەتای دیمەنی یەکەم بە خەمی (ئولۆڤ و یوهانە) دەست پێ دەکات. ئەم خێزانە کوڕە تەمەن دە ساڵییەکەیان (ئێریک) بە ڕووداوێکی دڵتەزێنی ئۆتومۆبێل کۆچی دوایی کردووە. دوای مەراسیمی بەخاکسپاردنەکە (یوناس)ی هاوڕێیان لەگەڵیان دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. ئولۆڤ و یوهانە زۆر

باش دەزانن، هەر ئەوەندەی یوناسی هاوڕێیان ڕۆیشت، بێدەنگی و ترس هەموو گیانیان دەکرۆژێت. لە کاتێکدا، کە مەرگ زۆر کتوپڕ دەستەویەخەی مرۆڤ دەبێتەوە، هەستی تەنهایی و لە ژیان دابڕان و خەمێکی گەورە دەبێتە ڕاستییەکی ڕەها، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت ژیان لە دەورانی خۆی بەردەوام بیت. مۆسیقای بێدەنگیش باسی ئەو ڕەوش و حاڵەتە دەکات، کە چۆن مرۆڤ بتوانێت دوای کارەسات و کاتە دڵتەزێنەکان، دوایماڵئاوایی هەتاهەتایی خۆشەویستان، بەردەوامی بدرێت بە ژیان. باسی ئەو برینانە دەکات، کە وا لە مرۆڤ دەکەن لە یەکتر دوور بکەونەوە، یان بە پێچەوانەوە لە یەکتر نزیک ببنەوە. زۆر جار مەرگ دیوار و سنوورێکی گەورەی بێدەنگ لەنێوان مرۆڤدا دروست دەکات، مرۆڤ لەم ساتانەدا دووچاری هەست بە تەنهایی و نامۆبوونێکی ترسناک دەبێت. هەمیشە دوای مەرگی کەسێکی نزیک و خۆشەویست ئەم پرسیارانە خۆیان قوت دەکەنەوە، چۆن بتوانین ئەو کەسە خۆشەویستە لە یاد بکەین؟ چۆن بتوانین یادەوەرییەکانمان لە بیر بچێتەوە؟ چۆن بتوانین لە ژیاندا بەردەوام بین؟ چۆن بتوانرێت ڕێگەی ژیانە ڕۆژانە ئاساییەکەی بەر لە کارەساتەکە بدۆزینەوە؟

ڕووداوەکانی شانۆنامەی (مۆسیقای بێدەنگ) لە ماوەی بیست ساڵدا ڕوو دەدەن و ژیانی چوار مرۆڤ بەرجەستە دەکەن، کە لە نزیک مەرگەوەن. لەم شانۆنامەیەدا مەرگ لە چەقدایە و دەستی ناوەتە بینەقاقای هەموو کارەکتەرەکان، بەڵام بە هەمان شێوە باسی ژیانیش دەکات. بوونی مەرگ وا لە مرۆڤ دەکات، کە بە شێوەیەکی تر بیر لە ژیان و مەرجەکانی ژیان بکاتەوە، بە ئامادەبوونی مەرگ ژیانیش ئاشکراتر، کۆنکریتتر دەبینرێت. مردن زۆر نزیکە، لەوانەیە زۆر بە ئاسانی ژیان لە دەست بدەین، چەندە لە مردن نزیک دەبینەوە، هێندەیش لە ژیان نزیک دەبینەوە.

لە مۆسیقای بێدەنگدا، بێدەنگی لەنێوان وشەکاندا بێ هەدادان دەردەکەوێت، سێبەری مەرگ و سێبەری خەم لە ڕوانگەی بێدەنگی و مۆزیکێکی بێدەنگیشەوە دەدوێت و وەک بەسەرهاتێکی تایبەت بە خۆی، سەبارەت بە ژیان و مەرگ مامەڵە لەگەڵ کەسایەتییەکان دەکات.

**یوناس**

فەرموو

**ئۆلۆڤ**

سوپاس

(وچان)
بەڵێ، وا دیسان لەماڵەوەین.

**یوهانە**

ئا، بە ڕاستی!

**ئۆلۆڤ**

شتێکی سەیرە.

**یوهانە**

چیی شتێکی سەیرە؟

**ئۆلۆڤ**

پێت وا نییە شتێکی سەیر بێت؟

**یوهانە**

ئاخر چیی؟

**ئۆلۆڤ**

لە ماڵەوە بوون! شتێکی سەیرە، کە دووبارە لە ماڵەوەین. هەروەک نە با بووبێت و نە بۆران.

**یوهانه**

مەبەست چییە؟ نە با بووبێت و نە بۆران؟

**ئۆلۆڤ**

ئۆهوو. هەموو شتێک وەکو خۆیەتی... هەروەک هیچ ڕووی نەدابێت... تا بڵێی کشوماتە.

**یوناس**

پاڵتۆکەت لێ وەربگرم؟

**یوهانه**

ها؟

**یوناس**

ناتەوێت پاڵتۆکەت داکەنی؟

**یوهانه**

با، بەڵێ... بێگومان دەمەوێت. هەر ئێستا دایدەکەنم.

ئەم دیالۆگەی سەرەتای شانۆنامەکە و دوای بەخاکسپاردنی کوڕەکەیان، ئامادەبوونی مەرگ، بێدەنگی و خەمێکی گەورە دووپات دەکاتەوە، وشەکان لەنێوان قسەی ئاسایی ڕۆژانە، وڕێنە و کشوماتییەکی ترسناکدا کارەکتەرەکان ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ڕەهایە دەکەنەوە، کە ئەوان دەیانەوێت خۆیانی لێ دوور بخەنەوە. یوناسیش وەک هاوڕێیەکی دێرین، بێدەسەڵات، لەنێوان بێدەنگی و ترسی مەرگدا ڕاوەستاوە تا دڵیان بداتەوە و دڵنەواییان بکات.

**یوهانە**

زۆر بەختیارم بەوەی کە تۆ... کە تەنها تۆ لەگەڵمان هاتیتەوە بۆماڵەوە. خۆش بوو، کە تۆ توویت...

**یوناس**

سوپاس.

**ئۆلۆڤ**

بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت شتەکە تەواو بوو. هەمووان ماڵئاواییان کرد.

**یوهانه**

دەبووایە پرسیارمان لە چەند کەسێکی دیکە بکردایە.

**ئۆلۆڤ**

وایە... ڕاست دەکەی.

**شانۆنامەی مۆزیکی بێدەنگ**

کات چەمک و ئامڕازێکی زۆر توندوتیژە، بێباکە، زۆر خێرا گوزەر دەکات و لە ئەنجامدا هەموومان بەرەو نەبوون دەبات؛ کات لەم دەقەدا دێتە پێشەوە، ئامێز دەکاتەوە و ئەوانەی لە ژیاندان و تەنانەت مردووەکانیش زۆر بێبەزەییانە لە دوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێت. بۆ نموونە لەم سەعاتەدا، کە ڕووداوەکانی دەقەکە تێدەپەڕێت، کارەکتەری یوهانە فریای ئەوە دەکەوێت دوو منداڵی لەدەست بچێت و سێ جاریش شوو بکات. وەک لەوەوپێش ئاماژەمان بۆ کرد ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لە ماوەی بیست ساڵدا ڕوو دەدەن. هەر دوای دیمەنی یەکەم زەمەن زۆر بە خێرایی تێپەڕیوە و بیست ساڵ ڕووداوەکانمان لە دوای خۆمانەوە بەجێ هێشتووە، یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی

ئەم شانۆنامەیە ئەو فۆرم و سەلیقە بەتوانایەی نۆرێنە لە بەکارهێنان و چڕکردنەوە و بەرجەستەکردنی چەمکی زەمەندا.

لە دوای دیمەنی یەکەمەوە یان هەر لە خودی دیمەنی یەکەمەوە، هێدی هێدی وتووێژەکان لەنێوان قسەی ئاسایی ڕۆژانەدا تێکەڵاوی یادەوەری و خەم و پەژارەیەکی زۆر قورس دەبێت، لەپڕ ئافرەتێک دێتە سەر شانۆ، بە هاتنەژوورەوەی ئەم ئافرەتەیش شانۆنامەکە چەندین ساڵ دەچێتە پێشەوە و زەمەن تێپەڕیوە. ئۆلۆڤ لەگەڵ یوهانە لێک جیابوونەتەوە و لەبری ئەوە لەگەڵ کارین زەماوەندی کردووە، یوهانەیش شووی بە یوناس کردووە و منداڵێکیشیان هەیە، کچەکەی یوهانە لە مێردی دووەمیشی مردووە. لێرەوە ململانێ و ڕکەبەرایەتیی ژنەکە و ژنە کۆنەکەی ئۆلۆڤ بەرجەستە دەبێت، لە هەمان کاتدا بێمانایی ژیانی ژن و مێردایەتی نێوان یوناس و یوهانە دەردەکەوێت. ئۆلۆڤ بەرەو پیربوون دەچێت، کاتەکان تێکەڵاو دەکات و شتی بیر دەچێتەوە.

(ژوورەکە لەسەرخۆ ڕووناک دەبێتەوە. کارین لە ژوورەکەیە. لەوانەیە هەمیشە هەر لەوێ بووبێت هەڵدەستێتە سەر پێ، دەچێتە لای کتێبخانەکەوە،

هەندێک لەو کتێبانە چاک دەکاتەوە، کە بە شێوەیەکی هەڵە دانراون).

**کارین**

ئێوە زۆر خۆشگوزەرانن لەو خوارە.

**یوناس**

بڵێم چی... ڕاست دەکەیت.

**کارین**

شتێکی خۆشە پیاو ماڵێکی هەبێت و ڕووی لێ بکات... هەرچەند پیاو فریای ئەوە ناکەوێت هێندەی خۆی ئارەزوو دەکات لەوێ بێت. لە پاییزی ڕابردوودا فریای ئەوە نەکەوتین بڕۆین. بیرمان لەوە دەکردەوە، کە هەموو سێوەکان بنێرین بۆ کارگەی شەربەت دروستکردن، بەڵام بۆمان ڕێک نەکەوت... مرۆڤ چی لەدەست دێت!

**یوناس**

نازانم... ئێمە بڕیاری هیچ شتێکمان نەداوە... باسی ئەوەمان نەکردووە... هەر باسی هیچ شتێکمان نەکردووە... لە دوای ئەو مەسەلەیەوە کە ڕوویدا.

**کارین**

بێگومان ئێمە لە چلەی هاویندا دەڕۆین، وەک عادەت وایە... گەر فریا بکەوین... عادەتەن هەوڵ دەدەین لە دەوروبەری بیستی مانگدا بەرەوخوار ببینەوە... گەر ئێوە نا...

**یوناس**

ئەگەر ئێمە چی؟

**کارین**

ئا، گەر ئێوە... لەوانەیە پێویستتان پێمان بێت.

**شانۆنامەی مۆزیکی بێدەنگ**

خێزانەکان جیا دەبنەوە، خێزانی تر دروست دەکەن، کارەسات جێگەی کارەساتی تر دەگرێتەوە، کات بە خێرایی ون دەبێت و هەر زوو هەست دەکەین، کە بیست ساڵ تێپەڕیوە و خێزان وپێوەندییەکانیش گۆڕاون. دوا دیمەنی شانۆنامەکەیش لەنێوان کارین و یوهانەدایە، هەردوو کارەکتەرەکەیش لەم دوا دیمەنەدا پێنج ساڵ بەتەمەنترن. ئەم دوو کەسایەتییە و لەم دیمەنەدا باسی دوا چرکەکانی ژیان و مەرگی ئۆلۆڤ

دەکەن. کارین و یوهانە لە یەکتری خۆش دەبن، بەر لەوەی یوهانە لەگەڵ دۆستێکی تازەیدا بڕوات بۆ فەڕەنسا. هەروەها یوهانەش ڕەزامەندیی خۆی دەردەبڕێت، کە هەر سێ مردووەکە لە یەک گۆڕدا بە خاک بسپێردرێن. کارەکتەری کارین، وەک کەسی چوارەمی شانۆنامەکە، لە سەنتەری ڕووداوەکانی بەشی چوارەمدایە، کارین خێرا دێتە ڕووداوەکانەوە، کە دەریش دەکەوێت، ڕووداوەکان چەندین ساڵ چوونەتە پێشەوە. یوهانە سەرلەنوێ شووی بە یوناس کردووە، ئۆلۆڤیش کارینی مارە کردووە، یوهانە تووشی کارەساتێکی گەورە بووە، کە ئەویش ئەوەیە منداڵی دووەمیشی مردووە.

### بەرئەنجام و هەڵوێستەی کۆتایی

لاش نۆرێن لە ماوەی چل ساڵدا زیاتر لە حەفتا شانۆنامەی نووسیوە، لە چاوپێکەوتنێکی‌تەلەفیزیۆنیدا دەڵێت: «من لە هەمان کاتدا لە چوار شانۆنامەدا کار دەکەم، گرفتی گەورەیشم ئەوەیە هەموو دەقێک دیدی دەقێکی تری لێ لەدایک دەبێت.» زۆربەی شانۆنامەکانیشی لەسەر هەموو شانۆکانی سوێد و وڵاتانی تری دونیا نمایش کراوە. دوای ئەم مێژووە

درێژ و پرۆسە چڕ و گرانە، دەتوانین بەم شێوەیە سەرەتا و پرۆسێسی بەرەوپێشچوونی دراما و شانۆی ئەم نووسەرە ڕوون بکەینەوە.

لاش نۆرێن دەق و شانۆنامەکانی لە شەستەکاندا چارەسەری ڕۆڵ و جەستەی دایک دەکەن، بەڵام لە حەفتاکاندا باوک لە چەقی ڕووداوەکاندایە، لە هەشتاکانیشدا باوک یان دایک بە تەنها ناوەندی دەقەکانی نییە، بەڵکو چەمکی خێزان بە شێوە گشتگیرەکەی دەبێتە ناوەندێکی گرنگ. چەمکەکانی خێزان بە شێوەیەکی گشتی دەکەونە چەق و ناوەندی گرنگی پێدان و شانە گرنگەکانی شانۆنامەکانییەوە. لە نەوەدەکاندا بنەماکانی خێزان لە شانۆی لاش نۆرێندا بە تەواوی و بە شێوەیەک هەڵدەوەشێت و کۆمەڵگەیەکی پڕ لە بەدمەستی، بێکاری، نەخۆشیی دەروونی و پچڕانی بنەما کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەورووپا لەخۆ دەگرێت. لە ساڵەکانی دووهەزاریشەوە لاش نۆرێن پێی ناوەتە قۆناغێکی زۆر جیاوازەوە، شانۆنامەکانی ئەم قۆناغەی مۆرکێکی فەلسەفی و ئێگزیستێنتیالیزم لەخۆ دەگرن. لەم قۆناغەدا مەرگ، وەک هاوکێشەیەکی گرنگی ژیان، لە ناوەندی ڕووداوەکاندایە.

## سێبەرەکانیشمان بدەرەوە

مرۆڤبوون پرۆسەیەکی درێژی لەبنەهاتووی خولْقاندنە. ئێمە بە بەردەوامی لە دروستکردن و دۆزینەوەی خۆمان داین، زۆر جاریش ئەم پرۆسەی خۆدۆزینەوەیە بە پێی ستراکتور و بنەمایەکی دیاریکراو ڕێچکەی خۆی وەردەگرێت. وێنە سەرەتاییەکان و هێدمە دەروونییەکانمان فۆرمی مرۆڤبوونمان لەنێو کۆمەڵ و لەگەڵ خودی خۆمان و دەوروبەرەکەیشمان دروست دەکات. ئێمەی مرۆڤ، هەریەکە و بە جۆرێک پاشخانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و میراتێکی تایبەت بە خۆمان، بۆ گەڕانەوە و سوودلێوەرگرتن و بەکارهێنان و دەوڵەمەندکردنی خودی خۆمان هەیە. هەندێک جار خوێندنەوەی کتێبێک یان بینینی نمایشێکی شانۆیی مرۆڤ تووشی ڕاچڵەکینێکی گەورەی وا دەکات، سەرلەبەری ژیانی بگۆڕدرێت.

لاش نۆرێن، کە بۆ یەکەم جار نمایشی (ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو)ی نووسەری ئەمەریکی (ئۆژین ئۆنێل) دەبینێت، بیرۆکەی درامایەکی نەنووسراو لە دەروون و هەستیدا چەکەرە دەکات، هەست دەکات ئەو درامایەی ئۆنێل سەبارەت بە خانەوادەکەی ئەو نووسراوە: باوکێکی بەدمەست، دایکێکی تەنها و نەخۆش و دوو برا، هەروەک خانەوادەکەی نۆرێن. نۆرێن لەژێر هەژموونی ئەو دەقەی ئۆنێلدا شانۆنامەی (سێبەرەکانیشمان بدەرەوە) دەنووسێت؛ ئەم دەقەیش دیدی نۆرێن بە تەواوی دەکاتەوە، دەیخاتە بەردەم گرێ دەروونییەکانی و خودی خۆی بە خۆی دەناسێنێت. ڕووداوەکانی شانۆنامەکەیش ١٦ی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٤٩، ڕۆژی لەدایکبوونی شەستویەک ساڵەی یۆژین ئۆنێل ڕوو دەدات، کوڕەکانی ئۆنێل (یۆژینی بچووک و شەین) لە ژنەکانی تری سەردانی باوکیان و (شارلۆتا)ی دوا ژنی دەکەن. دەقەکەی نۆرێن لە سەرەتادا ناونیشانی (خێزانەکەی ئۆنێل) بووە، دواتر دەبێتە (پیاوێک لە خۆڵەمێش) (بۆستن نۆکتین) (لەژێر چارەنووسی ئەستێرەکاندا) و (شەوێک درێژتر لە ژیان) بۆ یەکەم جاریش لە ئۆسلۆ لەژێر ناوی (شەوێک درێژتر لە ژیان) نمایش کراوە. کە لە دراماتن نمایش

دەکرێتەوە، نۆرێن بە تەواوی ناونیشانەکەی دەکاتە (سێبەرەکانیشمان بدەرەوە) ئەمەیش یەکێک لەو دەقانەی ئۆنێل (مەرگیشمان بدەرەوە)مان بیردەخاتەوە، کە بە ماوەیەک بەر لە مردنی سووتاندویەتی. (سێبەرەکانیشمان بدەرەوە) بۆ ئەو زنجیرە دەقەی نۆرێن، کە لە هەشتاکاندا، سەبارەت بە خێزانە بۆرژوازییە سوێدییەکان دەینووسێت، دەبێتە خاڵی کۆتایی و وەرچەرخان. نۆرێن لە سەرەتاکانی ژیانی ئەدەبیشیدا، دوای دەقەکەی ئۆنێل، هەروەک ئۆنێل دەگەڕێتەوە سەر تراجیدیای گریکی و لە دید و چارەسەرێکی مۆدێرنەوە شانۆنامەی (ئۆرستین) دەنووسێت.

لەو ڕۆژەوە نۆرێن، هەروەک ئۆنێل لەبەردەم کۆشکی بنەماڵە ئەتریدەکانی گریک و پەرستاگاکانی کنۆسۆسدا وەستاوە و بە بێمروەتی لەو دەرگایانە دەدات. نۆرێن لەو ڕۆژەوە لە دەقە شانۆییەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر شانەکانی خێزانەکەی خۆی و لەوێوە چارەسەری گرفتە خێزانییەکان دەکات، دێتە نێو ماڵە بۆرژواکانی کۆمەڵی سوێدییەوە و لەوێوە هەموو جومگە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکانی ئەورووپا و دونیا بەسەر دەکاتەوە، سوود لە ئێسخیلۆس

وەردەگرێت و ئۆنێل دەکاتە کەرەسە و وشەکانی خۆی دەکاتە ئەو دیمەنە ڕەشانەی نەوەکان دەستەویەخەی یەکتری دەبنەوە.

ڕێژیسۆرێکی نەرویژی لەسەر شانۆی پادشایی (دراماتن)، سەرلەنوێ دوای بیست ساڵ کار لەم دەقەی نۆرێندا دەکاتەوە و بە دیدێکی نوێوە دەیخوێنێتەوە، پانتایی شانۆ بۆ ئەو دیدە نوێیەی دادەماڵێت و لە هەموو شتێکی زیادە پاکی دەکاتەوە. دەرگایەکی ئێجگار گەورە، وەک سینۆگرافیا بە ڕووی بینەراندا دەکاتەوە، کە هێماگەلی دەروازە دێرینەکانی پەرستگە و کۆشکەکانی گریکە، بەرز بۆتەوە؛ هاوکات ئەم دەرگایەیش وەکو خاڵێکی کۆتایی و وەستانێکی ئەبەدی بە ڕووی ئەو خێزانە و بینەرانیشدا داخراوە. پانتایی شانۆکە بەتاڵە، کورسییەک لای چەپی شانۆ و قەنەفەیەکیش لە بەشی ڕاست و لە قووڵایی شانۆکەدا، لەنێو تاریکییەکەوە جاربەجار دەردەکەوێت. هەندێک جار گەمەی ئەکتەرەکان یان یەکێک لەو ئەکتەرانەی چاودێری ئەکتەرێکی تر دەکات، بە گەورەیی بە پرۆژێکتەر، وەکو فیلم لەسەر دەرگا گەورەکە پێشان دەدرێت. ئەم پانتاییە گەورەیەی دراماتن، دەبێتە مێژووی شانۆ: ئێسخیلۆس، ستریندبێرگ و هەروەها

مێژووی خێزانەکەی ئۆنێل، کە لە شانۆنامەی (ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو)دا بەرجەستە بووە، لێرەدا، وەک تارمایی بەسەر شانۆکەوەن. کارەکتەرەکان خۆیان وەک سینۆگرافیا بەکار دەهێنن، بەتایبەتی بۆ ئەو دەقەی خۆیان دەیانەوێت نمایشی بکەن و لەگەمەیەکی هونەریدا دەبنە ئەکتەر و بینەری یەکتری. (سەمای مەرگ)ی ستریندبێرگ دەبێتە نموونەیەکی ئەو نمایشە و کارەکتەرەکان وەک (ئێدگار و ئالیس) نمایش بۆ یەکتری دەکەن. شارلۆتە، کە یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان و ڕۆڵی ژنەکەی ئۆنێل دەبینێت، خۆی ئەکتەر بووە، هەر لەبەر ئەوە لە نمایشەکەدا، هەندێک جار وەک ئەکتەرێک، بە پێی پێویست هەست و سۆزی بەکار دەهێنێت و تۆنی دەنگ و جووڵەی جەستەی دەگۆڕێت. ئۆنێل خۆیشی شانۆنامەنووس بووە و ڕێساکانی گەمەکە دەزانێت، هاوکات شەینی کوڕیشی هەر ئەکتەر بووە. نمایشەکە دەبێتە تاقیگەیەک بۆ خولقاندنی هونەر، بۆ تاقیکردنەوەی تواناکانی ئەکتەر و بۆ هەڵسەنگاندنی هونەری نواندن.

نۆرێن بەدیقەتێکی گەورە و بە چڕی و لە فۆرمێکی لیریکیدا ئۆنێل بە ژیانی خۆیەوە دەلکێنێ و یەکەیەکی تایبەتی لێ دروست دەکات. ئەو کارەکتەرەی ڕۆڵەکەی

ئۆنێل دەبینێت، لەسەر مێزەکەی و لەبەردەمیدا دوو بەرگە گەورەکەی یاداشتەکانی نۆرێنی لەسەرە و جاربەجار تەماشایەکیان دەکات، وەک ئەوەی ئۆنێل لە نۆرێندا و نۆرێنیش لە ئۆنێلدا ڕەنگ بدەنەوە و یەکتری تەواو بکەن. نۆرێن دەبێتە درێژکراوەیەکی ئاسایی ژیانی ئۆنێل: ئێستا ئێمە، وەکو وێنەیەکی میتافۆری، لە ڕوانگەی یاداشتەکانی نۆرێنەوە دەزانین ژیانی ڕۆژانەی ئۆنێل، هێدمە دەروونییە کۆنەکان و کێشە پڕ لە ئازار و سوێیەکان چۆن بووە و چۆن لە نەوەیەکەوە دەشگوێزرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر.

ئەم ڕێژیسۆرە نمایشەکەی بە ڕیتمێکی مۆزیکی جازی ئەمەریکای چل و پەنجاکان دەوڵەمەند کردووە و زۆرجار لەنێو دیمەنە ڕەش و کێشە دەروونیی و شەڕی نەوەکاندا، هەناسەیەکمان پێ دەبەخشێت، دیمەنەکان ئارام و کارەکتەرەکان هێور دەکاتەوە. لە کاتێکدا کارەکتەرەکان، یەک لە دوای یەک دەمامکەکانی ڕووخساریان لادەبەن یان دەمامکی تر بەکار دەهێنن، مۆزیکی جازەکەیش هێدی هێدی دەڕواتە خوارەوە و تۆنێلێکی پڕ لە هیوا و هەروەها شپرزەیش لەو ئەتمۆسفێرە ڕەشەدا دروست دەکات. (سێبەرەکانیشمان بدەرەوە) دەبێتە پەیامنێرێکی ڕاستەوخۆ و

ڕووداوەکانی شانۆنامەی (شەو دایکی ڕۆژە)مان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو دەقەی نۆرێنی لە هەشتاکاندا کردە شانۆنامەنووسێکی گەورە، هەروەها ئەو دەقە ڕەنگدانەوەیەکی تری هەژموونی ئۆنێل و شانۆنامەی (ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو)ە. تارمایی نۆرێن لە ناوەڕاستی نمایشەکەدا بە ڕوونی دەبینرێت، بە دەنگی چوار کارەکتەر قسەمان بۆ دەکات و ئەو چیرۆکەی ژیانی خێزانی ئۆنێلمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ژیانی ئەویان دروست کردووە.

ئەم نمایشە مەرگی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، ئەو مرۆڤەی هێدی هێدی و پارچەپارچە دەمرێت و لە خالێکی کۆتا و لە دونیایەکی نادیار و نەبینراودا، لەپڕ و بێ گەڕانەوە بۆ هەتاهەتایە بزر دەبێت.

## وەک گەڵاکانی ڤاڵمبرۆسە

بۆ زۆربەی سوێدییەکان، خانوویەکی هاوینە، لە یەکێک لە دوورگەکانی سوێددا، هێماگەلی ژیانێکی ئاسوودە، ئارامی و بە هەشتێکی هەتاهەتاییە، بەڵام دەکرێت ئەم بەهەشتە لای "لاش نۆرێن" دۆزەخ و بەندیخانەیەک و شانۆیەک بێت بۆ بەرجەستەکردن و گەمەی ئەو کارەکتەرانەی، کە لەمێژە لە زەمەنێکی ڕابردوودا چەقیان بەستووە. هەر لەم خانووەدا و لەژێر تیشکی هەتاوی هاوینێکی دڵفڕێندا، کەسایەتییەکان دۆزەخی ژیانیان لە ئەوانی تردا دەبیننەوە.

نۆرێن شانۆنامەی "وەک گەڵاکانی ڤاڵمبرۆسە"ی لە ساڵی ١٩٩١دا وەک کۆتاییهێنان بە قۆناغی شانۆنامە بۆرژوازییەکانی، کە پێوەندییەکانی فەرزەند و دایک و باوک بەرجەستە دەکات نووسیوە. هەرچەندە ئەم

شانۆنامەیە هێڵێکی بەهێزی ژیان و بیۆگرافیای خۆیەتی، بەڵام نۆرێن لە دوای ئەم دەقەوە زیاتر ڕوو دەکاتە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، نایەکسانی ناو کۆمەڵ، وێناکردنی نەوەیەکی نوێ و دەستپێکی تری شانۆنامەکانی. نۆرێن بۆ ئەم مەبەستەیش تەکنیکێکی تر بەکار دەهێنێت و دەقەکانی ئەم قۆناغەی بە زمانێکی ساکار و ڕستە و دەستەواژەی کورت دەنووسێت و لە دیدێکی قووڵەوە زەمەنەکان تێکەڵاو دەکات.

هەرچەندە ئەم شانۆنامەیە بەر لە بیست ساڵ نووسراوە و تا ئێستا لە چەندین وڵات، بۆ نموونە ئیتاڵیا، ئەڵمانیا و دانیمارک نمایش کراوە، بەڵام ئەمە بۆ یەکەم جارە لە سوێد و لەسەر شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم نمایش بکرێت.

ئەم دەقەی نۆرێن شانۆنامەیەکی درێژی چوار پەردەییە و زمان باڵادەستە، ڕەخنەگرەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ئەم شانۆنامەییەی وەک کەرنەڤاڵێکی فیشەکە شێتە ڕەنگاوڕەنگەکان وایە، ئاهەنگی کۆتایی قۆناغێک و دەستپێکردنی قۆناغێکی ترە.

نۆرێن سێ نەوەی لەم خانووە هاوینەیەدا کۆکردووەتەوە و پێکەوە شەڕ دەکەن، ئاشت دەبنەوە و یەکتریان خۆش دەوێت و ناپاکی لە یەک دەکەن،

بیردەکەنەوە و لە چاوەڕوانی مەرگدان. ئەم خانووە وەک شوێنێکی دڵفڕێن دەبێتە ئاگر و خۆڵەمێش. نووسەر بە ئاگاییەوە لە بزاوتێکی بەردەوامدا بارودۆخەکان بەرجەستە دەکات، هەموو شتەکان هەڵ دەگێڕێتەوە و ئاڵوگۆڕیان پێ دەکات: پێگەی دەسەڵات و پێوەندییەکان و ڕاستی و درۆ. کارەکتەرەکان هەمیشە خەون بە شتێکی ترەوە دەبینن، خوازیاری شتێکی ترن، خەون بە ئەمەریکا و ئیتاڵیاوە دەبینن، لە هەمان کاتدا بە شتێکی ترەوە، کە نازانن چییە و ناتوانن پەنجەی بخەنە سەر.

نۆرێن ئەم دەقەی لەسەر بنەما وستراکتۆری شانۆنامەکانی چێخەف، بەتایبەتیش "نەورەس و باخچەی گێلاسەکە"وە ڕۆناوە، ئەمە جگە لەوەی، کە پڕە لە پڕیشکەکانی ستریندبێرگ. ئەم شانۆنامەیە چەندە کۆمیدیایەکی تراجیدییە، هێندەیش تراجیدیایەکی کۆمیدییە، لێرەدا دونیایەکی ئەبسۆرد، زمانێکی ژەهراوی و ئەو شێوازەی، کە کارەکتەرەکان بە بەردەوامی دەیانەوێت درۆ لەگەڵ خۆیان و دەوروبەرەکەیاندا بکەن، دەبێتە گەمەیەکی کۆمیدی و کۆمیدیایەکی تراجیدی. چێخەف هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە شانۆنامە پڕ لە کارەساتەکانی

کۆمیدیان، لێرەشدا ئەو دۆزەخەی نۆرێن خوڵقاندوویەتی، دەبێتە کۆمیدیا، بینەران ئەو ژیانە تراجیدیایەی کەسایەتییەکان دەبینن و هەستی پێ دەکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا لەگەڵیاندا پێدەکەنن.

بەشێکی زۆری ئەم شانۆنامەیە، هەر وەک "نەورەس"ی چێخەف باسی شانۆ دەکات؛ دوو کارەکتەری سەرەکی ئۆلۆف و ساموییل، کە هەردووکیان نۆرێن خۆیەتی شانۆنامەنووسن، ئۆلۆف نۆرێنە بەراییەکەیە و ساموییل-یش نۆرێنەکەی دواییە. ژنەکەی ئۆلۆفیش (لێنا) ئەکتەرە و "نینا"یەکیشمان، هەر وەک "نینا"کەی چێخەف لە نەورەسدا هەیە. ئەم کارەکتەرانە لە ڕۆڵەکانیاندا باسی شانۆ دەکەن: ڕۆڵ و پێگەی شانۆ، ئەکتەر و ڕۆڵەکەی، هونەری کۆن و هونەری نوێ، نەوەی نوێ و نەوە کۆنەکە و ژیان لە شانۆدا و شانۆ لە شانۆنامەکاندا.

نۆرێن، کە بیست ساڵ لەمەوبەر ئەم شانۆنامەیەی نووسیوە، بەشێکی زۆری لەسەر ژیانی تایبەتیی خۆیی و دەوروبەرەکەی ڕۆناوە، ئێستا ئەو لایەنە دۆکیۆمێنتارییەی ئەم شانۆنامەیە هێندە بەهای نییە، ئەوەی لە دەقەکەیش ماوەتەوە و بۆ ئەمڕۆ گرنگە، جۆرە بێلانەییەکە، کە مرۆڤی ئەمڕۆ هەستی پێ دەکات،

هەروەها باسی گەمەی ڕۆڵەکان و لەدەستدانی هەموو شتەکان دەکات. بێگومان لێرەدا خۆشەویستییش دەبێتە گەمەیەکی بەهێزی دەسەڵات لەنێوان ژن و پیاودا.

ئەو زمانەی شانۆنامەکەیشی پێ نووسراوە، تا ئێستایش بۆ سوێدییەکان تازەیە، وەک گوێزان تیژە و برینەکان دەکولێنێتەوە و بینەران تووشی ڕاچڵەکان و پاکژبوونەوە دەکات. وێنەیەکی ڕەش و سپییە و ژیانە پڕ لە ڕواڵەت و درۆ و دەلەسەکانی کۆمەڵگەی سوێدی تیا ڕەنگ دەداتەوە.

**تێبینی:**

**ڤالْمبرۆسە: کە نۆرێن بۆ ناونیشانی شانۆنامەکەی بەکاری هێناوە، ناوچەیەکە لە ئیتاڵیا و نۆرێن لە یەکێک لە کتێبەکانی یوهان میلتۆن-ەوە وەری گرتووە.**

## شەڕ لە (شەڕ)ی لاش نۆرێندا

لاش نۆرێن لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵدا لەسەر پێوەندییەکانی فەرزەند و دایک و باوک و تەنگژەکانی تری ناو خێزان نووسیویەتی، بەڵام لە شانۆنامەی (شەڕ)دا بە تەواوی لە خێزان، بە پێی چەمکەکانی بۆچوون و دیدی لاش نۆرێن، دووردەکەوێتەوە و لەبری ئەوە، لە کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر خێزان دەدوێت.

### دەروازەیەك بۆ ناسینی لاش نۆرێن

لاش نۆرێن بە گرنگترین نووسەرە شانۆییەکانی ئەمڕۆی سوێد و بە یەکێک لە نووسەرە دیار و ناسراوەکانی ئەورووپا و جیهانییش دادەنرێت. ئەم نووسەرە تاکو ئێستا زیاتر لە حەفتا شانۆنامەی نوسیوون، تێکستەکانی بەردەوام لەسەر شانۆکانی سوێد پێشکەش دەکرێن، هەروەها بەشێکی زۆری

بەرهەمەکانیشی وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان و ساڵانە لەسەر شانۆ گرنگ و گەورەکانی ئەورووپا پێشکەش دەکرێن.

گەر پێناسەیەکی کورتی جیهانی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە بکەین، دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەی بۆ بکەین، هەرچەندە خێزان لە چەقی هەموو ڕووداوەکاندایە، بەڵام سیمای کارەکتەرەکانی، ئەتمۆسفێری ڕووداوەکانی و خودی جیهانەکەی هەر یەکێکە: بێ هیوایی، خەمۆکیی، سەرلێشێوان، نەخۆشی دەروونیی، دڵەڕاوکێ و یادەوەرییەکان. لەم دەروازەیەوە دەتوانین بڵێین ژان و پەژارە یەکێکە لە سیما سەرەکییەکانی دنیای ئەم نووسەرە، هەر لەبەر ئەمەیشە، زۆر جار ژیان دەبێتە زیندەخەونێکی بێئارام و بێزەوەر، لەم زیندەخەونەدا، جگە لە ئازارە دەروونییەکان، مەسەلەکانی سێکس و سێکسەناسازی، وەک بارێکی مەجازی و جیاواز، هەڵوێستەیەکی درندەئاسا لای پاڵەوانەکانی دەخوڵقێنێت.

لاش نۆرێن هەمیشە ویستوویەتی بینەرەکانی خۆیان لە ڕووداو و کەسایەتییەکانیدا بناسنەوە، خۆیان لە کارەکتەرەکانیدا بدۆزنەوە و لە شانۆنامەکانیدا، ڕووبەڕووی حەقیقەتی ژیانی خۆیان ببنەوە، لەم

ڕووەوە دەڵێت (کاری شانۆ ئەوەیە، کە هەوڵ بدات تواناکانی مرۆڤ بەرەو پێشەوە بەرێت، گرنگترین شتیش ئەوەیە بتوانین ڕاستییەکان بخەینە ڕوو. من هەمیشە هەوڵ دەدەم پێوەندی لەنێوان شانۆ و بینەراندا بخوڵقێنم، تا بتوانین دەرگایەک لەنێوان خەیاڵ و واقیع، خەیاڵ و بینەراندا بکەینەوە).

ئەم نووسەرە لە سەرەتادا، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بە شیعر دەست پێدەکات و لە ڕێگەی وشە و وێنە شیعرییەکانییەوە لە دەرگای ئەدەب دەدات، هەر لەم ڕێگەیەشەوە بە ناواخنی گرفتەکانی مرۆڤ و ئازارە دەروونییەکانیدا شۆڕ دەبێتەوە. یەکەم بەرهەمی شیعری (لەیلاک، بەفر) لە شەستەکاندا بڵاو دەکاتەوە، دواتر بە چەندین دیوانە شیعری تر و ڕۆمان بەردەوام دەبێت، بەڵام شیعر هەرگیز ناتوانێت گوزارشت لەهەموو دید و بۆچوونە دژوار و چڕ و فراوانەکەی بکات. لەبەرئەوە شانۆ بۆ لاش نۆرێن دەبێتە سەرەتایەکی تر.

ئەم نووسەرە دوای بیست ساڵ لە هەوڵ و تەقەلایەکی بەردەوام، وەک نووسەرێکی بەتوانا متمانە بەدەست دێنێت، ئەویش لە ساڵی ١٩٨٢دا بە شانۆنامەی (شەو دایکی ڕۆژە) و لە ساڵی ١٩٨٣دا بە شانۆنامەی

(پشێوی دراوسێی خوایە) وەک نووسەرێکی گەورە لەنێوەندی ئەدەبی و ژیانی کولتووری سوێددا دەناسرێت.

ئەم نووسەرە شێوازێکی ناتورالیزمی پتەو دەکاتە دەروازە و ستراکتوری شانۆنامەکانی، زمانێکی بەرزیش، شیعرئامێز و لە هەمان کاتدا نزیک لە ئاخاوتنی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە، ئاوێزانی ئەو فۆرمە ناتورالیستی و دەروونییەی دەکات. لاش نۆرێن لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دەتوانێت دابڕانێکی گەورە و وەرچەرخانێکی سەراپاگیر لەو شێوازە ناتورالیستی و ناوەڕۆکە خێزانییەدا بکات، کە پێی ناسرابوو. لەبری ئەوە فۆرمێکی تر دەدۆزێتەوە و لە هەمان کاتدا زمانێکی تری جیاوازیش بەکاردێنێت. لەم قۆناغەدا شانۆنامەکانی ڕوودەکاتە پرس و گرفتە چینایەتییەکان و زیاتر شانۆکەی شانۆیەکی سیاسی/چینایەتی و هەروەها فەلسەفییە، ئەوەیشمان بیرنەچێت ئەم شانۆیە لەگەڵ هەموو چەمک و پانتاییە سیاسی، فەلسەفی و چینایەتییەکەیدا، بنەمایەکی قووڵی دەروونیشی هەیە.

ڕەوتی شانۆی لاش نۆرێن ئێجگار بەربڵاو و فراوانە، چەندین قۆناغ لەخۆ دەگرێت و هەموو فۆرم و شێوازەکان تاقی دەکاتەوە، بەداخەوە لێرەدا ناتوانین بە

وردی و بە شێوەیەکی فراوان لە بەرهەم و قۆناغەکانی کار و نووسینی بدوێین، بەڵام هەوڵ دەدەم زۆر بەکورتی پێکهاتەکانی ستراکتۆری ئەم شانۆیە ڕوون بکەمەوە.

لە شەستەکاندا، شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە زۆر بەفراوانی ڕۆڵی دایک بەرجەستە دەکات، لە حەفتاکاندا باوک پێگە و بەهایەکی گەورە لەخۆدەگرێت، لە هەشتاکاندا خێزان بە هەموو لایەنەکانییەوە، دەبێتە ناوەندێکی گرنگ و سەنتەری بیرۆکەی هەموو شانۆنامەکانی. لە نەوەدەکاندا بنەماکانی ئەو خێزانانە بە تەواوی دادەڕمێن و کۆمەڵگەیەکی بێکار، نەخۆش و بەدمەست جێگەیان دەگرێتەوە، لە ساڵی دوو هەزاریش بەدواوە، شانۆنامەکانی مۆرکێکی فەلسەفی و ئیگزیستێنتیالیزم لەخۆدەگرن. لەم قۆناغەدا مەرگ بە هەموو ماناکانییەوە، بەتایبەتیش وەک لایەنێکی گرنگی ژیان، لە ناوەندی ڕووداوەکاندایە.

لاش نۆرێن هەمیشە گەڕاوەتەوە سەر شانۆی گریکی و وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند سوودی لێ وەرگرتووە، هەروەها چیخەف، بێکێت و هارۆڵد پینتەر کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر بەرەوپێشچوونی ئەزموون و ڕەوتی شانۆنامەکانییەوە هەبووە.

## ئیدی هیچ منداڵێك لە ئارادا نییە

شەڕ لە ئەزەلەوە لەگەڵ مرۆڤ دروست بووە و هێندەی بوونی مرۆڤایەتی کۆنە، هیچ شتێک هێندەی شەڕیش کارەسات نییە، لەژێر سێبەری شەڕ و لەبەر شاڵاوەکانیدا خەڵک تووشی هەموو جۆرە نەهامەتییەک دەبن، لە کاتی شەڕدا هەموو سنوورەکانی لۆژیک و مۆراڵ هەڵدەوەشێن. هاوکات هەستی قوتاربوون، خۆپاراستن و دابینکردنی بچووکترین پێداویستییەکانی ژیان و نانی ڕۆژانە، لۆژیک و مۆراڵێکی تر دروست دەکەن، بۆ نموونە منداڵ هەستی منداڵیی خۆی لەدەست دەدات، ژنان و کچانیش بەشێکن لە قوربانییەکانی شەڕ: لاقەکردن و ئابڕووبردنی ڕەگەزی ئافرەت هەمیشە یەکێک بووە لە چەکە قورسەکانی جەنگ و بە دڕندانەترین شێوە بەکارهاتووە. زۆر جار ژنان لە کاتی جەنگ و لە لایەن سەربازەکانەوە لاقە دەکرێن، دواتریش لە لای هێزە سەرکەوتووەکانەوە، شەڕ گوزارشت لە دڕندەیی مرۆڤ و هێزی کاردانەوەی شاڵاوە دژایەتییەکان دەکات، کە زۆر بێبەزەییانە هەموو کەسێک، سەرباز و خەڵکی ئاسایی، ژن و منداڵ، پیر و گەنج دەگرێتەوە و تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێت. شەڕ هەمیشە ئەو پرسیارانە دەورووژێنێت، کە کێ لە

هەموو کەسێک بەهێزترە. شەڕ بەرجەستەکردنی تواناکانی دەسەڵاتە و هەمیشە ئامرازێک بووە بۆ لەناوبردنی ئەوی تر و فراوانکردنی سنورەکانی دەسەڵات. دەتوانین ئەم چەند دێڕە بکەینە دەروازەیەک بۆ پێناسەیەکی کورتی شانۆنامەی (شەڕ)، کە لاش نۆرێن ساڵی ٢٠٠٣ نووسیویەتی.

شانۆنامەی (شەڕ) زۆر جیاوازە لە دەقە خێزانییەکانی تری لاش نۆرێن، هەروەها لەو دەقانەیشی، کە باسی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، مەسەلە ئێگزیستێنتیالیستییەکان، مەرگ و مەسەلە چینایەتی و ڕەگەزپەرستییەکانی تری نووسەر دەکەن، کە هەمیشە دەگەڕێتەوە سەریان و بە قووڵی و هەمەلایەنی چارەسەریان دەکات: بە زمانێکی جیاواز و بە فۆرمێکی تر باسی شەڕێکی توندوتیژ دەکات. "ئیدی هیچ منداڵێک لە ئارادا نییە" یەکێکە لە دیالۆگ و وتە گرنگەکانی ئەم شانۆنامەیە و گوزارشتێکی بەهێزی کارەساتەکانی جەنگە.

پیاوێک دوای دوو ساڵ و لەپڕ دوابەدوای جەنگێکی خوێناوی دەگەڕێتەوە، گەڕانەوەیەک، کە هیچ کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەی چاوەڕوانی ئەو گەڕانەوە کتوپڕە نەبوون و نین.

لاش نۆرێن (شەڕ) بە شێوەیەکی کۆنکرێتئاسا، سامناک و قێزەون دەخولقێنێت و ڕۆدەچێتە خوارەوە بەنێو بنەما ڕەش و تاریک و تاڵەکانی دەروونی مرۆڤایەتیدا. ئەم نووسەرە لە (شەڕ)دا مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ وشە دەکات و وشە بە پێچەوانەی شانۆنامەکانی تری نۆرێنەوە یەکەبەیەکە بەرجەستە دەبن، وێنە دروست دەکەن و ئەتمۆسفێرێکی ڕەشی شەڕ و کارەساتەکانیمان پێشکەش دەکەن. وشە هێندە بەهێز و کاریگەرە، لە ناوەوەماندا دەنگ دەداتەوە، دەروونمان دەخوات و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆمان دەدا.

**شەڕ لە درامای گریکیدا**

شانۆنامەی (شەڕ) تەقەلایەکی تر و چارەسەرێکی مۆدێرنی درامای گریکییە، لاش نۆرێن دەگەڕێتەوە سەر بنەماکانی شانۆی کۆنی گریکی و سەرلەنوێ لە بنەمایەکی هاوچەرخ و مۆدێرندا دایدەڕێژێتەوە و بەرجەستەیان دەکاتەوە. شەڕ و پێوەندییە ئاڵۆز و توندوتیژەکانی خێزان، بنەمایەکی گرنگی ئەو شانۆ دێرینەی ڕۆژئاوا پێکدەهێنن، بۆ نموونە ئۆرێستیا و فارسەکانی ئێسخیلۆس، ئۆدیبی پادشا و ئەنتیگۆنای

سۆفۆکلیس، تەنها چەند نموونەیەکن. شانۆنامەکەی لاش نۆرێن، بابەتەکەی و کارەکتەرەکانی، دەمانگەڕێننەوە بۆ ئەو زەمەنە، بۆ چارەنووسە تراجیدییەکان و بۆ داماڵینی توێکڵەکانی جەنگ و ئەنجامە چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراوەکانی جەنگ.

کارەکتەری باوک (جەنگاوەر) پاڵەوانی سەرەکیی شانۆنامەی شەڕ، وەک (ئەگامەمنون) و دوای ماوەیەکی دووردرێژ و لەناکاو لە جەنگ دەگەڕێتەوە، بەڵام هیچ شتێک وەک خۆی نەماوە، خێزانەکەی لەسەر مەرزەکانی لەبرسامردندان، کچە گەورەکەی بووەتە سۆزانی، هەموویان بە کچە بچووکەکەیشییەوە لاقە کراون، ژنەکەشی وەک ژنی ئەگامەمنون لەگەڵ برا بچووکەکەی (باوک) دەستی تێکەڵ کردووە. گەڕانەوەی باوک تراجیدیای تراجیدیاکانە و تەرازووی ڕووداوەکان لە خراپەوە بەرەو خراپتر، لە کارەساتەوە بۆ کارەسات دەبات و ڕووداوێکە، کە هەموو ئاستەکانی چاوەڕوانی هەڵدەگێڕێتەوە و دەمانخاتە بەردەم چەندین پرسیاری بێ وەڵامەوە.

باوک هەر ئاگامەمنون نییە، بەڵکو ئۆدیبیشە، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە، ئۆدیب، کە دەگاتە گەوهەری ڕاستییەکان، کوێریی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، هەردوو

چاوی هەڵدەکۆڵێت و لە وڵات دەچێتە دەرەوە، بەڵام باوک لە ڕاستییەکاندا، لە پڕوپاگەندەی دەسەڵات و لە شەڕدا، بە کوێری دەگەڕێتەوە بۆ شار و بۆ ناو خێزانەکەی، بێ ئەوەی بتوانێت ڕاستیی ژیانی خۆی، ژنەکەی، کچەکانی و براکەی ببینێت و لە بۆسەی تەنیایی و لەدەستدانی دەسەڵاتدا، دەسەڵاتی باوکایەتی و دەسەڵاتی خێزانەکەیدا گەمارۆ دەدرێت و بە تەواوی پەراوێز دەخرێت.

**ڕووداوەکانی شەڕ**

دایکێک و دوو کچی هەرزەکار، دوای ئەوەی بە تەواوی دڵنیا دەبن، کە باوکیان جارێکی تر لە شەڕ ناگەڕێتەوە و پێیان وایە کوژراوە و تیاچووە، یان بێسەروشوێنە، کەچی لەپڕ دەگەڕێتەوە. جەنگ کۆتایی هاتووە، بەڵام جێگە پەنجەی شەڕ، کاریگەری و کارەساتەکانی، بە هەموو جومگەکانی کۆمەڵ و خەڵکییەوە دیارە، لە سەروو هەمووشیانەوە وڵات بووەتە کەلاوە و برسێتی تا سەر ئێسقان چۆکی بە کارەکتەرەکان داداوە. ئەم دایک و دوو کچە هەموو ڕێگەیەکیان گرتووەتە بەر تا بتوانن ژیانیان بپارێزن و لەبرسا نەمرن، کچە گەورەکەی بۆتە سۆزانی، نیکۆتین

و ماددەی بێهۆشکەر هەڵدەمژێت تا بتوانێت بەبێ خەم و ئازار، بەبێ هەست و سۆز، لەشی خۆی بفرۆشێت. دایکی بە تەواوی ناچار دەبێت چاو لەم کارەساتانە بپۆشێت، نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەشفرۆشیی کچەکەی دەبێتە سەرچاوەی گوزەران و بژێویی ژیانیان. خۆیشی دەستی لەگەڵ (ئیڤان)، برا بچووکەکەی مێردەکەی تێکەڵ کردووە و لەبری مێردەکەی لەگەڵیا دەچێتە جێگەوە.

کچە بچووکەکە لەم گێژاوی شەڕەدا خەون بە ئایندەوە دەبینێت، لەگەڵ خوشکە گەورەکەی یاری دەکات، شەڕ لەگەڵ یەکدیدا دەکەن و بە گەمە و زمانی جەستە لاسایی جووتبوون دەکەنەوە. ئەم دوو کچە "خوشکە" لە سنورەکانی وڵاتێکی وەهادا دەژین، کە زۆر زەحمەتە خەون و هیواکانیان لە دوژمنکاری و ژیانی ڕۆژانە جیابکرێتەوە و لەسەر ئاستێکی بەرز شانە خوێناوییەکان و کارەساتە گرانەکانی شەڕ بەرجەستە دەکەن.

کە باوکیان، مێردی ژنەکە، لە پڕ دەگەڕێتەوە، لەو شەڕەدا چاوەکانی لەدەست داوە و کوێرە. ئەو پاڵەوانێکی دۆڕاوی ئەو جەنگە دۆڕاوەیە و هیلاک و برسی و لەڕولاواز و بە پاڵتۆیەکی کۆنی دڕاوی سەربازییەوە دەگەڕێتەوە. ئەوان چاوەڕوانی ئەو گەڕانەوەیە ناکەن، لەبەر ئەوە کەسیش بەخێرهاتنەوەی

ناکات، کەس بە پیرییەوە ناچێت و کەس پێی خۆش نییە،کە گەڕاوەتەوە. ئەم پاڵەوانە لە ئەنجامەکانی شەڕ و ئەشکەنجەداندا هەردوو چاوی لەدەست داوە، بەمەیش هەرگیز کەلاوەکانی دوای جەنگ، سیمای ژنەکەی و مامەڵەکانی، هەروەها ڕەنگ و شێوەی کچەکانی نابینێتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو هیچ شتێکیش وەک خۆی نەماوە، شەڕ هەموو شتەکانی سەرەوژێر کردووە، بەڵام ئەوەی کە وەک خۆی ماوەتەوە، بە پێی بۆچوونی ئەو جەنگاوەرە کوێرە، دەسەڵاتی پیاوسالارییە بەسەر ئافرەتەوە، پیاوەکە هێشتا ژنەکەی بە موڵکی خۆی دەزانێت، لەبەر ئەوەی ئەو بە کاغەز ژنیەتی. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، کە ئەم سەربازە گەڕاوەیە دەیەوێت هەر لە یەکەم شەوەوە بچێتە لای و لەگەڵیدا جووت بێت. بەڵام ئەفسوس ئەو سەربازە هەر بە تەنیا چاوانی لەدەست نەداون، بەڵکو ژنەکەیشی لەدەست داوە. ژنەکەی، ژنێکی تر و ژنی کەسێکی ترە، ژیانێکی نوێی بۆ خۆی و بۆ منداڵەکانی هەڵبژاردووە، لەبەر ئەوە یاساکانی ژیان ئەو مافەشی لە مێردەکەی سەندووەتەوە و ئێستا لەبری ئەو، برا بچووکەکەی لە جێگەکەیدا ڕاکشاوە و مێردی ئەوە.

**باوك یان جەنگاوەرێکی دۆڕاو**

لە کاتێکدا کارەکتەری (باوک) بە کوێری دەگەڕێتەوە، هەر زوو درک بەوە دەکات، کە ئەو باوک و پیاوەی جاران نییە، لە خێزان و ژیانی ڕۆژانەیاندا چی تر ڕۆڵی خۆی نەماوە، لەبری ئەو، براکەی کە هەر لە سەرەتاوە لە شەڕ هەڵهاتووە، لە ماڵەوە دەمێنێتەوە، دەست بەسەر ژنەکەشیدا دەگرێت. گەڕانەوەی باوک شتێکی چاوەڕواننەکراوە، ژنەکەی یان کچەکانی بەم گەڕانەوەیە دڵخۆش نین و ئەو، لە سیستێمە نوێیەکەی ژیانی ئەواندا جێگەی نابێتەوە و بوونی بۆ ئەوان نەماوە.

**دایک**

(بێدەنگ) نا.

(بێدەنگی)

**باوک**

گەڕامەوە.

**دایک**

نا.

**باوک**

هەمدیس بۆ ماڵەوە گەڕامەوە.

**دایک**

نا...

(بێدەنگی)

**باوک**

خەریکی چین؟

**دایک**

چیت دەوێت؟

**باوک**

ئاخۆ هەموان...

**دایک**

خوایە گیان...

(بێدەنگی)

لەو بڕوایەدا نەبووم کە...

**باوک**

چی؟

**دایک**

نا.

**باوک**

کە من بگەڕێمەوە؟

**دایک**

چیت لە پێ دایە؟

(باوک زۆر بە هێوری دێتە ئەمدیو حەسارەکەوە، پاڵتۆیەکی شڕی سەربازیی لەبەردایە. کوێرەکوێرە دێتە ژوورەوە.)

**شانۆنامەی شەڕ**

بە گەڕانەوەی کارەکتەری باوک ڕووداوەکان ڕێچکەیەکی تر لەخۆ دەگرن و میزاجی کارەکتەرەکانی تریش تێکدەچێت و گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئەوانی تر وەکو کوژراوێک، سەرەونگومێک و قوربانییەکی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵ کەسی باوک کردووە، لە هەست

و هۆشیاندا هیچ بوونێکی نییە و تەنها بیرەوەرییەکە، وێنەیەکی تەڵخە و چی تر ناگەڕێتەوە، کە دەشگەڕێتەوە دەبێتە هۆی تێکچوونی سەرلەنوێی شیرازەی ئەو خێزانە پەرشوبڵاوە.

کەسایەتیی باوک کۆڵ نادات و هەوڵ دەدات، کە دەست بگرێتەوە بەسەر کاروبار و چارەنووسی خێزانەکەیدا، بەڵام ئەوەیش باش دەزانێت، کە هەموو شتەکان بە تەواوی و بە شێوەیەکی سەراپاگیر لە گرێژنە دەرچوون. باوک تەنها شتێک، کە لەبەر دەستیدا ماوە، وەک لەمەوبەریش ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەوەیە، کە ئەو، واتە ژنەکەی حەڵاڵی خۆیەتی و هێشتا بە یاسا و بە ئایین و بە دابونەریت ژنی خۆیەتی. باوک هەموو شتێک بەکاردێنێت، تەنانەت توندوتیژییش بۆ ئەوەی ژنەکەی بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی.

**باوک**

جاڕ بە جەهەننەم، من بۆ ماڵەوە نەگەڕاومەتەوە تا بنووم، ئەو شتەم دەوێت کە مافی خۆمە.

**دایک**

دەستت لابە.

**باوک**

ئەوەم دەوێت، کە هیی خۆمە.

**دایک**

هیی تۆ نییە. هیچ شتێک هیی تۆ نییە. دەستم بۆ مەبە.

**باوک**

چەندم حەز لێتە و کەنگێ بمەوێت دەستت بۆ دەبەم. توو جەهەننەم چیتە؟ (لێی دەدا) ئێستا نەجوولێیت. ئەگینا دەیترشێنم. ناچارم مەکە بەر قامچیت بدەم. (لێی دەدا) ئەوە بکە، کە پێت دەڵێم.

**دایک**

باشە. لێم بدە. لێم بدە.

**شانۆنامەی شەڕ**

دایک بە هەموو شێوەیەک لە مێردەکەی دوور دەکەوێتەوە و بە هیچ شێوەیەکیش قایل نابێت جەستەی خۆی بداتێ، باوکیش دواتر و بۆ دامرکاندنەوەی

ئالۆشی سێکسیی خۆی، هەوڵ دەدات دەست بۆ کچە گەورەکەی ببات، ئەو کچەی، کە چەندان جار لەلایەن کەسانی ترەوە لاقە کراوە و ئێستایش ژیانی خۆی لەدەست داوە و بووەتە سۆزانی و بیر لەوەیش دەکاتەوە کە ڕابکات. کچی باوکە کوێربووەکە، لەم هەڵوێستەدا بە ڕووی باوکیدا دەقیژێنت و دەڵێت: "هەی دزێوی قوڕمساخ. تۆیش ڕێک وەک ئەوانی تر وایت."

**کوێری وەك سمبۆلێکی دابڕان و تەنیایی**

که شەڕ پاڵەوانە سەرەکییەکە (باوک) کوێر دەکات، بنەمایەکی قووڵ و مەودایەکی فراوانتری پێ دەبەخشێت. باوک بەردەوام لە تەقەلای دۆزینەوەی خۆیدایە، بەدوای کەسایەتییەکانی تردا دەگەڕێت، لە تاریکییەکی ڕەهادا دەسووڕێتەوە و هەرگیز پێوەندییەکان ناگاتە ئاستێکی تەواو و هەمیشە لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسووڕێنەوە، لەم ڕووەوە دەڵێت:

**باوک**

هەندێک جار پێم وایە تەنها پێویستم بەوەیە دەست ڕایەڵ بکەم و گڵۆپێک داگیرسێنم و ئیدی هەست دەکەم کە هەمدیس دەبینم... ڕوون و ئاشکرا دەبینم. ڕەنگە ئەم

تاریکییە ئەهوەنتر بوایە گەر مرۆڤ هەر لە ئەوەڵەوە چاوی نەبوایە و نەیزانیایە شێوەی شتەکان چۆنن. ئەوسا مرۆڤ حاڵی نەدەبوو لەوەی کە چ شتێکی لەدەست داوە، وەک ئەوە وا بوو جیهان مردبێ.

**شانۆنامەی شەڕ**

کارەکتەری باوک لە تەقەلایەکی هەمیشەییدایە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لە ژووورە نوێیەکاندا خۆی بدۆزێتەوە، سەرلەنوێ خۆی لە ماڵەکەیدا ڕابهێنێتەوە، کە بۆتە نامۆ و میوانێکی بێزارکەر.

ئەو هەڵسوکەوتەی باوک لە هەمان کاتدا جۆرێکە لە میکانیزمی ئارەزووی کۆنترۆڵکردن لای پیاو و هەستکردنیشە بە تەنیاییەکی قووڵ و بێسنوور:

"نا... وەرە ئێرە."، "لێرە ماویت؟ (هەڵدەستێت) ڕۆیشتوویت؟"، "لەوێ ڕاوەستە. (بەرەو لای دەچێت) شتێک بڵێ. بێ جووڵە ڕاوەستە"، "دەزانم تۆ لەوێدایت... گوێم لێیە هەناسە دەدەیت"، "ئەوە چ دەکەیت؟"، "تۆ کێیت؟"... هتد...

**شانۆنامەی شەڕ**

ئەم وشانەیش لە (شەڕ)دا، کە بەشێکن لە دیالۆگەکانی کەسایەتیی باوک، گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی هەستی تەنیایی و ویستی کۆنترۆڵە لە لای ئەم کارەکتەر بێدەرەتانە. لەم بارودۆخە گرانەی شەڕدا، لە ئەتمۆسفێری گەڕانەوە و کوێربووندا، شتێکی زۆر لۆژیکییە، کە ئەم جەنگاوەرە هەموو شتەکان لەدەست بدات، ئەوانەیشی کە لەوەوپێش لەدەستی داون، سەرلەنوێ لەدەستیان دەداتەوە. کچە بچووکەکەی تەنها ڕووناکی و هیوای ئەم شەڕە خوێناوییەیە و هەست و سۆزێکی مرۆڤانەی تێدا ماوە، تەنها کەسێکیشە کە هەست بە باوکی دەکات و هەر ئەویش لە کۆتاییدا و بە ڕەزامەندیی خۆی لای باوکی دەمێنێتەوە. لە کاتێکدا خوشکە گەورەکەی، دایکی و ئیڤانی مامی بڕیار دەدەن کۆچ بکەن و (باوک) بۆ چارەنووسی خۆی و بە تەنیا جێبێڵن، کچە بچووکەکە سمبۆلێکە بۆ گەڕانەوەی هیواکان، بۆ سەرلەنوێ پێکەوەژیان و بنیاتنانەوەیەکی تر.

## له چاوەڕوانی موجیزەیەکدا
## پەرجووی لاش نۆرێن لەنێوان بوون و نەبووندا

لاش نۆرێن، له حەفتاکاندا لەژێر کاریگەری و دەروازەی شانۆنامەکانی نووسەری ئەمەریکی (یۆژین ئۆنێل) ١٨٨٨- ١٩٥٣ یەکەم سەرکەوتنەکانی بەدەست دەهێنێت، مەودایەکی فراوان، تێڕوانینێکی سەراپاگیر و مۆرکێکی سوێدی دەبەخشێت به شانۆنامەی (سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو)ی یۆژین ئۆنێل، هاوکات له پاڵ ئۆنێلدا، چێخەف دەبێته چاوگەیەکی گرنگی قۆناغەکانی تری. پاڵەوانەکانی چێخەف لێره و لەوێ له بەرگێکی تردا و به هەناسەیەکی سکاندناڤی، له بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی لاش نۆرێندا دەردەکەون و له کۆتاییشدا له هارۆڵد پینتەردا فۆرمێکی جیاواز و تەکنیک و زمانێکی تایبەتمەند دەدۆزێتەوە.

ئەم نووسەرە لە گەشتی بەرجەستەکردنی کۆمەڵگە بۆرژوازییەکانەوە، لە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و پێوەندییەکانی فەرزەند و باوانەوە، لەسەر شەقام و کۆڵانە پیس و تاریک و تەنگەکانەوە، لە هۆڵی ژوورە ڕازاوەکانەوە، بۆ ناو تلیاکخۆر و بەدمەستەکان و مرۆڤە نەخۆش و دەروونشێواوەکانەوە، بە چڕی ژیانی ڕۆژانە تاوتوێ دەکات، گیان لە دانیشتوانی شانۆنامەکانی دەردەکات و سەرلەنوێ و لە شوێنێکی تردا گیانیان پێ دەبەخشێتەوە.

لاش نۆرین لە شانۆنامەی (پەرجوو)داماڵی ساموێیل بێکێت دەدۆزێتەوە، لە بنەماکانی ئەو شانۆیەوە، لە ئەتمۆسفێرێکی تایبەتمەندی بێکێتدا، زمانێکی تایبەت بە خۆی و وێنەیەکی سوێدی لەو بەرگەڕەشەدا بەرجەستە دەکات. زۆربەی ڕەخنەگرە سوێدییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە لاش نۆرێن زۆر لەمێژە بەڕێگەوەیە بەرەو دونیا و جیهانە ئەبسۆرد و سۆفیزمە ئاڵۆز و لیریکە ڕەشەکەی سامویل بێکێت. (پەرجوو)یش خوێندنەوەیەکی جیاواز، ئەندێشەئامێز، توندوتیژ و هەمەلایەنی شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)وەیە.

لاش نۆرێن لە هەموو شانۆنامەکانیدا، ڕیالیزم و ئێگزیستێنتیالیزم و ئەوانەیشی کە زیاتر لە شانۆی ئەبسۆرد نزیک دەبێتەوە، دەروونی مرۆڤ، حەز و هیواکانی مرۆڤ، بێدەرەتانی و دڵەڕاوکێی مرۆڤ، گرفتەکانی بوون، ئازارەکانی تاکەکەس و نامۆبوون و مەرگ، تەنیایی، خەمۆکی و بوونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و هیچ سنوورێک لەنێوان ڕەشترین ڕاستییەکان و کۆمیدیایەکی بێهوودەدا ناهێڵێتەوە.

## پەرجوو باسی چی دەکات؟

هیچ شتێک لەم شانۆنامەیەدا ئاشکرا نییە، هیچ شتێک دڵنیا نییە، زمان لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا دەسوورێتەوە، لۆژیک دەبێتە نالۆژیک و ناتەبا دەبێتە تەبا و بیرۆکە و بۆچوونەکان لەنێو پشێوییەکی بەردەوامدا بەرجەستە دەبن. هیچ ڕووداوێک، هیچ سەرەتا یان کۆتاییەک، هیچ ژینگە و شوێنێک و هیچ زەمەن و هێڵێکی ئاشکرا بەدی ناکرێت. لاش نۆرێن لەم وێستگەیەدا و لە دووتوێی نەبوونی ڕووداو و شوێنەوە وێنای کۆتاییهاتنی شارستانییەتی خوڵقاندووە. سێ مرۆڤ لە شوێنێکی نادیاردا گیریان خواردووە، بۆ نموونە گەوڕێک، شێتخانەیەک، نەخۆشخانەیەکی

دەروونی، بەندیخانەیەک، ژوورێکی چاوەڕوانی، دەتوانین بڵێین هەموو شوێنێکە و هیچ شوێنێکیش نییە، شوێنێک لەنێوان ژیان و مەرگدا، چاوەڕوانیش تەنیا فریادڕەس و دالّدەی ئەم کارەکتەرانەیە. کەسایەتییەکان لەم ناشوێنەدا لە تێکۆشانێکی بێوچاندان تا خۆیان بدۆزنەوە و خۆیان بناسنەوە، تا بزانن ئەوان کێن، لە کوێوە هاتوون و بەرەو کوێ دەچن و چین؟

**کول**

(هەڵدەستێ، وەستاوە و بە سووکی دیلانێ دەکات)

تۆ.

(وچان)

تۆ.

(وچان)

تۆ. تۆ ناوت چییە؟

**کییر**

ئا.

**کول**

ناوت چییە؟

**کییر**
نازانم. نازانم ناوم چییه؟

**کول**
نەبابە. نازانیت؟

**کییر**
ئا.

**کول**
باشە.
(وچان)
تۆ
(وچان)
من نازانم لە کوێم.

**کییر**
نازانیت لە کوێم؟

**کول**

نا.
(وچان)
من نازانم لە کوێم.
(وچان)
تۆ لە کوێیت؟

**کییر**
ئا... بە هەرحاڵ تۆ لێرە نیت.

**شانۆنامەی پەرجوو**

ئەمەیش گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ (بێکێت) و کارەکتەرەکان لە فۆڕم و شێوازێکی تردا وەک بەندێک وان، بەڵام بەندی بەندیخانە نا، بەڵکو بەندی ژیان و بەندی سیستێم و یاسا و ستراکتۆر و بنەما کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان. سێ کارەکتەرەکە بێلانەن و لە تەقەلای ئەوەدان ژیانیان، بوون و گوزەرانیان بگەڕێتەوە بۆ بارێکی ئاسایی، لە جیهانێکدا کە هەموو شتەکان نادیار و نادڵنیا و نائارامن، کەسایەتییەکان لەسەر لێوارەکانی نەمان و کەوتنێکی تەواوەتیدان، لە زەمەنێکدا لە هەوڵی ناسینەوەی خۆیاندان، کە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەڕوات. کارەکتەرەکان لە گیانەڵادان،

یان لە ڕەوش و حاڵەتێکی گیانەڵاوە بەئاگا دێنەوە و نازانن بەرەو کوێ دەچن، هەرچەندە بەتەمەنن، بەڵام هەروەک ئەوە وایە تازە لەدایک بووبن.

ڕووداوەکان زیاتر لەنێوان کول و کییردا ڕوو دەدات و کەسی سێیەم، لوکا، بە قوونی ڕووتەوە لەنێوانیاندا کەوتووە. ئەوان لە بوونی خۆیان، لەوەی دەیڵێن، هۆشیارن، بەڵام زۆر جار وشەیەک، دەستەواژەیەک لە ڕستەکانیاندا دیارنامێنێت و بەو شێوەیەش هەموو دیمەنەکە فۆرمێکی تر لەخۆ دەگرێت. هەندێکجار جگەرە دەکێشن بەبێ ئەوەی جگەرەیان بەدەستەوە بێت، کتێب دەخوێننەوە، بەبێ ئەوەی چ کتێبێک لە ئارادا بێت، یان دەبنە جادووباز و بە پەنجە تەقاندنێک کەسێک لەو ناوەدا ناهێڵن. دونیای وەهم واقیعێکی هەستپێکراوە و ئەوان لە وەهمێکی واقیعی و ڕاستیدا دەژین.

**لوکا**

(هەڵدەستێت، یان لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێت. پەڕەی کتێبێک هەڵدەداتەوە، کەبوونی نییە، بە شتگەلێک پێدەکەنێ، کە لەوێ بوونیان نییە)

**کول**

خۆشە؟

**لوکا**

ئا.

**کول**

پێت خۆشە؟

**لوکا**

ئا، نازانم خۆشە، نایابە.

**کول**

ئا، کەواتە باشە، باسی چی دەکات؟

**لوکا**

نازانم، هەر ئێستا دەستم پێ کرد. کەمێک دەیپەڕێنم.

**کول**

ئاگام لێیە. خۆ لەم ڕۆژانەدا ئەو کتێبەت خوێندەوە. ئەوە هەمان کتێبە کە لەو ڕۆژانەدا بۆی دانیشتیت و خوێندتەوە.

**لوکا**

نا، ئەو کتێبە نییە.

(دەست دەداتە کتێبێکی تر، کە نییە)

ئەمەیان بوو.

**کول**

ئێ ئێ.

(وچانێکی کورت)

پێم وایە وەک یەک وان. پێم وایە یەک کتێبن.

### شانۆنامەی پەرجوو، دیمەنی C٨

لەو پانتاییە چۆڵ و بەتاڵەدا وشەکان دەنگ دەدەنەوە، دەزرنگێنەوە و زایەڵەیەکی نابەجێ و ترسناک دروست دەکەن، بەڵام دەقەکە باسی هیچ ناکات، هیچ شتێک نییە ناوەڕۆکێکی هەبێت و باسی شتێک بکات. دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان بوونی هەیە، دیالۆگێکی زۆر و بێکۆتا، کە هیچ ناڵێت و لە هەمان کاتدا هەموو شتێک دەڵێن و هەموو ماناکانیش لەخۆ دەگرن، لە یەک کاتدا ڕوون و ئاشکرایە و زۆر گران و تەمومژاوی و نادیاریشە. هەردوو کارەکتەری کول و کییر بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ کارەکتەرەکانی

فلادیمێر و ئەستراگۆن هاوتەریبن و ئەم دوانە بوونیان تەنها لەلایەن خۆیانەوە دووپات دەکرێتەوە، ئەم کەسایەتیانە ئارەزووی گەڕانەوەیان هەیە بۆ ناو سۆزی دایک، شوێنێکی تەڕ و تاریک. ناوەکانیشیان: کول، کییر و لوکا پێدەچێت بەکارهێنانەوەیەکی تری ناوی قوتابییەکانی مەسیح بێ.

لەم جیهانە ئەبسۆردەدا، لەم شوێنە ناشوێن و ڕۆچوونی ڕووداوانەدا، ڕۆحێکی کۆمیدیا، کۆمیدیایەکی ڕەش بەنێو هێڵی ڕووداوەکاندا دەڕوات، بار و هەڵوێستە تراجیدیاکان فراوان دەکات و مەودایەکی قووڵتریان پێدەبەخشێت. لە هەمان کاتدا مۆرکێکی شیعرئامێز لەخۆ دەگرێت و بونیادی دەقەکە نزیک دەکاتەوە لە شیعر و هەناسەیەکی لیریکی لەخۆ دەگرێت. بە کورتی دەتوانین پێناسەی (پەرجوو) بەم شێوەیە بکەین: ئەو مرۆڤانەی، کە بە تەواوی کۆنترۆڵیان لەدەست داوە و بە شێوەیەکی نائارام لە بازنەیەکی نادیار و ناکۆتادا دەخولێنەوە. ئێمەی مرۆڤ چاوەڕوانی چین؟ مەرگ یاخود فریاگوزاری؟ پێغەمبەرێکی تر یان موجیزەیەکی چاوەڕواننەکراو؟ ئەوەی پێویستە ئاماژەیشی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە مرۆڤ لە چاوەڕوانییەکی بەردەوامدایە تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت، مەرگیش بۆ خۆی چاوەڕوانییەکی ئەبەدی مرۆڤە.

## پەرجوو ـ وەك ناونيشان

پەرجوو گەمەیەکی هەمەلایەنە بە زمان و بە سوێدی دەکرێت چەندین مانای جیاواز لەخۆ بگرێت: پەرجوو لە یەک کاتدا ئاماژەیەکە بۆ شتێک، کە زۆر لە خوارەوەیە یان بە پێچەوانەوە، هەر زۆر لە سەرەوەیە، خوارەوەی کۆمەڵگە و چینە پەراوێزکراوەکان یان موجیزەیەکی خواوەندی. مانای وشەکە لە ڕووکاری دەرەوەی دەکرێت بە (چی لە ژیانماندا، لە زەمەنێکی دیاریکراودا ڕوو دەدات و چ شتێک لەژێرەوەیە) ئاماژەی بۆ بکرێت.

لاش نۆرێن هەر لە ڕوانگەی ئەم ناونیشانە مەجازییەوە، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی توندوتیژ و بەبێ هەست و سۆز و بە شێوازێکی کۆمیدی، لایەنەتاریکەکانی، پر لە کارەساتەکانی، هەروەها ئەبسۆردەکانی پشتەوەی کۆمەڵگەمان پیشان دەدات. پەرجوو وەک موجیزەیش ئاماژە و ڕەنگێکی ئاشکرای ئایین بەخۆوە دەگرێت و سێبەری خودایەک بەردەوام لە ناواخنی ڕووداو و پشتەوەی کارەکتەرەکان، وشە و دیالۆگەکاندا بوونی هەیە.

کول و کییر و لوکا لە چاوەڕوانی هەموو شتێکدان: چاوەڕوانی ژیان، مەرگ، قووتاربوون و مەسیحێکی

نوێ. لەوانەیە چاوەڕوانی هیچیش نەکەن و تەنها لەوێدان یان لەوێشدا نین و بوونیان نییە، بێ ناو، بێ پێناس، بێ ناونیشان، بێلانە، مردوو و لە هەمان کاتدا زیندوویش. کەسایەتییەکان لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەدان یان چاوەڕوانی موجیزەیەکی خواوەندین، دەشکرێت بڵێین هەردووکیان، نغرۆبوون و موجیزەیش.

**من- ی تاك و زەمەنی شانۆنامەكە**

منەکان- لە ژیان و لە کۆمەڵگەدا هەوڵی ئەوە دەدەن کەموکوڕییەکانی بوون و پێوەندییەکانیان بەوانی ترەوە، بە کەسی دووەمەوە بشارنەوە، بەڵام لە پەرجوودا کارەکتەرەکان هیچ ناشارنەوە و هیچ شتێک نهێنی و شاراوە نییە. لەبەر ئەوە کول، کییر و لوکا زۆر نزیک دەبنەوە، دەمامک و ڕووپۆشەکان، بەربەست و مەرزەکان دەڕووخێنن و شتێک بەرجەستە دەکەن، کە بۆ مرۆڤ نییە، قەدەغەیە ئەو ڕەوشانە دەرخات: واتە لەدەستدانی کۆنترۆڵ. کەی ئەو کۆنترۆڵەشمان لەدەستدا، ئیدی دەکەوینە ژێرەوە، دەکەوینە ناو کەلاوە و پشت دیوارە بەرزەکانی کۆمەڵگەوە. کارەکتەرەکان هەرچەندە زۆر شێواو و نادیارن، بەڵام هۆشیارن، لە هەموو شتێک دەگەن، هەموو شتێکیان بینیوەو بە

هەموو شتێکدا تێپەڕیون. ئەوان بەچەشنی مەسیح گوناهەکانی ئێمەیان هەڵگرتووە، ئەو سنوورەتوندوتیژەی لەنێوان ژیانی دەرەوە، سەرەوە و خوارەوەدا هەیە، لای کارەکتەرەکانی پەرجوو بوونی نییە.

سێ پیاو، سێ قوربانی، سێ جەللاد. منێک، کە خەریکە دەبێت بە تۆ، بەڵام دوودڵە، لەبری ئەوە منەکان دەبنە چەندین منی تر، دەبنە ئەو و پرسیارەکانیان: "تۆ کێیت؟، من لە کوێم؟ پێڵاوەکانم لە کوێن؟ شەو زیاتر تاریک بووە" دیمەنەکان لە خودی پرسیاری من-ەکانەوە، ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ کۆمەڵگە و ستراکتۆرە چینایەتی و ئاستە دەروونییە جیاوازەکان. منەکانی تریش، کە لە دەرەوەی ئەو بازنە و سنوورە دیاریکراوانەوە دەجووڵێنەوە، ناتوانن گوناهەکان، یاسا دڕندەکان، جیاوازییەکان و دیوی ناوەوەی شتەکان ببینن یان نازانن، کە کێ کۆمەڵگەکانمانی دروست کردووە، هەر لەبەر ئەوەیشە، کە ناتوانین پەنجە بۆ تاوانبارەکان ڕابکێشین، لەبری ئەوە ئێمە هەموومان تاوانبارین و دەشبێت هەموومان پێکەوە بەرپرسیار بین بەرامبەر ئەوانی تر، ئەوانەی لاش نۆرێن لەم شانۆنامەیەدا ئاماژەیان بۆ دەکات، لەناو شانەکانی

دیمەن و ڕووداوەکاندا منی تاک لە ترۆپکی جووڵە و بزاڤی وشە و ڕستە تەواونەکراوەکانیاندایە، کارەکتەرەکان لە هەوڵێکی ئەزەلی و بەردەوامی ئەوەدان، کە ببینرێن و هەستیان پێ بکرێت، بوونیان دووپات دەکەنەوە و گیرۆدەی ئەوەن، کە بوونیان خاوەنی کردارێکە، هەڵوێست و ڕەوشێکە. لەم دووڕیانەدا کارەکتەرەکان لە مەرزەکانی گەمەخەون و لێبوکێکی غەمگیندا دەسووڕێنەوە، لە دەرگاکانی شانۆی ئەبسۆرد دەدەن و شوێنپێی سامۆییل بێکێت هەڵدەگرن.

دیمەنەکان لەنێوان گەمەخەون، فۆرمێکی لێبوکئاسا و شانۆیەکی دەربڕیندا پێکدا دەچن و لە وێنەیەکی تەمومژاویدا ڕۆدەچن. بە چەشنی (کۆتایی گەمە)ی بێکێتەوە لە پەنجەرەیەکی بەرزەوە، دەڕواننە گەردوونێکی فراوان و لاش نۆرێنیش جووڵە و بزاڤی کەسایەتییەکان لە هونەری پەیکەرتاشی نزیک دەکاتەوە و وێنەیەکی زبر و ڕەق دەکاتە پەیکەرێکی بزۆز، زنجیرە دیمەنێکی کورت، یەک بە دوای یەکدا، هەندێکیان بریتیین لە چاوتروکانێک، جووڵەیەکی خێرا، ڕووناکی، تاریکی یان ڕەوشێکی بروسکەئاسا، وێنەی گوزارشتئامێز دروست دەکات و لە هەمان کاتدا دەیانڕووخێنێت.

## ئایین و سێبەری مەسیح

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە چەندین مۆتیفی ئایینی لەخۆ دەگرێت، هێڵی تێکستەکان و گەمەی زمان دەمانباتەوە بۆ ناو کێشە و مەسەلە ئاینییەکان، مەسیح و هەندێک لە دێڕەکانی ئینجیل تێکەڵاوی وڕێنە و ڕەوشێکی کۆمیدی دەبن. پەرجوو لە خاڵی سفرەوە دەست پێدەکات و مەسیح ئازاری کارەکتەرەکان هەڵدەگرێت و پرسیارەکانی من کێم؟ من چیم؟ بۆچی من؟ لە چەمکەکانی ئایینەوە، لە سەودایەکی نهێنییەوە، لە گەمەیەکی کۆمیدییەوە ئازارەکانی مەسیح دەبەستێتەوە بە ئازارەکانی (کییر، لوکا و کول)ەوە. لەم گێژاوەدا کارەکتەرەکان گەمەی لەخاچدانی مەسیح دەکەن و پەنا دەبەنە بەر وەهم و سمبۆلەکان.

**کول**

ئا... کەوایە ئەوە لەگەڵ ئەودا بکە.

**کییر**

کێ؟

**کول**

ئا، ئەو... لەگەڵ مەسیحدا.

**کییر**

مەسیح، ئا... نەء... گەر من... من دەبێ... گەر من... گەر من... ئەوێی ماچ کەم... ئەوێی ماچ کەم... دەمی... ماچ کەم.

**کول**

دەمی ئەو؟

**کییر**

دەمی. دەمی ئەو... لەو سەرەوە...

**کول**

لەو سەرەوە

**کییر**

(وچان)

ئەو لە خوارەوەیە.

**کول**

منیش لەوێم... لە خوارەوەم.

**کییر**

ئەوان ئەویان داگرتۆتە خوارەوە.

**کول**

هەمیشە لە خوارەوەیە. لێرە لە خوارەوە. خوارووترین لە دەمارەکانا.

**شانۆنامەی پەرجوو، دیمەنی ٢١**

کارەکتەرەکان بەردەوام دەربارەی ژیان، مەرگ، بوون، ئایین قسە دەکەن، هەروەک ئەوەی ئەو سێ کەسە دوا مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی بن، لە کۆتاییشدا بەرجەستەی وێنە بەناوبانگەکەی داڤنشی، دواخوانی مەسیح دەکەن، بەڵام کامیان یەهودایە؟ یان کامیان بۆ ڕۆڵی یەهودا هەڵدەبژێردرێت. یەهودا ئەو کەسە بوو، کە خیانەتی لە مەسیح کرد و بە هۆی ئەو خیانەتەیشەوە لە خاچ درا.

**کییر**

ئێستا سەیریان بکە هەموو ئەوانەی ئەوێ، ئێستا پێم بڵێ پێت وایە کێ و کێ؟

**کول**

بەڵێ؟

**کییر**

بەڵێ؟

**کول**

چیی؟ ئەوەباسی چیی دەکەیت؟

**کییر**

باسی هیچ ناکەم! ئەوەکێیە؟

**کول**

کێ؟

**کییر**

یەهودا کێیە؟

**کول**

یەهودا؟ خۆ تۆ باسی مەسیحت دەکرد.

**کییر**

ئا بەڵام من باسی یەهودام دەکرد؟ کامیان لەوانەی ئەوێ ئەوە؟

**کول**

نازانم.

## شانۆنامەی پەرجوو، دیمەنی ٢١

### زەمەن و زمانی پەرجوو

فۆرم و شێوازی نووسین لەم شانۆنامەیەدا زۆر گرنگە، دیمەنی کورت لەنێوان تاریکی و ڕووناکیدا، ئەوەی ئێستا دانیشتبوو، پاش قەیرێکی تر و لە چاوتروکانێکی تردا بە پێوە، بەدیوارەکەوە نووساوە، ئەوەی نوستبوو، ئێستا جووتێک پێڵاو تاقی دەکاتەوە، ئەوەی تریشیان، هەر وەک مردوو کەوتووە. ئاماژە و دەنگ و هەندێک جار لە تاریکییەوە ڕستە پچڕاوەکان و چۆنێتی جوڵانەوەی جەستەی کەسایەتییەکان، دەنگدانەوەیەکی فەلسەفی هەیە، کارەکتەرەکان لەو بێزمانییەدا، بە دوای ئەڵتەرناتیڤێکدا دەگەڕێن بۆ پێوەندی، بۆ دیالۆگ و بۆ دووپاتکردنەوەی پێداگرتن لە بوونی خۆیان.

زۆرجار زمان دووره له هەموو لۆژیکەکانی بەکارهێنانەوه، دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوامه، ڕستەی کورت و پچڕپچڕ یان وێنەیەکی مەجازییه، لەگەڵ ئەوەیشدا به شێوەیەکی سەیر نزیک بووەتەوه له زمانی ژیانی ڕۆژانه و (من)ی تەنیا. لاش نۆرێن لەم شانۆنامەیەیدا نزیک بووەتەوه له زمانی بەدمەست و بەنگکێشەکان و ئەو زمانه تایبەتییەی به شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکار هێناوه. دیالۆگەکان له هەڵوەسته و باری جیاوازدا، چەندین مانای جیاواز لەخۆ دەگرن، به دوای شووناس و ناوی خۆیان و هەڵوەسته و شوێنکاتی خۆیاندا دەگەڕێن، بێ ئەوەی هەست به ماناکانی بوونی خۆیان بکەن. دیالۆگەکان تەنها وشەی کورت و ڕستەی پچڕپچڕ و تەواونەکراو نییه، بەڵکو وەستان و پچڕانی هەست و بیرکردنەوه و هۆشه، کارەکتەرەکان لەنێو وچانەکاندا گیر دەخۆن، بزر دەبن و لەم حاڵەتەیشدا زمان فۆرمێکی تر و جیاواز لەخۆ دەگرێت و هەندێک جار دیمەنەکه به تەواوی له تاریک و لێڵیدا بزر دەبێت.

**کول**

هەمدیس دەستمان پێ کردەوە.

**کییر**

چیی؟

(ڕووناکی)

**کول**

بەمە.

**کییر**

بە کامە؟

(تاریکی)

(وچان)

دەستمان بە چیی کردەوە؟

**کول**

بەمە...

(ڕووناکی)

بەمەی کە کۆتایی هات...

**کییر**

نازانم.

(تاریکی)

**کول**

لەبارەی چییەوە پرسیار دەکەیت؟

**کییر**

ئا، خۆت وات گوت.

**کول**

تاریکە یان ڕووناک؟

**کییر**

ڕووناک؟

**کول**

بە ڕاست ڕووناکە؟

**کییر**

من باش نیم، ناتوانم دانیشم... شتێک لە کۆممدایە.

**کول**

خواحافیز.

(ڕووناکی)

(تاریکی)

**کول**

خواحافیز...

(ڕووناکی)

من چاو لێک دەنێم.

**شانۆنامەی پەرجوو، دیمەنی ١٨ A**

هەندێک جار بریسکەی کورتخایەن لە یادەوەری کەسایەتییەکاندا زیندوو دەبێتەوە، وایان لێ دەکات، کەوا بزانن شتێک دەزانن، بەڵام هەر زوو ئەو بریسکەیە بزر دەبێتەوە و دیالۆگەکان زۆر خێرا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و لەبری ئەوە خەندەیەکی ئەبسۆرد لەخۆ دەگرێت. تەقەلای ئەم کارەکتەرانە بۆ ئەوەیە مانایەک بۆ ژیان و بۆ بوونیان بدۆزنەوە، لە ڕەوش و هەڵوێستەیەکی کۆمیدیدا دەسوڕێنەوە، هەریەکەیان زمانی تایبەتمەندی خۆی و لۆژیکی خۆی هەیە، بەڵام

لەڕووبەڕوبوونەوەکانیاندا حاڵەتێکی ئەبسۆرد دەخولْقێنن. وێنەکان دێن و دەچن: وێنەی زمانەوانی، وێنەی وەستاو، وێنەی بێدەنگ و وێنەی بزواو، دیمەن دوای دیمەن، هەندێکیان تەنها چرکەیەکە، هەندێکیان پانتۆمایم و وشەیە، تەنها وێنەیەکی کۆریۆگرافی، ڕووناکی، تاریکی، ڕووناکی و کات تێدەپەڕێت، پرسیارەکان بێ وەڵام دەمێننەوە، ڕستەکان تێکدەشکێنرێن و دەبنە وێنە و میتافۆر، زەمەن وەک شێرپەنجە و ئایدز وایە، چۆن بێت و چۆن دەبێت، هەر دەڕوات و کارەکتەرەکان لەنێو نەبووندا دەتوێنێتەوە.

**کول**

شێرپەنجە ئێستا تەواو شتێکی ئاساییە... هەموو شتێک شێرپەنجەیە... هەموو شار بریتییە... زەمەن خۆی شێرپەنجەی خۆی هەیە.

**کییر**

ئا.

**کول**

زەمەن خۆی شێرپەنجەی هەیە.

**كییر**

یان ئایدز.

**كول**

ئەوەش هەر شێرپەنجەیە، ئەوە شێرپەنجەیە كاتێک... كاتێک ئایدزە.

**كییر**

بە ڕاست؟

**كول**

(شتێک لە دەمیدا دەردەكێشێت، تاڵە قژێكی درێژ)

ئایدز یان شێرپەنجە... ئەوە چییە! نەفرەت... چی دەكەیت!

**كییر**

نازانم... نازانم ئەوە چییە...

**شانۆنامەی پەرجوو، دیمەنی B ٢٠**

## کورد و زەمەنی شێرپەنجە

شانۆنامەی (پەرجوو) وێنەیەکی شیعرییە و گوزارشت لەو زەمەنە دەکات، کە تووشی شێرپەنجە بووە، لێرەدا میللەتی کورد و ئۆدیب یەک دەگرنەوە. ئۆدیبۆس دەبێتە سیمبۆلی لەدەستدانی کۆنترۆڵ، کوردیش بێدەرەتانی. پەرجوو وەک ئەوە وایە، کە خەوشێک، هەڵوێستێک یان خەونێک بێت لەنێوان دیمەنەکاندا و بە ئاشکرا لە دەرەوەی هەموو زەمەن و شێوازە تەباکان و ناتورالیزم و ڕیالیزمەکانەوەیە. پارچەپارچەیی و بێلانەیی کورد لەگەڵ بێلانەیی کارەکتەرەکان یەک دەگرێتەوە و کوردیش دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەو دۆزەخە. لوکا زۆر کەم دەدوێت، ئاماژەی مردووی بۆ دەکەن و لەو بێدەنگییەدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان بە دوای گەوهەری ڕاستییەکاندا دەگەڕێت و نووسەریش هەندێک لە دیالۆگە گرنگەکانی بە لوکا بەخشیوە. لوکا لە زەمەنێکی جیاوازتر، بە بەراورد لەگەڵ کول و کییر دەژی، زمانێکی جیاوازتریشی هەیە و لەو پشێوییەدا زۆر بە وردی شتەکانی دێنەوە یاد، باسی کورد دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ دۆخە نادیارەکەی خۆی.

**لوکا**

...خەڵکی کوێیت؟ گوتی کوردستان. ئێ ئێ کوردستان، ئا. پاشان گوتی ئێران. من گوتم: ئێران؟ پێم وابوو گوتت کوردستان؟ ئا، باکووری کوردستان لە ئێران. دەکەوێتە ئێرانەوە. لێم پرسی: ئەدی وەزع لەوێ چۆنە. پاشان کەوتە باسکردنی ئەوەی کە لەوێ ڕوو دەدا. هەڵبەت لەوێ زۆر شت ڕووی دابوو. ئەو گوتی کە سی هاوڕێی لە قوتابخانەدا هەبوون، ئێستا لەو سییە تەنها پێنجیان لە ژیاندا ماون. سیانیان لە ئێران لە زینداندان، ئەوانە حەڤدە ساڵە لە زینداندان، دوانیشیان لە ئەڵمانیان و ئەمیش لێرەیە. ئەو حاڵی حازر لێرەیە، بەڵام دەیەوێت بۆ جێگەیەک بچێت.

## شانۆنامەی پەرجوو، دیمەنی ٦ B

مەسەلەکانی شووناس و نەبوونی شووناس دەبێتە شتێکی گەوهەری و گرنگ و کارەکتەرەکان پێناسی خۆیان لەدەستداوە، کوردیش لەم بوارەدا بێ شووناسە یان دوژمنەکانی لە هەوڵی ئەوەدان، کە هەموو شووناسەکانی لێ زەوت بکەن. زمانیش لە خودی زەمەندا ئامڕازەکانی لە دەست دەدات، لەبری ئەوە دەبێتە یان تەقەلای ئەوە دەدات کە ببێتە زمانێکی بەرهەڵستکار، بەڵام ئامڕازەکانی هەموو جۆرە پێوەندییەکان لێک دەترازێن.

**له چاوەڕوانی پەرجوودا**

له دەسپێکی ئەم باسەدا، ئاماژەمان بۆ ئەوه کردووه، که لاش نۆرێن دوای گەشتێکی دوورودرێژی چل ساڵیی، له ڕیالیزم و ڕیالیزمی دەروونییەوه بۆ شانۆیەکی ئێگزیستێنتیالیزم و مەسەلەکانی بوون و مەرگەوه، خۆی له کەنارەکانی شانۆیەکی ئەبسۆرد، ئەبستراکت و ڕاستەوڕاست سامۆییڵ بێکێتدا دەبینێتەوه. (پەرجوو) له (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)، (کۆتایی گەمه) و (ڕۆژێکی بەختیار)ەوه هێز و وزەی خۆی وەردەگرێت، بەڵام به دەنگوڕەنگ و بوون و ئەتمۆسفێری تایبەتمەندی خۆیانەوه. کول، کییر و لوکا وەک کارەکتەرەکانی بێکێت له تەنیاییەکی هەتاهەتاییدا دەسوورێنەوه، له زەمەنێکدا دەژین بەرەو هەڵوەشاندنەوه دەچێت، زەمەنێک تووشی شێرپەنجه بووه (زەمەن ناتوانێ خێرا بڕوا، لەبەر ئەوەی زەمەنیش شتێکی ئەبستراکته) و زەمەن هەرگیز تەواو نابێت.

ئێستراگۆن و فلادیمیر له پەرجوودا و دوای سەدەیەک له چاوەڕوانی، له تەنیایی و له بێلانەیی، بەبێ ئامانج و بەبێ هیوا له سەرەنوێلکێکدا، له سەرەڕێگەیەکدا یان له شوێنێکی نادیاردا سەرلەنوێ یەکتری دەبیننەوه. ئێستراگۆن و فلادیمێر لای بێکێت ئامانجێکیان هەبوو، له چاوەڕوانیدا بوون، ئەوان چاوەڕوانی گۆدۆیان دەکرد،

گۆدۆ هەرچییەک بێت، هەبێت یان نەبێت، بێت یان نەیەت، ئەوە پرسیارێکی ترە. بەڵام کارەکتەرەکانی پەرجوو ئەوەشیان نییە، ئەوان بە دوای شتێکدا لە زمان و ئاماژەکاندا دەگەڕێن، بە دوای شتێکدا دەگەڕێن نە دەزانن چییە و نە دەشیدۆزنەوە، هەندێک جار بە تەواوی لە یەکتر حاڵی نابن و بەردەوام بەسەر سەری یەکترەوە، بەبێ بوار، بەبێ وچان قسەدەکەن. گەمەی لەخاچدانی مەسیحیش تەنها سمبۆلێکە بۆ ئازارەکانی ئەوان، ئێمە و کۆمەڵگە، کۆمەڵگە لە ڕێگەی ئەوەوەی، کە ببینە ئەوانی تر، سێبەرەکانمان. لەم شوێنە نادیارەدا ئێمە هەموو لە چاوەڕوانی پەرجوویەکداین، لە چاوەڕوانی سەرفرازی و قووتاربووندایین و کەسیش بە دەنگمانەوە نایەت. ئەوانەیشی، کە لەم شانۆنامەیەدا دەمانهێننە پێکەنین و پێیان پێدەکەنین، ئەوانەن کە نامانەوێت لە ژیاندا، لە واقیعدا بیانبینین و پێوەندیمان پێیانەوە هەبێت. ئەم شانۆنامەیە چەندین خوێندنەوە و ڕاڤەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، ئەم هەوڵەیش تەنها خوێندنەوەیەکە و دەکرێت لە گۆشەنیگای جیاوازترەوە سەیر بکرێت و بخوێنرێتەوە. (پەرجوو) خەونێکی کراوەیە و دەکرێت بە زۆر شێوە ببینرێت.

# خۆشەویستی چییە؟
# دەمەتەقێیەکە لەگەڵ لاش نۆرێن

**دانا ڕەئووف**

لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی و
پەراوێزی بۆ داناوە

کاتێک لاش نۆرێن من لەسەر عەرەبانەی کەمئەندامان دەبینێت، بۆ تەنها ساتێکیش بەو شێوە پڕ لە هەست و سۆز و بەزەییەی، کە من لەسەری ڕاهاتووم، سەیرم ناکات، هەر وەکو من بەو شێوەیە نەبینێت، یان نەوێرێت ڕووبەڕووی ئەم کەمئەندامییەم ببێتەوە.

لاش نۆرێن دەیەوێت هەموو شتێک بزانێت و بەبێ شەرم پرسیار دەکات. من هاتووم بۆ گۆتلاند، تا هەوڵ بدەم و تۆزێک لە ژیانی لاش نۆرێن تێبگەم، بەڵام ئەو دەست بەسەر بارودۆخەکەدا دەگرێت و دەکەوێتە پرسیارکردن:

- ئەسپەکە چیی کرد؟
- بە پشتدا کەوتیتە خوارەوە؟
- دەتەوێت سەرلەنوێ دەست پێ بکەیتەوە؟

دەستبەجێ ئەو وێنەیەی لە لای خۆم سەبارەت بە لاش نۆرێن بۆ خۆمم دروست کردبوو، ئاشکرا دەبێت: کە ئەم نووسەرە، مرۆڤەکان، ئەزموونەکان و تراجیدیاکان کۆدەکاتەوە، چونکە ژیان و چارەنووسی خەڵکی پێویستە، بۆ ئەوەی شانۆنامەکانی بنووسێت.

دوای ئەوە لاش نۆرێن ددان بەوەدا دەنێت، کە زیندەخەونێکی ناخۆش و دێوزمەئاسای هەیە و هەمیشەیش دووبارە دەبێتەوە، کە لەپڕ لە خەو خەبەری

دەبێتەوە، هەست دەكات ناتوانێت جەستەی بجوولێنێت، هەر وەكو من دەبێتە كەمئەندام و بە كورسیی عەرەبانەئاساى كەمئەندامان دەڕوات.

كاتێك دەگەم، لاش نۆرێن بە پایسكیلێكی بچكۆلەوە چاوەڕێم دەكات و بەرەو ناو هەرسێ خانووە بەردینە جوان و ڕووناكەكانیم دەبات. تیشكی خۆرەكە بڵاو بووەتەوە. ئێمەیش لە دەرەوە، لە پاڵ تاشەبەردە وشك و ڕووتەڵەكاندا دادەنیشین و لە كوپی گەورەدا قاوە دەخۆینەوە. تیشكی خۆرەكە بەناو لەوەڕگەی مەڕ و مانگا و كێڵگە فراوان و پێدەشتەكاندا بڵاوبووەتەوە. (ئانیكا) كێكی بە دارچینییەوە بۆ كردووین و بە قاوەكەوە دەیخۆین. (ئانیكا) ئەكتەرە. لە پایزدا، لە كاتی نمایشكردنی شانۆنامەی (ئاوی وەستاو)ی لاش نۆرێن خۆیدا، كە بۆ شانۆی جوولەكە لە ستۆكهۆڵم كاریان تێدا كرد، یەكترییان دیوە. كێكە دارچینییەكە زۆر خۆشە، لاش نۆرێن و ژنە تازەكەیشی، (ئانیكا)ی ئەكتەر، لەوەدەچێت لەم شوێنەدا پێكەوە بەختیار بن.

**دواتر من بواری ئەوەم بۆ دەڕەخسێت پرسیاری لێ بكەم و گفتوگۆكەمان دەست پێ بكەین. سەرەتا لێی**

**دەپرسم ئاخۆ نیازی ئەوەی نییە بە یەکجارەکی بگوێزێتەوە و لەم دوورگەیە بژی؟**

- هیوادارم. من زۆر حەز دەکەم، کە لێرە بم.

لەپڕ لایەنێکی تری خۆیم بۆ ئاشکرا دەکات، کە تەواو بە من نامۆیە. ئەم نووسەرە گەورەیەی سوێد، کە لەدوای "ئینگمار بیرگمان"ەوە لە هەموو کەسێک زیاتر لەسەری نووسراوە، فرە بەرهەمە و بەردەوام خاوەنی پڕۆژەی تازەیە. ئەم نووسەرە، کە بە دیدێکی ڕەش ناوزەد کراوە و بەرهەمەکانی مۆرکێکی پڕ لە نائومێدی و شەڕی نەوەکان لەخۆ دەگرێت، خەون بەوەوە دەبینێت، کە بە تەواوی و بۆ یەکجارەکی لە دونیای ئەدەب و شانۆ دوور بکەوێتەوە، لەبری ئەوە باخێکی گێلاسی ژاپۆنیی تایبەت بە خۆی بڕوێنێت و باخچەکانی بژار و پاک بکاتەوە.

- یەک دوو ساڵی تر بە کاری دەرهێنانی شانۆییەوە خەریک دەبم و دوای ئەوە دەکشێمەوە و خۆم بڕیار لەسەر کاتی خۆم دەدەم. من هەر زۆر بە پەرۆشی ئەوەوەم بە تەواوی لە هەموو شتێک دوور بکەومەوە و تەنها هەر لێرە، لەم شوێنە بم. پێم خۆشە ئەو قۆناغە ئەکتیڤ و پڕ لە کارەم تەواو بکەم.

**واز لە نووسین دەهێنیت؟**

– نەخێر، بە پێچەوانەوە، ئەوکات دەتوانم بە تەواوی خۆم بۆ نووسین تەرخان بکەم.

**دایک و باوکت سەبارەت بە پیشەکەت، وەکو نووسەر دەیانوت چی؟**

– هەر زۆر دوودڵ و نائارام بوون. ئەوان دەیانویست نووسین وەکو کارێکی لاوەکی وەربگرم، لەبری ئەوە پیشەیەکی تەواوەتیم هەبێت. دایکم دەیوسیت من ببم بە قەشە، خۆی لە بنەماڵەیەکی قەشەدا گەورە بووە.

**چۆن باسی گەورەبوونی خۆت لە هۆتێلی خێزانەکەتان، لە ناوچەی گێنارپ دەکەیت؟[1]**

– کاتێکی خۆش بوو. لە زۆر ڕووەوە کاریگەریی هەبووە لەسەر من، هەموو جۆرە مرۆڤێکی لێ کۆدەبوونەوە. لە ژووری نانخواردن، شوێنی دانیشتن بەپێی ئاستی چینایەتی دیاریکرا بوون: باشترین شوێنەکان، مامناوەندی...هتد. ژووری قاوە و چاخواردنەوە و هەروەها شوێنە خراپەکان. تێکەڵەیەکی سەیروسەمەرە بوو. ڕیتواڵەکانی بەخاکسپاردن، ژن و

[1] گێنارپ گوندێکی بچووکی سەر بە شاری لوندە و دەکەوێتە باشووری سوێدەوە. لاش نۆرێن لە تەمەنی شەش ساڵییەوە تاکو پانزە ساڵی، لەم گوندە ژیاوە.

ژنخوازی و ئاهەنگگێڕان و کەسانێکی زۆری سەرخۆش و بەدمەستەکان. هەموو لەم هۆتێلەدا کۆدەبوونەوە. ئەو جوتیارانەی، کە کێڵگەکانیان بە هۆی بەدمەستی و مەیخواردنەوەوە لەدەست دەدا و چەندین تراجیدیای تر، بەڵام ژیانێکی ئێجگار قەرەباڵغ بوو، ژیانی ڕۆژانە زریانێکی گەورە بوو لە هاتوچۆی بونیادەمە جۆراوجۆرەکان.

**شتێکمان دەربارەی منداڵیی خۆت بۆ بگێڕەرەوە؟**

– تەمەنم شەش ساڵ بوو، کە هاتم بۆ گێنارپ. کە لە یەکەم ڕۆژەکانی قوتابخانە دەستم پێ کرد، چەند کوڕێک منیان بە عەمودێکی کارەباوە بەستەوە و بە وایەرێک کەوتنە لێدانم، هەر لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی سەیر قسەم دەکرد. ئەمە ڕاچڵەکین و شۆکێکی گەورە بوو بۆ من، کاریگەرییەکی قووڵی لێ کردم. لێرەوە ناچار بووم بەرگری لە خۆم بکەم، زیاتر ببمە کەسێکی بێباک و کەللەڕەق. زۆر گرانە لەپڕ بکەویتە ناو گوندێکی ناوچەی (سکۆنە)[1]وە. خانەوادەکەیشم خاوەنی پیشەگەلێکی تایبەتمەند بوون، هۆتێلیان هەبوو، باوکم بەدمەست بوو. ئا ئەمە بە شێوەیەکی بەهێز کاری تێکردووم و بووەتە بەشێک لە من.

---

[1] سکۆنە، هەرێمی هەرە باشووری وڵاتی سوێدە.

**چۆن؟**

– زۆر ئاسانه بۆ من خۆم لەو کەسانەدا ببینمەوە، که له دەرەوەی سیستێمه کۆمەڵایەتییەکاندان، من لەمه دەگەم و دەیانناسمەوە.

**بۆچی له تەمەنی پانزه ساڵیدا له گێنارپەوه گەڕایتەوه بۆ ستۆکهۆڵم؟**

– له لایەکەوه لەبەر ئەوەی ژیانی ماڵەوه زەحمەت و دژوار بوو، له لایەکی تریشەوه دەمویست بێم بۆ ستۆکهۆڵم تا ببم به نووسەر.

**بیری ماڵەوەتان نەدەکرد؟**

– کچێکم ناسی و بۆ ماوەی سێ ساڵ له شەقامی ڕیدەرگاتان[1] له لای ئەو دەژیام، بۆیه هێنده بیری ماڵەوەم نەدەکرد. ئەو کچه ده ساڵ له من گەورەتر بوو، من تەنها تەمەنم شانزه ساڵان بوو، ئەویش بیستوشەش ساڵ بوو.

**برایەکتان له گێنارپ دەژیا، چ جۆره پێوەندییەکتان بەیەکەوه هەبوو؟**

– زۆر نا. ئەو ئەندازیاری خانووبەره بوو. ئێستا خانەنشینه و ده ساڵ له من گەورەتره. ژیانێکی

---

[1] ڕیدەرگاتان، یەکێکه له شەقامه دیارەکانی ستۆکهۆڵم و دەکەوێته ناوەڕاستی شارەوه.

تایبەتمەندی خۆی هەیە، جیهانێکی تایبەتمەند. شتێکی ناخۆش و گرانیش نییە، کە ئێمە هیچ پێوەندییەکمان نییە. ئەوە واقیعێکە و پێی ڕازی بە.

**چی وای لە تۆ کردووە، کە بەردەوام بیت لە نووسیندا؟**

– من وزەیەکی بەهێزم هەیە. چەندین شانۆنامەی نووسراوم هەن، بە لای خۆمەوە لە ئاستێکی باش و بەرزدان، بەڵام تاکو ئێستا نە بڵاوم کردوونەتەوە، نە ناردووشمن بۆ شانۆکان. من هیچ پێویستییەکم بە کاردانەوە و ستایشێک نییە بەرامبەر ئەم شانۆنامانە. تەنها لەو کاتانەدا دەریان دەهێنم، کە پێویستم بە پارەیە. ئەم شانۆنامانە تا لە چەکمەجە و سەر ڕەفەکاندا بمێننەوە، من خاوەنیانم و موڵکی خۆمن. ئەوانەیشی کە بڵاو دەکرێنەوە، یان لەسەر شانۆکان نمایش دەکرێن، زۆر لەمێژە نووسیوومن.

**بۆچی لە تەمەنی چلونۆساڵیدا بوویتە ڕێژیسۆر؟**

- (یان مالمشوێی) و (ماریا یۆرانزۆن)[1] بیریان له شانۆنامەی (سەمای مەرگ)ی ستریندبێرگ کردبووه و پرسیاریان له من کرد، که کاری ڕیژیان بۆ بکەم. من لەوەوبەر به هیچ شێوەیەک بیرم له کاری ڕیژی نەکردبووەوه، بەڵام بیرم کردەوه مرۆڤ دەتوانێت هەوڵێکی لەگەڵدا بدات. به هەرحاڵ دەتوانین هیچ نەبێت دەست بکەین به خوێندنەوەی.

**وەکو بەڕێوبەر چۆنیت؟**

- باشم، زۆر باش.

**چۆن؟**

- نا، تەنها گاڵتەم کرد. من حەزم بەوەیه، که سەرپەرشتیار بم و بڕیار بدەم. هەر زۆر حەزم لەوەیه.

**بۆچی ڕێگه بۆ ئەکتەرەکانت خۆش دەکەیت، سەما بکەن؟**

- ئەوە شتێکی لەخۆوە بوو، جارێکیان کارم لەگەڵ گرووپێکی گەورەی ئەکتەرەکاندا دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە چی بکەم. سەما هات به خەیاڵمدا. ڕێگەم بۆ

---

[1] "یان مالمشوێی" و "ماریا یۆرانزۆن" دوو ئەکتەری ناسراوی سوێدن و له شانۆی پادشایەتی کار دەکەن. ئەم دوو ئەکتەره ژن و مێردن و زۆر جار له کار و پرۆژەی هاوبەشدا کار دەکەن.

کردنەوە سەما بکەن. سەماکردن چەندین، یاخود هەموو دژایەتییەکان تێکوپێک دەشکێنێت و ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ نزیکبوونەوە و لەیەکترگەیشتن.

**بۆچی تۆ هەرگیز دوای یەکەم ڕۆژی نمایشەکان ناگەڕێیتەوە بۆ لای ئەکتەرەکان و نمایشەکە[1]؟**

– من زۆر بە چڕی کار دەکەم و تامەزرۆی ئەوەم بگەڕێمەوە بۆماڵەوە تا بنووسم. ئەمە بۆ من ژیان و مەرگە. بە هەمان شێوە کاری ڕێژی بە لامەوە هێندە گرنگ نییە، بۆ من تەنها کارێکی خۆشە و هیچی تر. بەڵام لەو بڕوایەدام، کە ئەکتەرەکان ئەمەیان پێ خۆش نییە و پێی دڵگران دەبن.

**دوو شانۆنامەت لە چەکمەجەکانتدا حەشارداوە، بۆچی ئەمانە نمایش ناکرێن؟**

– ئەو شانۆنامانە زۆر تایبەتن بە خۆم، باسی خۆم دەکەن، ژیانم، سەردەمی منداڵیم. ئەمانە دەبێت چاوەڕێ بکەن تا من دەمرم.

---

[1] لە شانۆ گەورەکان، کاری ڕێژیسۆر دوای پرۆڤەکان و شەوی یەکەمی نمایشەوە تەواو دەبێت و کارەکە دەداتە دەست ئەکتەرەکان و ئەوان بەرپرسیارن لە ڕەوتی پرۆژەکە. بەڵام هەندێک جار ڕێژیسۆرە دیارەکان بۆ ماوەیەک لەگەڵ ئەکتەرەکانی دەمێننەوە و چاودێریی ڕۆژانی نمایشەکانی دەکەن.

## بۆچی شانۆنامەی (حەوت/سێ)تان نووسی[1]؟

- نامەیەکم لە یەکێک لە بەندییەکانی بەندیخانەی (تیدەهۆڵم)ەوە بەدەست گەیشت[1]. بەندییەکانی ئەو

[1] لاش نۆرێن ساڵی ١٩٩٨، لە یەکێک لە بەندیخانەکانی سوێد لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەندییەکان، بەپێی ڕاهێنانی ڕاگوزاری و گفتوگۆیەکی بەردەوامەوە شانۆنامەی حەوت/سێ، دەربارەی ژیانی ئەو بەندییانە دەنووسێت. شانۆنامەکە لەسەر شانۆکانی دەوڵەت و دواتریش لە گەشتێکی هونەریدا، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی سوێد نمایش دەکرێت. ئەم پرۆژەیە لە نێوەندە ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا بووە هۆی گفتوگۆیەکی چڕ و بەردەوام: گرووپێک بە توندی پشتگیرییان لەم کارە دەکردو بە پێچەوانەیشەوە، گرووپێکی تر بە توندی دژی دەوەستانەوە.
لە کاتی نمایش و گەشتەکانی ئەم گرووپەدا، ئەکتەرە بەندەکان، بەبێ پاسەوان هەموو سەربەستییەکیان دەبێت و بەوپەڕی ئازادییەوە هەڵسوکەوت دەکەن. تەنانەت لە دەرەوەی دیوارەکانی بەندیخانەکەشیاندا دەژین. لەگەڵ دوا ڕۆژی نمایشەکە، ئەکتەرەکان لەبری ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بەندیخانەکەیان، لە هێرشێکی چەکداریدا، بانقێک دەبڕن. بە توندوتیژی و بە هێزی چەک بەرەنگاریی ئەو پۆلیسانەیش دەبنەوە، کە دەیانەوێت ئەم دزانە ڕابگرن. لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی دڕندانە و زۆر لە نزیکەوە پۆلیسەکان دەکوژن و ڕادەکەن.

بەندیخانەیە گرووپێکی شانۆییان دروست کردبوو، داوایان لە من کرد، ئەگەر تێکستێکم هەبێت بەکەڵکی ئەوان بێت. منیش لەگەڵیان کەوتمە گفتوگۆکردن. هەر زوو یەکێک گوتی من (ناشونالّ سۆسیالیستم)، بەمە من بە تەواوی تووشی شۆک و ڕاچڵەکین بووم[٢]. ئەمانە لە ناوجەرگەی کۆمەڵگەی سویدیدا بوون و منیش دەمویست بزانم چین. بارودۆخێکی داخراو و ترسناک

---

[1] بەندیخانەی "تیدەهۆڵم" یەکێکە لە گەورەترین بەندیخانەکانی سوید. ساڵی ١٩٥٩ کراوەتەوە و جێگەی ١٨٩ بەندی تیادا دەبێتەوە. ئەو بەندییانەی لەم بەندیخانەیەدا دەگیرسێنەوە، کەسانی تاوانباری گەورەن، بۆ نموونە پیاوکوژ، یان ئەوانەی لەسەر بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە گیراون. ئەمە جگە لە دزە گەورەکان و کەسانی سەر بە مافیا جۆراوجۆرەکان.

[2] ناشۆناڵ سۆسیالیست: نازییە تازەکانی ئەورووپان و هەمان ئایدیۆلۆژیای هیتلەریان هەیە لە دژایەتیکردنی ڕەگەزی جوولەکە و بێگانەکانی ئەورووپا و پیرۆزکردنی ڕەگەزی ئاری. هیتلەر نموونەی باڵایانە و توندڕەون. هەروەها ئەوەیش دووپات دەکەنەوە، کە بە هیچ شێوەیەک قەلاچۆکردنی جوولەکەکان و لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا لە لایەن هیتلەرەوە، ڕووی نەداوە و پێیان وایە ئەوە تەنها درۆیەکی مێژووییە.

بوو. پێوەندی و لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوەیش هەر زۆر مەحاڵ بوو.

**لە کاتی ئەو پرۆژەیەدا، پێوەندییەکانت بە (تۆنی ئۆڵسۆن) و (ماتس نیلسۆن)ەوە چۆن بوو[١]؟**

– هەمان پێوەندی، کە من بە هەموو ئەکتەرێکی ترەوە هەمبوو. خۆشمبوێن، کار بکەم لەگەڵیاندا، بەڵام ئەوانم وەک (کەسایەتی) خۆشنەوێت، ئەوەم خۆش بوێت، کە دەیکەن.

**چۆن زانیت ئەوان لە هێرشەکەی مالێکساندرادا بەشدار بوون و خەڵکیان کوشتووە[٢]؟**

---

[1] (تۆنی ئۆڵسۆن) و (ماتس نیلسۆن) ئەکتەرە بەندەکانی ئەو بەندیخانەیە بوون، کە لاش نۆرێن کاری لەگەڵیان دەکرد. تۆنی ئۆڵسۆن لەسەر شانۆ بە ڕوونی ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە ناشونالّ سۆسیالیستە. ئەمەیش تووڕەبوون و دڵگرانیی زۆری لە لای بینەران و بەشێکی زۆری ناوەندە هونەری و ڕۆشنبیرییەکەی سوێد دروست کرد. تەنانەت هەندێک لە ڕەخنەگرەکان و کەسایەتییە کولتوورییەکان باسیان لەوە دەکرد، کە نمایشەکە و لاش نۆرێن و تۆنی ئۆڵسۆن بدەن بە دادگا و ڕووبەڕووی یاسایان بکەنەوە.

[2] مالێکساندرا: ڕاوەدوونانی پۆلیس و دزەکان بە ماشێن و بەکارهێنانی چەکی قورس و هێلیکۆپتەر لە ناوچەی (مالێکساندرا)دا و لە دووڕیانی ڕێگە و دۆڵێکدا کۆتایی پێ دێت.

– به هۆی وێنەیەکەوە، کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرابووەوە. من دەستی تۆنیم ناسییەوە، کە بە چەکێکی AK4ەوە، لە بەردەمی دەرگای (بانک) لە "کیسە" وەستابوو. تووشی شۆکێکی بەهێز هاتم، لە شوێنی خۆم ڕەق هەڵاتم و نەمدەتوانی لە جێگەی خۆم بجووڵێمەوە، لە هەمان کاتدا بەو هیوایە بووم ئەوەی، کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە ڕاست نەبن و هەڵە بن. هەروەها من زۆر بەو ڕووداوە سەرم سووڕ نەما. هێندە نەفام و سادە نەبووم، کە لەو بڕوایەدا بم ئەوەی ئێمە پێکەوە کردوومانە، کاریگەرییەکی بەهێزی وەها لەوان بکات، کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییان تێدا دروست بکات و بیانکاتە هاووڵاتییەکی باش و بەسوود.

**ئەی چیت کرد؟**

---

لەم شوێنەدا دزەکان، لەناویاندا (تۆنی ئۆڵسۆن) و بە یارمەتیی (ماتس نیلسۆن) و کەسانی تری نازی و تاوانبار، بۆسەیەک بۆ ماشێنی پۆلیسەکان دەنێنەوە و بە شێوەیەکی توندوتیژ و بێبەزەییانە، پۆلیسەکان لە نزیکەوە بە دەمانچەکانی خۆیان دەکوژن. تۆنی ئۆڵسۆن بە بەشێکی زۆری پارەکەوە ڕادەکات بۆ وڵاتی (کۆستەریکا)، بەڵام ئەوەندە نابات پۆلیسی سوێدی هەرهەموویان دەگرن و ڕووبەڕووی یاسایان دەکەنەوە و تا ئێستایش لە بەندیخانەدان.

– له مۆتیڤەکانی خۆم ورد بوومەوە، له خۆمم پێچایەوە. دەبوایه چیمان بکردایە؟ من گەیشتمە ئەو باوەڕەی، کە ئێمە مۆتیڤەکانمان زۆر ڕاست و پاک بوون.

**ئەم مەسەلەیە بە چ شێوەیەک تۆی گۆڕیوە؟**

– ئەم کارەساتە بەشێکە لە ژیانم و شتێکە بە بەردەوامی و ڕۆژانە کاری بۆ دەکەم. بە خۆشحاڵییەوە دەمەوێت جارێکی تر کار لە بەندیخانەکاندا بکەم، بەڵام هەرگیز لەگەڵ کەسانی نازیدا نا... هەرگیز. من هەست دەکەم پیس بووم، ئەوە ئایدیۆلۆژیایەکی پیسە، ترسناکە، دژی ژیان و پڕ لە هەڕەشەیە.

**چیت بە تۆنی و ماتس گوت، کە لە بەندیخانە سەردانت کردن؟**

– من دەمویست بزانم ئەوان چۆن توانییان تاوانێکی وا بکەن و لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئێمە کار بکەن. من دەمویست ئەمانە واز لە نازیزم بهێنن. سەردانەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوان، ئێجگار دژوار و ترسناک بوو. مرۆڤ هەستی بە ئامادەگیی تاوانەکەیان دەکرد. ژیانی چەند کەس بە هۆی ئەوانەوە تێکشکێنرا و لەناوچوو.

**چۆن دەڕوانیتە بنەماکانی خێزانێکی کامڵ و تەواو؟**

- شتی وا هەیە؟ لەوانەیە تەنها لە خەونی پارتی کریستیان دیموکراسەکاندا شتی وا هەبێت. من خودی خۆم هیچ خەونێکم بۆ خێزانی کامڵ و تەواو نییە. لەو بڕوایەدام ئەوە جۆرێکە لە بەندیخانە. من خەون بە مرۆڤی سەربەستەوە دەبینم.

**ئەی تۆ وەکو باوکێک چۆنیت؟**

- لەو بڕوایەدام من باوکێکی زۆر باش بم.

**کچەکانت بۆ تۆ چی دەگەیەنن؟**

- من بەوانەوە دەژیم و زۆر وابەستەی ئەوانم. بە بەردەوامی بیر لەوان دەکەمەوە. پێوەندییەکی زۆرم پێیانەوە هەیە. بۆ من زۆر گرانە ددان بەوەدا بنێم و لەوە بگەم، کە ئەوان گەورە بوون. ئێستایش دەمەوێت هەر من بڕیار بدەم. یەکێکیان تەمەنی بیستوپێنج ساڵە و ئەوەی تریان سیوسێ ساڵە... ئەمە هەر زۆر منداڵانەیە.

**ژیان لەگەڵ تۆدا چۆنە؟**

- لەو بڕوایەدام گران بێت، من کەسێکی سەربەخۆم و دەتوانم لە ژێرزەمینێکدا بە تەنیا بژیم. تەنگەژە و گرفتی گەورەیش لە ژیانمدا ئەوە بووە، هەوڵ بدەم هاوسەنگییەک لەنێوان خێزان و کارەکانمدا بکەم.

**خۆشەویستی چییە؟**

– شتێکە دەچێتە نێو پێست و ئێسقانەکانمانەوە، شتێکی ئێجگار پڕ لە ڕاز و نهێنی، کە دوایی دەردەکەوێت شتێکی حاشاهەڵنەگرە.

**چوونە تەمەن و پیربوون بە لای تۆوە چۆنە؟**

– حەز دەکەم بچمە تەمەنەوە، تامەزرۆی ئەوەم. ئەو کاتە بەوپەڕی بەختیارییەوە دەتوانم ئەوەی، کە خۆم دەمەوێت، ئەوە بکەم. داواکان گەورەتر دەبن، بەڵام من دەمەوێت زیاتر بەردەوام بم، هەوڵ بدەم سەربکەوم بەسەر داخوازییەکاندا، من دەمەوێت پیر بم، هەشتا ساڵ، تا بزانم ئەو کاتە چ دۆزێکم ماوە و لەسەر چی کار بکەم.

**چ شتێک بە لای تۆوە گرنگە؟**

– کە بە شێوەیەکی ڕاست ڕەفتار بکەم، ڕەفتارێکی ڕاست لەگەڵ چ شتێکدا بکەم، بۆ ئەوەی لەگەڵ خودی خۆم ڕاستگۆ بم و ویژدانی خۆم بە زیندوویی بهێڵمەوە و زۆر توند بم.

***ڕۆژنامەنووسی سوێدی (مارییە ترێدگۆرد) ساڵی ٢٠٠٣ ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ لاش نۆرێن کردووە و لە ڕۆژنامەی (ئاڤتۆنبلادێت) Aftonbladet بڵاوکراوەتەوە.***

# تەرمیناڵ

## کۆتاییەکان و دەستپێکی نوێی هونەری

### خوێندنەوەیەك بۆ دوا ئەزموونی شانۆیی لای لاش نۆرێن

### دەروازەیەك

هەرچەندە لاش نۆرێن لە حەفتاکاندا وەکو شاعیرێکی دیار و خاوەن دەنگێکی تایبەتمەند دەناسرێت، بەڵام بە دوا دیوانی شیعری خۆی (دڵ لەنێو دڵدا)، کە ساڵی ١٩٨٠ بڵاوی دەکاتەوە، بە تەواوی واز لە شیعر و لیریک دەهێنێت و ڕوو دەکاتە نووسینی شانۆنامە. کە بە دیوانی (دڵ لەنێو دڵدا) واز لە دنیای شیعریش دەهێنێت، هەناسەیەکی دراماتیکی، شیعرێکی دیالۆگئاسا و زمانێکی شانۆیی لەنێو شیعرەکانی ئەو دوا دیوانەیدا چەکەرەی کردووە. دونیا شانۆییەکەی، زمانە شیعرییەکەی، دیدی کارەکتەرەکانی و ستراکتۆرە درامییەکەی لە شیعرەکانیەوە سەرهەڵدەدات و چەمک و بیرۆکەی مەسەلەکانی پابەست بوون بە دایک و باوکیشەوە، لە شیعرەکانیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ شانۆ و بەرهەمە دراماتیکییەکانی.

قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و بەها کۆمەڵایەتییەکان، لای لاش نۆرێن، زیاتر لە ساڵی ١٩٧٨ەوە و بە شانۆنامەی (جورئەتی کوشتن) دەست

پێ دەکات و بە شانۆنامەی (ئۆریستێس) ١٩٧٩، زیاتر قووڵ دەبێتەوە و لە ساڵی ١٩٩١یشدا، بە شانۆنامەی (سێبەرەکانیشمان بدەرەوە) کۆتایی پێ دێت.

لاش نۆرێن لە شانۆنامەی (شەو دایکی ڕۆژە) دایک و باوک و براکەی لە ٩ی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٥٦دا لە ژوورێکی شانۆییدا، دادەنێت. ئەو کات و شوێنەی لاش نۆرێن بۆ ڕووداوەکانی شانۆنامەکەی دەستنیشانی کردوون، شتێکی ڕێکەوت نین و ڕۆژی لەدایکبوونی خۆیەتی. لەم شانۆنامەیەدا، دایک کەسێکی شەڕانگێز و نەخۆشە، کوڕەکانی لە پێشبڕکێی ئەوەدان کامیان زیاتر لە لای دایکیان خۆشەویستترە و باوکیش بە تەواوی بەدمەستە و لە دونیای ئەوان دابڕاوە.

لاش نۆرێن دوای ئەم قۆناغە، ڕوو دەکاتە مەسەلەکانی کۆمەڵناسی و لەسەر بنەما و زەمینەیەکی تری بەرفراوان و زیاتر لە مەودایەکی نێونەتەوەیی و مرۆییەوە دەنووسێت. بەرئەنجامی ئەم بەدواداچوونەی چەندین شانۆنامە دەبێت، شانۆنامەکانیش ئەو کەسانە بەرجەستە دەکات، کە لە دەرەوەی سیستێمە کۆمەڵایەتییەکانەوەن، ئەو کەسانەی هەموو دەرگاکانیان بە تەواوی بە ڕوودا داخراوە. لاش نۆرێن لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا، سەبارەت بەم کەسایەتییانە

وتوویەتی: (ڕاستییەکان لای ئەو کەسە بێچارە و پەراوێزخراوانەیە... ئەو کەسانەی، کە لە ژوورە تاریکەکاندا بەندکراون و هەر ئەوانیش ڕاستییەکان بۆ ئێمە دەستنیشان دەکەن).

پرۆسەی نووسین لای لاش نۆرێن، بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت: لە مەسەلەکانی خێزانەوە بۆ بەدمەستی و بێلانەکان، تا دەگاتە ئەو درزانەی، کە شەڕ لەنێو دەروونی مرۆڤ و کۆمەڵگەکاندا دروستیان دەکات. هەروەها لاش نۆرێن بە شێوەیەکی هاوتەریبی و هاوشان لەگەڵ شانۆنامە کۆمەڵایەتی و ڕەخنەئامێزەکانیدا، ڕوو دەکاتە جۆرە مینیاترییەک لە زماندا، لەم کارانەیدا و بە شێوەیەکی دراماتۆرگی، زمان پاکژ دەکاتەوە و دەرگایەکی بێدەنگ بە ڕووی ژیان و مەرگدا دەکاتەوە. شانۆنامەکانی مۆسیقای بێدەنگ، ئاوی وەستاو، نۆڤێمبەر... چەند نموونەیەکی ئەم گەردوونە بێدەنگەن.

بە شێوەیەکی گشتی و وەک بەرئەنجامێکی ئەو پرۆسێسە چڕ و گرانە دووروودرێژە، دەتوانین بڵێین، کە بەرهەمەکانی لاش نۆرێن بە بەردەوامی گۆڕانکاریی تەواو و بنەڕەتییان بەسەردا دێت، هەموو بەرهەمێکی تازە، سەرەتایەکی نوێیە و هەموو پرۆژەیەک لە ئێستا و لە دەستپێکی بەهێزی ئەم ئانوساتەوە دەست پێ دەکات.

**تەرمیناڵ**

**کۆتایی ڕێگە، یان وێستگەی چاوەڕوانی؟**

(تەرمیناڵ) قۆناغێکی نوێیە لە ڕەوت و پرۆسەی نووسینی شانۆ لای لاش نۆرێن و بریتییە لە چواردە شانۆنامەی کورت.

لاش نۆرێن ساڵی ٢٠٠٤ تووشی دابڕان و ئیفلیجبوونێکی کاتیی کتوپڕ دەبێت و چی تر ناتوانێت بنووسێت. هەرچەندە کاری زۆری ڕیژی دەکات و بە بەردەوامی لە دونیای شانۆکاندا دەژی، بەڵام هیچ شتێکی نوێی بۆ نانووسرێت و هیچ بەرهەمێکی تازە لەدایک نابێت. لاش نۆرێن خۆی بەم شێوەیە باسی ئەو قۆناغەی دەکات (ماوەیەکی زۆر و بە چڕی خەریکی نمایشکردن و کاری ڕیژی چەند شانۆنامەیەک بووم، بەڵام زۆر بە پەرۆشەوە بووم، کە سەرلەنوێ دەست بکەمەوە بە نووسین. هەر یەکەم شەو دوای نمایشکردنی شانۆنامەی (شەڕ) لە فەرەنسا گەڕامەوە و دەستم کرد بە نووسین)، بەڵام ئەو نووسینە هیچ بەرئەنجامێکی نابێت و هیچ بەرهەمێکی تازەی لێ ناکەوێتەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەوەی دەینووسێت لە چەند لاپەڕەیەکی ڕەشکراوەی بێمانا زیاتر نابێت. (من کۆڵم دابوو، گوێم نەدەدا بەوەی چی دەنووسم،

تەنها دەمنووسی. تەنها دەمتوانی بە شێوەیەکی سەرسملێدان بنووسم، هەروەک ئەوە وا بوو هەرگیز نەمتوانیبێت چەند ڕستەیەک بنووسم. لەپڕ لەم کات و سەرسملێدانەدا، ئەم شانۆنامە کورتانە فۆرمی خۆیان وەرگرت. یەکێکیان هەر تەنها بیست چرکەیەک دەخایەنێت)

شانۆنامەکانی (تەرمینالّ) کۆتایین و لە هەمان کاتدا سەرەتایشن، هەروەک ئەوە وایە بگەیتە دوا وێستگەکانی شوێنێک، هەریەکە و ڕاست لەو شوێنەیشەوە بەرەو شوێنێکی تر بڕۆیت.

(تەرمینالّ) مانای کۆتایی دەگەیەنێت، هەروەها کارەکتەرەکانی ئەم تەرمینالاّنە و لەم دوڕیانەدا لە چاوەڕوانییەکی بەردەوامدان، دوای ئەوە مالّئاواییەکی ئێجگارەکی دەکەن. شانۆنامەکان لە مەداری چەندین جۆری کۆتاییەکاندا دەسووڕێنەوە و چەشنێک لە تێکشکان و پارچەپارچەبوونی کات و شوێنەکان بەرجەستە دەکەن. ئەم شانۆنامانە لە بارودۆخێکی ساکاری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دەدوێن، لە هەمان کاتدا ئەو بارودۆخانە دەخەنە ڕوو، کە ڕۆلّێکی گەورە و یەکالاّکەرەوەیان هەیە لە ژیانی مرۆڤدا و بە زمانێکی کورتکراوە و ڕۆژانە نووسراون، هەموو خالّ و کۆما و

ئاماژەیەک گرنگە و بەشێکە لە ڕیتم و وێنەی کارەکتەرەکان و ڕۆنانی ڕووداوەکان. لاش نۆرێن بە هیچ شێوەیەک هەڵسوکەوت و هەست و سۆزی کەسایەتییەکانی دیاری نەکردووە و هەموو شتێک لەنێو دیالۆگ و وشە و دێڕ و خاڵەکانەوەیە.

لاش نۆرێن لەم ئەزموونی تەرمیناڵ-ەدا، بە فۆرم و شێوازێکی جیاواز تر لە سامۆییل بێکێت، مۆریس مەتەرلینگ، هارۆڵد پینتەر و یۆن فۆسە نزیک دەبێتەوە، شانۆنامەکانیش لەسەر پاشەکەوتکردن و بزاڤێکی بازنەیی زمان و ڕەوشی جیاوازەوە ڕۆنراون. گەمەیەکی دەسەڵاتی شاراوە و نادیار و لەدەستدانی تواناکانی قسەکردن و پێوەندیکردن، لە گەمەی نێوان فۆرم و ستایلی گەمەکە و دیدی شانۆنامەکاندا دەردەکەوێت.

تەرمیناڵ بۆ لاش نۆرێن ئازارەکانی ژیانن، ئەو ماڵئاواییانەن، کە هەرگیز ناتوانین خۆمانی لێ قوتار بکەین، ئەو کۆتاییانەن، کە هەرگیز تەواو نابن. لاش نۆرێن دەڵێت (ئەوەی ئێستا بە لای منەوە گرنگە، ئەوەیە چۆن ئاماژەیەک، ژیانێک کۆتایی پێ دێت. چۆن ئەو ژیانە لەنێو بیابانەکاندا بزر دەبێت، دەبێتە خۆڵەمێش و

نامێنێت. من بەدوای زمانێکدا دەگەڕێم، کە بەرەو هەڵوەشاندنەوە و نەمانێکی تەواوی دەڕوات).

هەرچەندە شانۆنامەکانی تەرمینالّ لە ڕووی بابەت، بەکارهێنانی زمان و فۆرمەوە لە یەکترییەوە نزیکن، لەگەڵ ئەوەیشدا هەریەکەو کارەکتەر و ئەتمۆسفێر و ستراکتۆری تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

زمانە نوێیەکەی لاش نۆرێن لە سێبەری مەرزێکدایە لەنێوان ئەوانەی مردوون و ئەوانەی زیندوون، بە شێوازێکی ساکار و کورت، ڕووتکراوەتەوە و بە تەواوی لە هەموو شتە زیادەکان داماڵدراوە و پاکژ کراوەتەوە.

لاش نۆرێن بەم شێوەیە توانیویەتی بگەڕێتەوە بۆ توخمە تایبەتە ئاماژەئامێزەکان و گوزارشت لە بارودۆخە ڕووتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان مرۆڤەکان بکات. نووسەر لەم دووڕیانەدا وشەکان، کە دەربڕی بارودۆخەکانن، ڕووبەڕووی بێدەنگییەکی وەها دەکاتەوە، کە بەردەوامییان پێ ببەخشێت و لە هەمان کاتدا شوێنپێشیان هەڵدەگرێت.

(مەرگ) وەک شانۆنامەکانی دەیەی نەوەد و سەرەتای سالانی دوو هەزارەکان، بۆ نموونە: مۆسیقای بێدەنگ، ئاوی وەستاو، نۆڤێمبەر... لە چەقی

ڕووداوەکانی تەرمیناڵەکاندان و بزاڤی جووڵەی کارەکتەرەکانیانی خستووەتە کار و هەموو شتێک لە چەمکەکانی مەرگەوە دەست پێ دەکات و بە مەرگیش کۆتاییان پێ دێت، بەڵام لاش نۆرێن لە هەمان چاوتروکاندا، مەرگ دەکاتەوە بە ژیان. کارەکتەرەکان بە سەربەستی بەناو یادەوەرییەکاندا دەڕۆن، دەچنە ژوورەوە، دێنە دەرەوە و کۆتاییەکان ژیانی کارەکتەرەکان لە ژیانێکی تردا دەخەنە ڕوو.

لاش نۆرێن باسی ئەوە دەکات، کە ساتە بچووکە چارەنووسسازەکان ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێت و ئاماژەی ئەوەیش دەکات، کە هەموو کەسێک دەبێت لە ژوورە داخراو و پڕ لە ئازارەکانی خۆیانەوە بتوانن بدوێن و ڕووبەڕووی ڕاستییەکانی خۆیان و دەوروبەرەکەیان ببنەوە.

ئەم نووسەرە دەتوانێت بە وریایی و بە هۆشیاری گوێ لە (من)ەکانی تاک بگرێت و شتە نادیار و نەناسراوەکان بکاتە شتێکی ناسراوی وا، کە ئێمە لە ئاستیدا هەست بە شەرمەزاری بکەین.

**تەرمینالی سێ**

ژن و مێردێکی گەنج هاتوون بۆ نەخۆشخانەی منداڵان تا ژنەکە، کە دووگیانە و ژان دەیگرێت، منداڵەکەی ببێت، بەڵام بە هەڵە بە ڕاڕەوێکی تردا دەڕۆن و دەچنە ژوورێکی تری چاوەڕوانییەوە. لەوێش ژن و پیاوێکی تر، کە لەوان بەتەمەنترن، چاوەڕوانن، بەڵام ئەوان هاتوون تەرمی کوڕە بیست ساڵە مردووەکەیان وەربگرنەوە. دواتر هەر زوو بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو دوو خێزانە، لە بنەڕەتدا هەر هەمان ژن و پیاون، بەڵام لە دوو کاتی جیاوازدا، کە بیست ساڵیان لە نێواندایە. بەتەمەنەکان خۆیان لە ڕۆژگارەکانی گەنجیدا دەبیننەوە، ئەو ژنەی، کە جەستەی کوڕە مردووە بیست ساڵییەکەی لە مەیتخانە وەردەگرێتەوە، لەپڕ ڕووبەڕووی ئەو ئافرەتە گەنجە دەوەستێت، کە ژان دەیگرێت و چاوەڕوانی منداڵبوونە.

هەر لەم ژووری چاوەڕوانییە و لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا، کچێک دەردەکەوێت ئازاری هەیە و ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی، کە تازە منداڵێکی لەبارچووبێت، یاخود خۆی فرێی دابێت.

سکپڕی لە لای (ئەوی مێ) ڕەوشێکە، کە ئەو خۆی نایەوێت هیچی لەبارەوە بزانێت، بەڵام لە ئامادەبوونی

کچێکی تری گەنجدا، ڕەنگ دەداتەوە، کە ئازاری هەیە و لەوەدەچێت منداڵی لەبارچووبێت. لە کاتێکدا ئەم دوو کارەکتەرە لە چاوتروکانێکدا لە یەکتریدا ڕەنگ دەدەنەوە، چارەنووسیان پێکەوەیە و هەر پێکەوەیش کۆتاییان دێت. لە لای ژن و مێردە گەنجەکە چاوەڕوانییەکی گەورە و هیوایەکی بەرز، بەتایبەتی لە لای پیاوەکە (ئەوی نێر) هەیە، ترسێکی تۆقێنەر و دڵەڕاوکێ و پەشێوییەکیش لە لای ژنەکە (ئەوی مێ) بەرانبەر بە ئایندە دەبینرێت. ئەوی مێ لە چاوەڕوانیی منداڵبوونەکەیدا، تەنها بیر لەوە دەکاتەوە، کە بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی و سەرلەنوێ ببێتەوە بە خۆی.

**ئەوی مێ:** دەمەوێت هەرچی زووە بکەومەوە کار، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ببمەوە بە کەسێکی ئاسایی. تا دووبارە ببمەوە بە خودی خۆم.

بەڵام بە پێچەوانەوە (ئەوی نێر) لە چاوەڕوانییەکی پڕ لە بەختەوەریدایە، کە دەبێتە باوک.

ژیانی ئەم دوو مرۆڤە گەنجە و ڕەوشەکەیان، جۆری گوزەران و پێوەندییەکانیان، لە لایەکی ترەوە، بە دیوێکی تردا و لە ئایندەدا لای (پیاوەکە) و (ژنەکە)، کە بیست ساڵ بەتەمەنترن، بەرجەستە دەبێت. چۆن ئەوان

چاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵەکەیان دەکەن، بە هەمان شێوە، هەر خۆیان (ئەوانی تر) غەمی لەدەستدانی کوڕە بیست ساڵەکەیان دەخۆن، کە هەرگیز نەیانتوانیوە لە نزیکەوە بیناسن. (ئەوی مێ) منداڵەکەی لە سنووری گۆڕێکدا، بە تەنیشت جەستەی کوڕە بیست ساڵەکەوە دەبێت، کە تازە مردووە. ئەم دوو خێزانە: (ئەوی مێ، ئەوی نێر) لەگەڵ (پیاوەکە، ژنەکە) پێکەوە نادوێن، بە شێوەیەکی زۆر دیاریکراو لە یەکتری نزیک دەبنەوە، بەڵام بە تەنیشتی یەکترەوە و بە شێوەیەکی هاوتەریبانە کاتەکانیان، لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، لەنێوان ڕابردوو ئێستادا دەگوزەرێنن. لەم هۆڵی چاوەڕوانییەدا وێنە و وتەکان جۆرە دەنگدانەوەیەکیان هەیە، دید و یادەوەرییەکان و جیاوازییەکان لەنێوان تەمەنی کەسایەتییەکاندا نامێنێت. ژوورەکە هێماگەلی چاوەڕوانییە و دەبێتە پانتاییەکی گرنگ، شوێنێک، کە هەموو کات، شوێن و یادەوەرییەکانی تیادا کۆدەبێتەوە.

هەموو شتێک ئاسایی دیارە، بەڵام لەپڕ شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوو دەدات. وشەکان لە ژیانی ڕۆژانەوە سەرچاوە دەگرن، لە بێدەنگییەوە دەست پێ دەکەن و بە شێوەیەکی کاریگەر، بەبێ هەڵچوون و زۆرلەخۆکردنێک، بە هۆی تەنها یەک وشەوە، یان

گفتوگۆیەکی نێوان ژن و پیاوەکەوە هەموو ئەتمۆسفێرەکە دەگۆڕێت.

لە تەرمیناڵی سێدا، جگە لە چاوەڕوانی، هیچ شتێکی تر ڕوو نادات، بەڵام مێژووی ژیانی ئەو دوو خێزانە، کە هەر یەک خێزانە، بۆ خۆیان و بۆ بینەرانیش واڵا دەکرێتەوە، ئەزموون و یادەوەرییەکانیان لە زەمەنە جیاوازەکاندا ئامادەبوونێکی هەستپێکراویان هەیە و بۆ هەر یەکێک لە کارەکتەرەکان سەفەری ژیانێکە.

**بوومەلەرزە/تەرمینالی یانزە**

ڕووداوەکان لە هۆڵی چاوەڕوانیی نەخۆشخانەیەکی دەروونیدا، وەک خەونێکی ناخۆش دەردەکەون. شتێک ڕووی داوە: کچێک لە کتێبخانەی گشتیی شاردا تووشی داخورپانێکی توندوتیژی دەروونی بووە و ئێستا خستوویانەتە نەخۆشخانە. دایک و باوکی یەک بەدوای یەکدا دێن و لە ژووری چاوەڕوانی دادەنیشن، دۆستەکەیشی دواتر، دوای ئەوان دەردەکەوێت.

لە ڕووکاری دەرەوە هیچ شتێکی ئەوتۆ لەم شانۆنامەیەدا ڕوو نادات، هەموو دیمەنەکە لە تابلۆیەک دەچێت، بەڵام هەموو شتێک بە شێوەیەکی بەهێز لە خودی دیالۆگەکاندا ڕوو دەدات.

یەکێک لە پرسیارە گرنگەکانی ئەم شانۆنامەیەش ئەوەیە، خێزانێک دەگاتە چ دووڕیانێک، کە چی تر نەتوانن پێکەوە بدوێن و لە یەکتری بگەن؟ کچێکی گەنج دەیەوێت دەستی بە کەسوکارەکەیدا بگات، بەدەنگیەوە بێن و لێی تێبگەن، ئەو کەسوکارەی، کە زۆر دەمێکە وازیان لەوە هێناوە پێکەوە بدوێن. ئەو کچە لە دەرەوەی پێوەندییەکانی دایک/باوک-دا چ پێوەندییەکی بە جیهانی دەرەوە و بە دۆستە کۆنەکەیەوە هەیە، کە کەسوکارەکەی هەرگیز ئەو کوڕەیان نەدیوە؟

ئەو تیمارکارەی لەم نەخۆشخانەیەدا کار دەکات، چیی دەوێت؟ بۆچی کەس توانای گوێگرتنی نەماوە: نایانەوێت، ناوێرن یا ناتوانن و دەستیان بە یەکتریدا ناگات، نەک لەبەر ئەوەی ڕقیان لە یەکتری دەبێتەوە یان بێزارن لە یەکتری، بەڵکو لەبەر ئەوەی، کە ئەو توانایەیان نییە و هەریەکە لە دوورگەیەکی چۆڵوهۆڵی دەروونیی خۆیدا، بە تەنیا دەژی. تەنها کچەکە (هێدفیگ) لەم نەخۆشخانە دەروونییەدا بە تەنیا بەند نەکراوە، بەڵکو هەموو ئەو دیالۆگ و گفتوگۆیەی لەنێوان دایک و باوکەکەدایە، ئەو زمانەی، کە پێی دەدوێن، جۆرێکە لە دابڕان، لە ڕاکردن و لە یەکتری دوورکەوتنەوە. ئەوان پێکەوە دەدوێن، بەڵام بە شێوەیەک هەر بۆ ئەوەی قسە بکەن، کات بەدەم

چاوەڕوانییەوە تێبپەڕێنن و خۆیان لە شتە گرنگەکان، لەو شتانەی، کە مانایەکیان هەیە، بدزنەوە.

ستراکتۆری شانۆنامەکە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی لەخۆ دەگرێت: لە سەرەتادا دایک دەردەکەوێت، دوای ئەو باوک و دواتریش دۆستەکەی، یەک بەدوای یەکدا دێنە هۆڵی چاوەڕوانیکردنی نەخۆشخانەکە. لەوێ بەدەم چاوەڕوانییەوە یەکتری و ئەو تیمارکارەیش دەبینین، کە چاودێریی کچەکە دەکات. دوای ئەوە یەکە یەکە و بە تەنیا کچەکەیش (هێدفیگ) دەبینین، لە کۆتاییشدا دایکەکە کچەکەی لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆماڵەوە.

کچەکە لەم شانۆنامەیەدا دەبێتە هێماگەلی لێدانی دڵێکی پڕ لە خورپە و دێوزمە و خەونی ناخۆش و ژیانێکی پڕ لە دڵەڕاوکێی، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەوڵی ئەوەدایە لە شتەکان بگات و خۆی لەو جیهانەدا ڕێکبخاتەوە، کە زۆر نامۆ و دژوارە پێی. کچەکە لە دڵەوە دەیەوێت ئەو جیهانە نامۆیە بۆ یەکجارەکی بەجێ بهێڵێت و نایەوێت چی تر بژی.

(بێدەنگی)

کچ: من دەتوانم...

تیمارکار: وتت چی؟

کچ: من دەمەوێت بمرم.

تیمارکار: بمریت؟

کچ: ئا.

تیمارکار: بۆچی دەتەوێت بمریت؟

کچ: لەبەرئەوەی نامەوێت بژیم.

**شانۆنامەی بوومەلەرزە/ تەرمینالّی یانزە**

کچەکە بە بەردەوامی و لە پێوەندییەکانیدا بەوانی ترەوە دەڵێت (من نازانم)، ئەم وتەیەش وەکو تروسکەیەکی کاریگەر و بەهێز، بەنێو کەسایەتی و بوونی هێدفیگدا تێدەپەڕێت، دووبارە دەبێتەوە و کاردانەوەی جۆراوجۆریشی لە دەوروبەرەکەیەوە لێ دەکەوێتەوە. ئەمەیش ئامڕازێکی گوزارشتئامێزە و لاش نۆرێن وەکو گەمەیەکی زمان بە وریاییەوە لە شوێنی خۆیدا بە کاری هێناوە.

نەبوون و پچڕانی هەموو پێوەندییەکان لەنێو ئەم خێزان و جیهانەدا، نامۆیی و نەبوونی پێوەندیشە بە خودی (من)ەکانەوە، کە هەموو بەها و بنەما دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی لەنێوان خێزان و لە دەرەوەی خێزانەوە، لەدەست داوە.

**ژوورێکی بۆر**

**تەرمیناڵی ژمارە...**

ڕووداوەکانی ژوورێکی بۆر، چەشنی تەرمیناڵی سێ و تەرمیناڵی یانزە، لە ژووری یەکێک لە نەخۆشخانەکانی منداڵبووندا ڕوو دەدات.

(A)و (B) بە شێوەیەکی نائارام بە دیار کچە پێشوەختە تازە لەدایکبووەکەیانەوەن، هەر لە سەرەتاوە هەست دەکەین هەڵەیەک هەیە و هەموو شتێک بەو شێوەیە نییە، کە دەبێت وا بێت. لاش نۆرێن شانۆنامەکەی بە شێوەیەکی مۆزیکی ڕۆناوە و بە هۆی حیواری کورت و داماڵراوەوە، لە ڕوانگەی زمانێکی ڕۆژانەی ساکارەوە، بەرجەستە کراوە.

لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت کە (A)و (B) هەست دەکەن نامۆن بەو منداڵە بچووکە تازە لەدایکبووە، هەوڵ دەدەن خۆشەویستی خۆیان لە تەقەلایەکی دووپاتکردنەوەدا بۆ کچە بچووکە تازەکەیان دەرببڕن.

بەکارهێنانی وشەی وەکو (موجیزە) و دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی (ئەو هیی ئێمەیە) (من لەو بڕوایەدا نیم)...هتد، نا ئارامی و هەست بە نامۆکردنی ئەو دایک و باوکە تازەیە دووبارە دەکەنەوە. لە هەمان کاتدا ئەو منداڵە پەرجویەکی بە لەدایکبوونی،

بۆ پیاوەکە (A) خولقاندووە: پیاوەکە چی تر هەست بە دڵەلەرزە و پەژارە و ترسی مەرگ ناکات، ئێستا ئەو بە هۆی ئەو منداڵەوە هەستێکی بەهێزی تێیدا دروست بووە بۆ بەردەوامی و بۆ ژیان. چی تر هەست بەوە ناکات، کە لە هەموو ژیانیدا (هەڵە) بووە. ئەو منداڵە و بۆ یەکەم جار (مانایەک بە پیاوەکە، وەک مرۆڤێک)، مانایەک بە ژیانی و بوونی ئەو دەبەخشێت.

A: نەخێر، بەڵام هەڵە... بە شێوەیەک لە شێوەکان هەڵە. من هەستم دەکرد هەڵەم.

بە پێچەوانەوە ژنەکە زیاتر لە ترساندا بێدەنگە، ئەمە سێیەم منداڵییەتی و دوانەکەی تریشی هەر بە منداڵی دوای لەدایکبوونیان، لەدەست داوە. ترسەکەی بە تووڕەبوون دەردەبڕێت، کە پیاوەکە دەڵێت (منداڵە تازە لەدایکبووەکەیان) خەون دەبینێت، هەڵدەچێت: منداڵێک، کە تەمەنی تەنها شەو و ڕۆژێکە، دەبێت خەون بە چییەوە ببینێت؟

هێدی هێدی ئەو حیوار و دیالۆگە کورتە ساکارانە، دەبن بە بازنەی ژانێکی گران و گەورەی ئەو خێزانە. ترسی ڕاستییەکی دژوار ڕێگە لە کەسایەتی (A، B) دەگرێت و ئەوان ناتوانن خۆیان لەو ترسە گرانە قوتار

بکەن، ترسی ئەم دوو مرۆڤە تەنها ڕەوشێکی ئێگزیستێنتیالیزم لەخۆ ناگرێت، بەڵکو لەپاڵ ئەوەیشدا ئەوان هۆکارێکی بەهێزیان بۆ ئەو ترسە، بۆ ئەو نائارامییە هەیە: ئەوان لەوەوبەر دوو منداڵی تریان لەدەست داوە.

شانۆنامەی (ژوورێکی بۆر) تەنها ٣٠ خولەکێک لەسەر شانۆ دەخایەنێت، بەڵام بە تەواوی ژیانی ئەو خێزانە، ئەو دوو مرۆڤە لەخۆ دەگرێت. لە ژوورێکی نەخۆشخانەیەکدا، زۆر بە هێمنی و بە شێوەیەکی ساکار و بەتوانایەکی بەرزەوە، مێژوو و ژیانی ئەو دوو مرۆڤە دەخاتە ڕوو. وچانە کورتەکان دەرگا بۆ ڕووداني هەموو شتەکان دەکەنەوە، هەر دوای چەند وچان و بێدەنگییەک هەستی پێکەوەژیان، هەستی (ئێمە) بوون، بە تەواوی تێکشکاوە، هیوا و ئاواتەکان، سەرلەنوێ دەبنەوە بە غەم و پەژارەیەکی گەورە.

لاش نۆرێن تەنها بە نیو سەعات، توانیویەتی جێگەی ئەو لەدایکبوونە ئەفسوونییە، ئەو تراجیدیا گرانە، ئەو کەوتنە دەرونییە و چەندین بابەتی تر لەنێو تێکستێکی کورتدا بکاتەوە.

شانۆنامەی (ژوورێکی بۆر) لە چاوتروکانێکدا و لە بێدەنگییەوە دەست پێ دەکات و هەر لە بێدەنگی و

وچانەکاندا تەواو دەبێت، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ و بە هەمان دیالۆگ و بێدەنگی و وچانەکانەوە دەست پێ بکاتەوە. یان لە تەرمیناڵێکی تردا بەردەوامی لەخۆ بگرێت.

**تێبینی:** لاش نۆرێن تا نووسینی ئەم باسە نەیتوانیوە بڕیاری ئەوە بدات شانۆنامەی (ژووریکی بۆر) چ ژمارەیەکی پێ ببەخشێت.

# دەمەتەقێیەك لەنێوان
# یۆن فۆسە و لاش نۆرێن دا

ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٢/٩/٧

دانا ڕەئووف لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی و
پەڕاوێزی بۆ داناوە

**نۆرێن:**

بە ڕاستی دواجار کەی بوو، کە ئێمە یەکترمان بینی.

**فۆسە:**

لە ئۆسلۆ بوو.

**نۆرێن:**

دەمەتەقێیەکمان بەر لە نمایشکردنی نۆڤێمبەر کرد(١). تەنها باسی هونەر و مەرگمان کرد... من پێموایە، کە ئێستا لەسەر ئەو مەسەلانە قسە نەکەین. دەتوانین.

**فۆسە:**

یان ناتوانین.

**نۆرێن:**

بۆچی باسی ئەو شتانە بکەین، کە دەربارەیان دەنووسین؟ شتێکی زۆر بێمانایە. با زیاتر قسە لەسەر شتە پراکتیکییەکان بکەین.

**فۆسه:**

هەست دەکەم قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلانەی، کە لەسەریان دەنووسم شتیکی هەڵەیە، ئەوانەی نووسیومن خۆیان باسی شتەکان دەکەن. کە باسی ئەوە بکەیت لەپڕ و لەخۆوە دەبێتە شتێکی هەر زۆر جیاواز.

**نۆرێن:**

ئەی چۆن فریای ئەو هەموو شتە دەکەویت، ڕۆمان دەنووسیت، دەقی شانۆیی دەنووسیت و ئامادەی یەکەمین نمایشی شانۆنامەکانیشت دەبیت، سیمینار ڕێک دەخەیت... ئەی کەی پشوو دەدەیت؟

**فۆسه:**

(دوودڵییەکی درێژ) ڕاستی، من هەر زۆر کەم دەنووسم- هەمیشە خەریکی نووسین نیم.

**نۆرێن:**

بەڵام خێرا دەنووسیت؟

**فۆسە:**

ئا، کەم و زۆر، بەڵام هەمیشە خەریکی نووسین نیم.

**نۆرێن:**

کاتی نووسینەکانت چڕ دەکەیتەوە بۆ چەند مانگێک لە هاویندا؟

**فۆسە:**

ئا، لە هاویندا دەنووسم. زیاتر لەم چەند ساڵەدا وای لێهاتووە. بەڵام لاش، تۆ خۆت هەر زۆر دەنووسیت. لە من زیاتر، هەروەها کاری شانۆیش دەکەیت.

**نۆرێن:**

ئەوە بۆ هەشت مانگ دەچێت لە شانۆی دەوڵەت دوورکەوتوومەتەوە و خەریکی داڕشتنی شانۆنامەکانم بووم. ئێستایش سەرقاڵی پڕۆڤەکردنم لە شانۆنامەیەکمدا بە ناوی (ئاوی مەنگ).

**فۆسە:**

ئا، خوێندوومەتەوە.

**نۆرێن:**

خوێندووتەتەوە؟ (شادمانییەکی چاوەڕواننەکراو) چۆن بوو بەلاتانەوە؟

**فۆسە:**

پێم باش بوو.

(وچان)

**نۆرێن:**

لە خانووەکەتەوە دەریاچە دەبینیت؟

**فۆسە:**

ئێستا لە بێرگن و لە شوقەیەکدا دەژیم، زۆر نزیکە لە دەریاوە.

**نۆرێن:**

ماڵت گواستۆتەوە؟

**فۆسە:**

ئا، خانوویەکمان هەبوو، فرۆشتمان و لەبری ئەوە شوقەیەکمان کڕی تا لە دەریا نزیک ببینەوە. لەم چەند ساڵەی دوایدا چەندین شوقەیان لەسەر ئاوەکان دروست کردووە و ئێمەیش خانووەکەمان فرۆشت و شوقەیەکی وامان کڕی. کە لە شوقەکەدا دادەنیشیت، هەروەک ئەوە وایە لەنێو بەلەمێکدا دانیشتبیت.

**نۆرێن:**

بەلاتانەوە گران نییە، کە خاوەنی خانوویەک نین؟

**فۆسە:**

نەخێر، بە هیچ شێوەیەک. هاوینەخانوویەکی بچووکم هەیە. لەوە زیاتر پێویست ناکات. خانووی کۆن ئیشی زۆرە و پێویستە هەر دەستت پێوەبێت و ئەگەر مرۆڤیش بەدەستوبرد نەبێت، ئەوا بچووکترین گرفت دەبێتە مەسەلەیەکی گەورە.

**نۆرین:**

بەڵام خانووبەرەی زۆر لە شانۆنامەکاندا هەن.

**فۆسە:**

وەک میتافۆر.

**نۆرێن:**

لە (کەسێک هەر دێ) ڕۆژێکی هاوین، مرۆڤ دەچێتە خانوویەکی تازەوە نەک شوقە.

**فۆسە:**

نەخێر دەچنە خانووەوە و ئەمەیش پێوەندی بە منداڵی و گەورەبوونی خۆمەوە هەیە لەخانوویەکی کۆندا. زۆر دڵم پێیان دەکرێتەوە. لەم ڕووەوە کۆنەپارێزم. پێموایە پارێزگاریکردن لەخانوویەکی کۆن، مانای پارێزگاریکردنە لە سەردەمێک، کە خانووەکەی تێدا بووە.

**نۆرێن:**

.... خۆ ماوە.

**فۆسە:**

ئا، هەموو ژیان لەوێدا هەیە.

**نۆرێن:**

وەک سێبەری وێنەیەکی فانتۆمی.

**فۆسە:**

ئا، کە دەنووسم زۆر بە ڕوون و ئاشکرا هەستی پێدەکەم. هەندێک ژوور زۆر باشە بۆ نووسین، هەندێکی تر بە هیچ شێوەیەک بۆ من دەست نادات.

**نۆرێن:**

لێرەیش هەر وایە، لە ستۆکهۆڵم، کە دەچیتە خانوویەکەوە، هەر لە داڵانەکەوە مرۆڤ هەست بەوە دەکات، کە زۆر کارەساتی تێدا ڕووی داوە، دڵەڕاوکێ و...

**فۆسە:**

ئەمەیش یەکێک بوو لە هۆکارەکان، کە گواستمانەوە. خانووەکەمان بە کەڵکی نووسین نەدەهات. لە ژوورێکەوە دەچوومە ژوورێکی تر و هەوڵم دەدا بنووسم، بەڵام هەرگیز ئاسوودەیی و ئارامیم لە هیچ سوچێکی ئەوماڵەدا نەدەدۆزییەوە.

**نۆرین:**

شوقەکە تازەیە؟

**فۆسە:**

هەر زۆر تازەیە، یان ئەوەتا تازە دروست کرابێت- یان زۆر کۆن بێت. ژوورێک لە لایەکەوە بۆ من، ئاو. کە

له پەنجەرەی ژوورەکەتەوە دەریاچەیەک ببینیت، یان نزیک بە ئاو بیت.

(وچان)

**نۆرین:**

بە ڕاست... وەرگێڕانی (کەسێک هەر دێ)ت بۆ سویدی بەلاوە چۆن بوو؟(٢)

**فۆسە:**

زۆر باشە. وەرگێرانەکەت ئاواز و گۆرانی خۆی هەیە. وەرگێڕی باشیش دەبێت وا بێت.

**نۆرێن:**

ئاوا؟ کارێکی زۆر گران بوو. هەموو ڕۆژێک تەنها لەیەک ڕووپەڕی شانۆنامەکەتدا کارم دەکرد، زۆر گران بوو، هەر لەبەر ئەوەیش بوو، کە هەستم دەکرد وەرگێڕانەکە بەرەو خراپی دەچێت. ئەو ئەتمۆسفێرە بەرز و پاکییەی کە لە تێکستەکەدایە، لێرەولەوێ لەدەستم دەدا. هەر لەبەر ئەوەیش بوو، کە بیرم کردەوە باشتر وایە بە زمانی نەرویژی نوێ، نەک سویدی نمایشی بکەین.

**فۆسە:**

بە نەرویژی نوێ؟

**نۆرێن:**

بە جیدی ئەو مەسەلەیەم باس کرد، گرفتە زمانەوانییەکان بشکێنیت. ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەبێت وا بکەین(٣).

**فۆسە:**

گرفتەکانی وەرگێڕان لای من بە پێچەوانەوەیە. من زیاتر هەڵدەکشێم. زمانەکە بەرەو شوینێکی ترم دەبات، بمەوێت یان نەمەوێت. بە شێوەیەکی گران کار دەکەم و هەوڵ دەدەم لە نەژادی زمانەکە نزیک ببمەوە، وێنەکانی زمانی نەرویژی نوێ بەرەو ئەو ڕێگەیەت دەبات.

**نۆرێن:**

بەڵام بەرەنجامێکی باشمان بەدەست هێنا. کە خەریکی پرۆڤەی (نۆڤێمبەر)(٤) بووین، کارم لەوەشدا دەکرد. هەندێک جار هەوڵمان دەدا لێرەولەوێ داکشێین و تۆنێکی هێمن بدۆزینەوە... بەڵام پێویستە ئەو

ئاستەنگە بشکێنین. نەرویژی نویَ هەر زۆر جوانە. شانۆنامەکانی تۆیش پابەندە بەو وێنە زمانەوانییانەوە.

**فۆسە:**

بە ڕاستی وایە.

**نۆرین:**

ئەی لەگەڵ ئەڵمانییەکەدا چۆنە؟(٥)

**فۆسە:**

هێندەی من شارەزای زمانە شانۆییە ئەڵمانییەکە بم، ئەویش وێنەییە، لەبەر ئەوە بە ئەڵمانی زۆر باشە. بۆ فەڕەنسیش هەروەها. بێگومان بۆ من گرانە، کە ئەو وەرگێڕانانە هەڵسەنگێنم.

(وچان)

**نۆرین:**

لەم ڕۆژانەدا (سەگە تۆپیوەکان)(٦)مان خوێندەوە.

**فۆسە:**

(بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو) ئەوها؟

**نۆرین:**

لە سەرەتادا وا هەستم دەکرد، ڕەوشەکان زۆر دووبارە دەکەیتەوە، بەڵام کە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا خوێندمانەوە، بە شێوەیەکی تر گەشەی کرد و هەر لە هەڵکشاندا بوو.

**فۆسە:**

لەوانەیە ئەو شانۆنامەیە بەکەڵک بێت، من زۆر جار گەر نەڵێم هەمیشە، دڵنیانیم لەو شانۆنامەیەی کە نووسیومە. باشە یان خراپە، شایانی نمایشکردنە یاخود شایانی ئەوە نییە بخرێتە سەر شانۆ. کە نووسەرێکی گەنج بووم هەمیشە هەستم دەکرد و دڵنیابووم لەوەی، کە نووسیومە، بەڵام ئەو حاڵەتە ئێستا وا نەماوە. بێگومان ئەمەیش زۆر پەیوەستە بە جۆری نووسینەکەوە. تا ئاستێکی باش دڵنیام لە شیعرێکی باش یان خراپ، یاخود ڕۆمانێک. ئەم مەسەلەیە زۆر جیاوازە لەگەڵ شانۆنامەدا. کەسێکی بڕواپێکراو پێویستە پێم بڵێ، کە باشە یان خراپە.

**نۆرێن:**

شانۆنامەیەکی هەر زۆر باشە.

**فۆسە:**

(دڵخۆشە) زۆر سوپاس! لەو بڕوایەدا بووم، کە شانۆنامەیەکی خراپ بێت.

**نۆرین:**

ئێمە کاری تێدا دەکەین و دەیخەینە سەر شانۆ. بەڵام شانۆنامە خوێندنەوە هەر زۆر گرانە.

**فۆسە:**

لەوانەیە ئەمە ئەوەبێت، کە منیش درکم پێ کردووە و ئەمەیش وام لێ دەکات، کە زۆر دڵنیا نەبم لە تێکستی شانۆنامە بە بەراورد لەگەڵ تێکستی تەرزەکانی تری ئەدەبدا. ئەوەی، کە زیاتریش ڕووبەڕووی بوومەوە، کە دەستم کرد بە نووسین بۆ شانۆ، ئەوە بوو تێکستەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، دەبێتە لەوە زیاتر، کە دەشبێتە شتێکی چاک، ئەوا زۆر باشتر دەبێت لەوەی، لە خودی ڕووپەڕەکاندا نووسراوە. لەم مەسەلەیەدا بەهرەم هەیە، ئەمەیش ئەو شتەیە، کە دەبێت بزانرێت.

**نۆرێن:**

بەڵێ، بەڵام ئێمە شانۆنامەیەکی تازەمان دەوێت. هیچ شک دەبەیت؟

**فۆسە:**

نەخێر، ئێستا خەریکم ڕۆمانێک دەنووسم. گەر نا سەگە تۆپیوەکان شانۆنامەیەکی تازەیە، یان ڕاستتر وایە بڵێم ئەو دەقە لەسەر تێکستێکی تر بنیاتنراوە، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر وەلام ناوە، دەرمهێنایەوە و سەرلەنوێ زۆر بە چڕوپڕی کارم تێدا کردووەتەوە. لەبەر ئەوە لەوانەیە ببێتە شانۆنامەیەک، کە بۆ یەکەم جار نمایش دەکرێت!

**نۆرین:**

ئەی شانۆنامەی داهاتووت؟

**فۆسە:**

سوپاستان دەکەم. چەندین شانۆنامەی تر بەڕێگەوەن. لە هەمان کاتدا من نامەوێت بەم شێوەیە بیر بکەمەوە، کە تێکستی شانۆنامەیش تەواو بوو، گەر بە تەواوی پێم نەما، ئەوا وشک دەکەم.

**نۆرێن:**

من دەمرم، گەر نەتوانم بنووسم و پێم نەمێنێت.

**فۆسە:**

مەسەلەکە بۆ تۆ وایە؟ بۆ من وا نییە. گەر نەتوانم بۆ شانۆ بنووسم، ئەوکات لەبری ئەوە شیعر دەنووسم. بنووسە، ئەوەیان پێویستە و دەبێت بەردەوام بنووسم.

**نۆرێن:**

بۆ من تەنها شانۆ هەیە. شانۆماڵی منە. دەڵێن گوایە هەندێک کەس ناتوانن جیاوازی بکەن لەنێوان واقیع و فەنتازیادا، من ناتوانم جیاوازی بکەم لەنێوان واقیع و واقیعدا.

**فۆسە:**

بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەم، کە مەسەلەکە وای لێ نەیەت و دەمەوێت لەسەر چەندین ئاست لە دەرەوەی شتەکانەوە بم و ژیانێکی بەهێزی تایبەتیشم هەبێت. ئەو ژیانەم هەیە. من ژیانێکی خێزانیی تایبەتیم لەگەڵ ژن و منداڵەکانمدا هەیە. ئەمەیش یەکەم واقیعی منە. دوای ئەوە نووسین دێت.

(وچان)

**فۆسە:**

هێندە نابێت بۆ یەکەمجار شانۆنامەیەکم (کچەکە لە کورسییەکەدا) لە ئەڵمانیا و لە ڕێژی تۆماس ئۆستەرمیەر نمایش کراوە. ڕەخنەکان هەندێکیان هەر زۆر باش بوون و هەندێکیشیان خراپ، هەر بە تەواوی هەڵواسین و داشۆرین. ئەمەیش بۆ من شتێکی ئاساییە. ئەوەی ڕاستی بێت، هەمیشەیش هەر وا بووە. ئەوەی تۆزێک مرۆڤ پێی ناڕەحەت و کەڵلەیی دەبێت ئەوەیە، کە ڕۆژنامەکانی نەرویژ کاتێ نموونەیەک دەهێننەوە، ئەوا تەنها هەڵواسین و داشۆرینەکان دەهێننەوە.

**نۆرێن:**

دەبێت بەرگەی ئەو جۆرە ڕەخنانەیش بگریت. من ناوبانگ و نووسین دەربارەی بەرهەمی هەر نووسەرێک وەک شێوەیەک لە شێوەکانی ڕقلێبوونەوە دەبینم. هەمیشە دەکەونە پشتەوە، ئەوە هەمان میکانیزمە.

**فۆسە:**

ئا، وایە، شێوە ڕقێکی تێدایە. هەر لەبەر ئەوەیشە کە زۆر کەمتر چاوپێکەوتن دەکەم، وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکان نادەمەوە و ئەوەی ڕاستی بێت وازیشم لە خویندنەوەی ڕۆژنامە نەرویژییەکان هێناوە.

**نۆرێن:**

یەکەم کتێبم لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بڵاوکردۆتەوە. بەر لە چل ساڵ لەمەوبەر، لەبەر ئەوە من بە هەموو شتەکاندا ڕۆیشتووم. مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە ئەوەی لەگەڵدایە کە بنووسێت، جۆرە ڕاستییەکە مرۆڤ هەر ئەوانە دەخوێنێتەوە و هەر ئەو جۆرە نووسینانەیش ئاسەوارێک جێ دەهێڵێت.

**فۆسە:**

هەرگیز ڕاستی لە شتەکاندا نییە، زۆر شت دەوترێت بە زمانی منەوە، بەڵام من وام نەوتووە، یان بە هەڵە شتەکان وەردەگرن، یاخود بە تەواوی حاڵی نابن و شتەکان بە هەڵاوگێڕاوی وەردەگرن!

**نۆرین:**

لەوە دەچێت، کە بۆ یەکەم جار بێت ئەم مەسەلەیەت بۆ دەرکەوتبێت، هەروەک ئەوەی دیاردەیەکی نوێ بێت، هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت خۆی بپارێزێت، ناکرێت.

**فۆسە:**

(بەدەنگی بەرز) تۆ هەرگیز ناتوانیت خۆت بپارێزیت، بەڵام دەتوانیت هەوڵ بدەیت، لە ڕێگەی ئەوەوە، کە بڵێیت نا و ئەو شتانەیش نەخوێنیتەوە، کە لەسەرت دەنووسرێن. هەندێک جار لێرەولەوێ ڕەخنەدەخوێنمەوە، بەڵام زیاتر هەوڵ دەدەم نەیانخوێنمەوە. ئەمەیش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە هەر زۆر زۆر بووە. بە هەرحاڵ ئەوەیش ئاوهایە، ڕەخنە باشەکانمان لە بیر دەچێتەوە و تەنها ڕەخنە خراپەکانمان دێتەوە یاد... (پێکەنین)
(وچان)

**نۆرین:**

تەنها یەک پرسیارم ماوە. دەکرێت دەمەتەقێیەکی ئاسایی لەگەڵ کەسێکدا بکەیت یان دەبێت هەمیشە ئەوە بێت کە تۆ (یۆن)یت؟

**فۆسە:**

(دوای قەیرێک) بەڵێ دەتوانم، بە هەرحاڵ هیوادارم، بەڵام لە کاتی چاوپێکەوتندا ناتوانم. لە کاتێکدا ئاوها دادەنیشین و چاوپێکەوتنەکەیش تۆمار دەکرێت و لە هەمان کاتدا قسەیش بکەیت(١٠). من ئەکتەرێکی باش نیم.

**نۆرین:**

ئەی لە دەرەوەی ئەمەوە دەتوانیت قسە بکەیت؟

**فۆسە:**

بەڵێ، لەگەڵ هاوڕێکانمدا، بەڵام ئێستا من لە ڕۆڵی یۆن فۆسەدام، ئەوەیش من نیم.

**نۆرین:**

ئا، منیش ئەوەم ناوێت!

**فۆسە:**

گەرنا دەبێتە شتێکی کەسێنی، بەبێ بەرگری لەخۆ کردن.

**نۆرین:**

وایە، شتێکی زۆر ناخۆشە. منیش هەمان هەستم هەیە، بە لای منەوە ئەمە شتێکی هەر زۆر بێزارکەرە. دەبێت جارێک بەبێ ئەوەی هیچمان ڕۆڵ ببینین، چاومان بە یەکتر بکەوێت. دێم بۆ ئۆسلۆ تا شانۆنامەیەک بۆ شانۆی نەتەوایەتی نمایش بکەم. کارێکی ئیبسن (لە کاتێکدا مردووەکان هەڵدەسنەوە) یان ئەوەتا (ئی یۆلۆف) کامیان باشترە؟

**فۆسە:**

ئی یۆلۆفی بچووک.

**نۆرین:**

هەروەها زۆر نزیکە لە شانۆنامەکانی تۆیشەوە. لەو بڕوایەدام کە ساڵی ٢٠٠٤ پێشکەشی بکەم. بەر لەوە یەکتر هەر دەبینین.

**فۆسە:**

لە ستۆکهۆڵم یان ئۆسلۆ.

**ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٢/٩/٧**

**(ئەم دەمەتەقێیە لە لایەن ئیلفا لاگەرسرانتەس وێنە گیراوە، داڕێژراوەتەوە و سەرلەنوێ نووسراوەتەوە).**

## پەراوێزەکان:

١- (نۆڤێمبەر) یەکێکە لە شانۆنامەکانی لاش نۆرێن و یۆن فۆسە وەریگێڕاوەتە سەر نەرویژی و لە لایەن لاش نۆرێن خۆیەوە، ساڵی ٢٠٠١ لەسەر شانۆی نەرویژی پیشکەش کراوە. دواتر هەمان نمایش و لە گەشتێکی شانۆییدا لە ستۆکهۆڵمیش پێشکەش کراوەتەوە.

٢- لاش نۆرین شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)ی یۆن فۆسەی لە نەرویژییەوە کردووەتە سوێدی و لەسەر شانۆکانی زۆربەی شارەکانی وڵاتی سوێد نمایش کراوە.

٣- لاش نۆرێن مەبەستی ئەوەیە، گەر نەکرا شانۆنامەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی سوێدی، ئەوە باشتر وایە کە ڕاستەوخۆ بە زمانە ئەسڵییەکە پرۆژەکە نمایش بکرێت.

٤- بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١).

٥- مەبەست لە وەرگێڕانی شانۆنامەکانی یۆن فۆسەیە لە نەرویژییەوە بۆ ئەڵمانی.

٦- سەگە تۆپیوەکان شانۆنامەیەکی تری یۆن فۆسەیە.

٧- مەبەست لە شانۆنامەی (سەگە تۆپیوەکان)ە.

٨- تۆماس ئۆستەرمیەر یەکێکە لە ڕیژیسۆرە هەرە باشەکانی ئەم نەوەیەی ئەڵمانیا و لە شانۆی شاوبینە لە بەرلین کار دەکات.

٩- یۆن فۆسە مەبەستی لە گوتاری ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسەکانە، کە لەسەر ئەو و نووسینەکانی ئەو دەینووسن.

١٠- ئەم دەمەتەقێیە بە کامێرای ڤیدیۆ وێنە گیراوە، دواتر لە ڕۆژنامەیەکی شانۆیی ئەلەکترۆنیدا (ئینتەرنێت) بڵاو کراوەتەوە، دەقی چاوپێکەوتنەکەیش سەرلەنوێ بە نووسراوەیی لە پرۆگرامی شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)دا بڵاو کراوەتەوە.

# یاداشتەکان ناچاری ئامانجێکی نوێم دەکەن

**دانا ڕەئووف**

لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی و

پەراوێزی بۆ داناوە

کۆمیدیای فرانسیس (شانۆی نەتەوایەتی فەرەنسا) هەروەها دراماتنیش (شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم) خوازیارن لاش نۆرێن کاریان بۆ بکات، بەڵام لە کاتێکدا ئەو بەردەوامە لەسەر نووسین؛ یاداشتەکان، دەقی نوێ و پارچە مینیاترییە لیریکییەکان، لەوە دەترسێت کە وەک ڕیژیسۆر کار بکات. دوێنێ سپیندیۆمی (پێر گانێڤیک)، کە پشتگیرییەکی داراییە، پێی بەخشرا، خۆیشی لە دیدارێکی تایبەتمەندی ڕۆژنامەی سڤێنسکە داگبلادێد، بەشی کولتووردا، باسی ئەوە دەکات، کە لە چییەوە سروش وەردەگرێت.(١)

**لاش نۆرێن بۆ ماوەی چەند ساڵێکە هیچ دیدارێکی نەکردووە و بە دڵێکی خەمبارەوە خۆی لە هەموو یادێکی حەفتا ساڵەی لەدایکبوونی دزیوەتەوە، لەبری ئەوە سەفەر بۆ پاریس دەکات. ئێستا بە هۆی ئەوەی سپیندیۆمی (پێر گانێڤیک)ی وەرگرتووە، ڕەزامەندی لەسەر ئەم دیدارە دەربڕیوە. ئەم سپیندیۆمەیش لە لایەن کۆمیتەی هونەرمەندانەوە پێی دەدرێت و بڕی پارەکەیش نیو ملیۆن کرۆنی سویدییە.(٢)**

**لاش نۆرێن، سەرەڕای ئەوەی ئێستا تەمەنی حەفتا و یەک ساڵە و لەم زستانەدا دوو جار بە قورسی**

تووشی هەوکردنی قورگ و سنگ بووە، بەڵام هێشتا لە ژیاندایە و زیندووە. لەبەر ئەوەی نەخۆشی هەوکردنی بۆرییەکانی هەناسەی هەیە، لەوانەیە هەڵامەتێکی بچووک ببێتە شتێکی قورس و کاریگەر. لەگەڵ ئەوەیشدا ئێستا لە قاوەخانەیەکدا پێکەوە دانیشتووین، گورجوگۆڵە و پڕە لە وزەیەکی گەورە.

کار و پرۆژەی نووسینەکانی باش دەڕۆن بەڕێوە، کە ئەو خۆی وا هەست دەکات بە شێوەیەکی ڕوون دەسەڵاتی بەسەریاندا دەشکێت. لە ئێستادا هەموو هێز و توانای خۆی بۆ نووسین تەرخان کردووە و چەندین پرۆژەی بە دەستەوەیە، کە بە شێوەیەکی هاوتەریبی کاریان لەسەر دەکات؛ ئامادەکاری لە بەشی سێیەمی (یاداشتەکانی شانۆنامەنووسێک)دا، کە لە پایزی داهاتوو بڵاو دەکرێتەوە و ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ دەگرنەخۆ، چەند دەقێکی تازە و تێکستی لیریکی مینیاتری، هاوکات بە بەردەوامی بەشی کۆتایی یاداشتەکانی، کە بە (مردن) وەکو نازناوێکی کاتی ئاماژەی بۆ دەکات، دەنووسێت. ئەوەی منیش تێگەیشتبم، کاتێکی دیاریکراوی بۆ تەواوکردنی یاداشتەکانی نییە.[٣]

وایە، من ئێستا کاتەکانم لە دواوە دەژمێرم. دەزانم ساڵانێکی زۆرم لە ژیاندا نەماوە، کە بتوانم چالاک بم. نووسین ستراکتۆرێکم بۆ دادەنێت. من کە نەتوانم بنووسم، دەبم بە چی؟ تا چەندی تر دەتوانم لە نووسین بەردەوام بم؟ ئەوەی من بەڕێوە دەبات و ئاڕاستەم دەکات، ویستێکی هۆشیارانەیە –بەڵام هاوکات من کچەکانیشم هەن، کە چەند دیوێکی جێگیرن لە ژیانمدا، وەک مانایەک و گرنگییان بڕاوەتەوە. هاوکات شتێکی پڕ مانا و زۆر جێگەی سەرنجە بۆ من، کە تا بەرەو کوژانەوەی تەواوی بنووسم و بەردەوام بم، بیرچوونەوە مرۆڤ بێفەڕ و بێبەر دەکات.

**کارکردن لەم هەموو پرۆژەیەدا و لە یەک کاتدا هیچ گرفتێک نییە، بە شێوەیەکی ساکار و ئاسایی، هەموو بەشێکی نووسینەکان، ئاڕاستە و فۆرمی جیاوازیان هەیە. ئەوەی زیاتریش سەخت و دژوارە ئەوەیە، کە لە پڕ چەندین شانۆ دەیانەوێت نۆرێن وەک ڕێژیسۆر بگەڕێتەوە و کار لە دەقەکانی خۆیی و هەروەها دەقی شانۆنامەنووسەکانی تریشدا بکات.**

ئێستا من لەنێو دوو هەستی ناتەبادا تووشی شیزوفرێنیا بووم. دراماتن و بەرێوبەری ئەو شانۆیە (ئێریک ستوبو) و شانۆیەکی شنگهای و کۆمیدیا فرانسیس دەیانەوێت، وەکو ڕێژیسۆر کاریان بۆ بکەم. دوای چەند هەفتەیەک دەچم بۆ پاریس تا گفتوگۆ لەسەر ئەو داخوازییەی ئەوان بکەم. لەوانەیە لەوێ کار لە دەقێکدا سەبارەت بە فەیلەسوفی فەرەنسی (سیمۆنە فیل)دا بکەم -دەقێک لە تێکستەکانی ئەوەوە، بەڵام هەر لە لایەن خۆمەوە وەک یەکەیەکی نوێ ئامادەیان دەکەمەوە.(٤)

گرفتە گەورەکە، گرفتە هەرە گەورەکە ئەوەیە، کە من ناتوانم لە یەک کاتدا ڕێژیسۆر و نووسەریش بم، کاری ڕێژی بکەم و بشنووسم. پرۆڤەکردن، گروپێک لە مرۆڤ و پێوەندیکردن بەوانەوە، ئەو دەرگایەم لێ دادەخەن، کە بتوانم گوێ لە تێکستەکانی خۆم بگرم و بیاننووسم و لەنێو خۆمدا بیانهێنمە دەرەوە.

هەموو ئەو هەست و سۆزانەی لە کاتی پرۆڤەکردنێکدا دەورووژێن و سەر دەردەهێنن و دێنە دەرەوە. زۆر جوانن و بەهێزن، بەڵام ئەو لێشاو و وروووژمی نووسینەی، کە هەمە بخەمە مەترسییەوە؟ من لەوەوبەر لە کۆمیدیای فرانسیس ئیشم کردووە و

نەمایشم پێشکەش کردووە، کە زۆر قایل بووم پێی و هەروەها ئەو کارە سەرنجڕاکێشە زۆر بەهێزە و بەرەو خۆی ڕامدەکێشێت، ئەو بایەخ و جدیەتەی لەوێ هەیە، بەڵام لەوە دڵنیا نیم، کە بتوانم ستۆکهۆڵم بەجێ بهێڵم و دەستبەرداری ئەو خوێندنەوەیە بم، کە ئارامیم پێ دەبەخشێت... ئەوەیان نازانم.

**ئاسانە لەم گرفتە بگەیت، بەتایبەتی کە مرۆڤ بزانێت نۆرێن چۆن دەنووسێت. ئەو بە شێوەیەکی بەهێز دەنووسێت و ڕۆتینێکی جێگیر و چەقبەستووی هەیە، هەمیشە هەمان جۆری ئامێری نووسین - ئای بی ئێم، بە خڕۆکە و بەکرە و کاغەزی نووسینەوە، بەکاردەهێنێت، وەک جۆرێک لە فۆرمێکی ئۆتۆماتیکی نووسین وایە، کە دیالۆگ و پارچە تێکستەکان دەردەکەون، کە ئەو دواتر سەرلەنوێ دەیاننووسێت و دەیاننووسێتەوە. ئەو دەنگ و پیاکێشانە ڕیتمییەی لە تەختەکلیلی پیتەکانەوە دێت و ئەو ئامێرە قورسە، دەبێتە جۆرێک لە دەستڕەنگینی، لەوێدا وشەکان شەن دەکرێن و بە شێوەیەکی باشتر و گونجاوتر دێنە دەرەوە.**(٥)

**لاش نۆرێن هەنووکە دوو دەقی تازەی بۆ دراماتن نووسیوە. یەکێکیان لە ماڵێکدا، ئەوی تریشیان لە ناوچەیەکی گەشتوگوزاردا ڕوو دەدەن. هەردوو دەقەکە کارەکتەری وا لەخۆ دەگرن، کە پیرن و زۆر چوونەتە تەمەنەوە، نە پیاو و نە ژنن، بەڵکو تەنها بوونەوەرێک یاخود گەرایەکن. دەقەکە لە پارچە تێکستی کورت پێک هاتووە، ڕۆڵەکان لە پشێویدان، پەیڤەکانیان جۆرێکن لە بڕسکان —وەکو ئەوەی لەژێر ئاوێکی قووڵەوە بدرەوشێنەوە، هەر بە تەواوی خودگەرا. دەقەکە زیاتر و زیاتر پڕ دەبێت لە جۆرێک لە خەم و پەژارە. (ئیریک ستوبو) دەیەوێت نۆرێن خۆی کاری ڕیژی بۆ ئەم دەقە بکات، بەڵام ئەو دوودڵ و ڕاڕایە.**

من ئیریک زۆر بەرز دەنرخێنم. ئەو ڕیژیسۆرێکی زۆر باشە و بۆ دابەشکردنی ڕۆڵەکانی هەردوو دەقەکە خاوەنی چەندین دیدی هونەرییە. بیر بکەرەوە، گەر ئینگە لاندگرێ یان لینا گرانهاگن بەشدار بێت، بەڵام وەک گوتم، ئەگەر دەست بکەم بە دەرهێنان، ئەوە بۆ چەند مانگێک ناتوانم بنووسم. من لەم خۆگونجاندنە دەترسم.(٦)

هەروەها کە خەریکی کاری ڕیژی بم فریای خوێندنەوەیش ناکەوم، کاری ڕیژی بیست ساڵە ئەدەبی لە من زەوت کردووە. ئەمڕۆ زۆر لەو شتانە دەخوێنمەوە، کە لە ساڵانی شەست و حەفتاکاندا لە خۆمم کۆکردبوونەوە. کتێبەکانم لە گۆتلاند کۆکردوونەتەوە. هەموو هاوینێک لۆرییەکیان لێ دەهێنم بۆ ئەوەی ئەوانەی پێویستم نین فڕێیان بدەم، بەڵام بە وردی سەیری هەموو ئەوانە دەکەم کە فڕێیان دەدەم، هەموو ئەدەبی سیکۆلۆژی، سیاسییەکان، بەشێکیشیان سەرلەنوێ دەستم کردۆتەوە بە خوێندنەوەیان. لەم ڕۆژانەدا زیاتر فەلسەفە دەخوێندمەوە. هایدگەر، بەرەو شیعرەکانی ڕیلکە یان هوێلدێرلین-م دەبات و دواتر گەڕانەوە بۆ ئەدەبی کلاسیکی (ئەنتیکە) و هەروەها دەقەکانیش، شانۆنامەنووسەکان. ئەمە سەرچاوەگەلێکن کە بەرەو خوێندنەوەیەکی بەردەوامم دەبەن.[٧] و [٨]

ئێستا نووسەری فەرەنسی سارا کۆفمان دەخوێنمەوە، کە تێکستگەلێکی سەبارەت بە فرۆید و نیتشە نووسیوە.[٩] لە ڕاستییدا سارا کۆفمان یەکێکە لەو کەسانەی هەموو ئەو شتانە فۆرمەلە دەکات، کە ناتوانرێت گوزارشتیان لێ بکرێت. هاوکات ئەو دوو کتێبی بیۆگرافیای خۆی نووسیون، کە تەواو

ئەفسوناوین. ئەم نووسەرە ئافرەتە تا ئێستا هیچی بە سویدی بڵاو نەکراوەتەوە، ئەمەیش بە ڕاستی ناخۆشە. من کتێبەکانی بە ئینگلیزی دەخوێندمەوە. بە ناوبانگترین کتێبی ناوی (قۆناغە سەرەتاییەکانی هونەر)ە. بیخوێنەرەوە، ئەوە کتێبێکی هەر زۆر باشە. ئێستاکە کۆفمان دونیای منە.

**کارکردن لەگەڵ لاش نۆرێن، وەک ئەوە وایە، بەبێ بەربەست لەسەر چەندین ئاست بجووڵێیتەوە: لە ژیانی ڕۆژانەوە، هێنانەوەی کچە بچووکەکەی و بیرکردنەوە لە ڕاکردن لە خانووە بچووکەکەی لە شەقامی ڕۆسلاگسگاتانەوە بۆ گفتوگۆ دەربارەی شانۆ و هونەر یان نووسینێک لەسەر فەلسەفەیەکی ئاستبەرز. ئەوەی ڕاستی بێت هیچ جۆرە سنوورێکی توند و بەهێز لەنێوان ئەم بەشانەدا نییە – هەموویان کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە هەیە و یەکتر دەوڵەمەند دەکەن. کە پێکەوە باسی ڕۆژژمێرەکانی (یاداشتەکان) دەکەین، ئەو گفتوگۆکە بە ئاڕاستەیەکی تردا دەبات و باسی بێرگسۆنی فەرەنسی دەکات و ئەوەی ئەو دووپاتی دەکاتەوە؛ لە پێویستی خولْقاندنی کاتی خۆت، کە مرۆڤ جیهانە، نەک تەنها دانیشتوویەکی ئەوێیە. ئێمە بە بەردەوامییەوە بوونی خۆمان دەخولْقێنین – ئەمەیش**

**ئەوەیە، کە ڕۆژژمێرەکان دەیانەوێت نموونەیەک بن بۆی.**

**من ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم، بە تەنیشت ڕۆژژمێرەکانەوە – کە لەوێدا نۆرێن ڕێگە بە خۆی دەدات و شەڕانگێزانە دژی بەشێک لە ژیانی کولتووری سوێد بێتەوە، بەڵام هاوکات سەبارەت بە گەڕان و شت کڕین و پارە خەرجکردنێکی بەردەوام دەنووسێت – ڕۆژژمێرێکی سێبەرئاسایی هەیە، هەموو ئەو شتانە لەخۆ دەگرێت کە ئەو نایاننووسێت، ئەوانەی ئەو جیای کردونەتەوە و لە دەرەوەی بازنەکەدان. ئەم شت کڕین و پارە بەفیڕۆدانە بەردەوامە لە کڕینی فانیلەی نیوقۆڵی ڕەشی تازە و جلوبەرگی مارکە گرانبەهاکاندا، تەنها نووسینەوەی شت و داخوازییەکانی تر نین و شتە خۆڕسک و لەخۆوەهاتوو و دەستبەجێیەکانی تر[١٠]**

بێگومان تۆ ڕاست دەکەیت و لەسەر حەقیت. وەک دەزانیت، ڕۆژژمێرەکان لە ئەدەب زیاتر هیچ شتێکی تر نین. من دەمەوێت ئەو دەستەواژەیە یان ئەو حاڵیبوون و چەمکە بخەمە چوارچێوەیەکەوە کە هایدگەر بە (پۆلێمۆس) ئاماژەی بۆ کردووە، کە لە نەژاددا خواوەندێکی گریکییە، تا ڕادەیەک ڕووبەڕووبوونەوە، واتە دژوەستان لەگەڵ دەوروبەرێکدا کە دژی خۆمە.

هەروەها ڕۆژژمێرێکی تریش بە تەنیشت ئەوی ترەوە کە نەنووسراوە، بوونی هەیە -بەڵام ئەمە ئەوەیە، کە من ناتوانم بینووسم. هاوکات بەرامبەر بە تۆیش ناتوانم، وەک دەڵێن خاڵ بخەمە سەر وشە. ئەمە لەوانەیە هیچ بەهایەکیشی نەبێت، مەبەست لە ڕۆژژمێرەکان ئەوەیە وەک من دەیبینم، لە ڕوانگەی ئەوەوە فۆرمەلەی بیروڕاکانم بکەم، خۆم ناچاری ئەوە دەکەم بەردەوام بم بەرەو ئامانجی نوێ، هەر وەکو ئیبسن، کە من زۆر بەرز دەینرخێنم، هەمیشە خۆیی و کارەکتەرەکانیشی ناچار دەکات بەردەوام بن.

ئەوەی ڕاستی بێت ئێستا پارە زۆر سەرف ناکەم، هەموو جارێک شتێک دەکڕم تەنها بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەو شتە لە دەست دەدەم -کە من دەمرم. من ئێستا هەست بەوپەڕی سەربەستیم دەکەم، هیچ پێوەندییەکی خۆشەویستیم نییە، تەنها بۆ منداڵەکانم نەبێت. لەم نزیکانەدا چووم بۆ نیویۆرک، بە تەواوی سەربەست بووم، هیچ کۆبوونەوەیەکی کار -جگە لە دوو سەعات چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو وەرگێڕەی کار لە شانۆنامەی ۳. ۳۱.۹۳دا دەکات. هەستێکی ئێجگار گەورەی بەختیاری بوو. خواست و تامەزرۆیی؟ ئا، کتێبی زیاتر و هونەر - ئەمەیش هەموو ئەو شتانەن.

**من پرسیاری ئەوەی لێ دەکەم، ڕۆژژمێرەکان وایان نەکردووە، کە خەڵکی دەبینێت، بیروبۆچوونیان سەبارەت بە تۆ چۆنە و ژیانی تایبەتی خۆت چۆن دەژیت یان وا بزانن دەتناسن، بەڵام ئەو بڕوای وایە، کە هیچ خەڵک یان کەسانێکی زۆر نابینێت، کە تا ئاستێک نادیار و نەبینراوە – ئەمەیش ئەو هەستەیە، کە هەیەتی. کە لە پەراوێزی کۆمەڵدا دەژی. لە هاویندا شانۆی شیلینگە یەکێک لە دەقەکانی هەشتاکانی (بۆبی فیشەر لە پەسەدینا دەژی) و دراماتنیش بۆ وەرزی پایزیان (سێبەرەکانیشمان بدەرەوە) لە ڕیژی ئێریک ستوبو، نمایش دەکەن. لاش نۆرێن بە بەردەوامیش لەسەر شانۆکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا نمایش دەکرێن.**

ئا، بێگومان شتێکی خۆشە دەقەکان پێشکەش دەکرێن، هەرچەندە من هەرگیز ناچم بۆ شەوی یەکەمی نمایشەکان. ناتوانم هەموو ئەمانە وەربگرم، ڕێگەی ئەوە نادەم کاتەکانم لێ بدزرێت.

**نۆرێن هەڵدەستێتە سەر پێ، لەپڕ ماندوو دیارە و دەچێت بۆ کتێبفرۆشی ڕونێلس، لەوبەری شەقامەکەوە، تا بە دوای کتێبەکانی پاوڵ ڕیسکیۆردا بگەڕێت. دوای ئەوە سەرلەنوێ بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی بنووسێت.**

## پەراوێزەکان

١- لاش نۆرێن ٢٠١٥/٥/١١ ئەو سپیندیۆمەی وەرگرتووە و ڕۆژی دوایی لە لایەن ڕەخنەگری شانۆیی (لاش ڕینگ)ەوە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ کراوە.

٢- دامەزراوەی پێر گانێڤیک تەنها بۆ ئامانجە کولتوورییەکان، لە لایەن کۆمیتەی هونەرمەندانەوە ساڵی ٢٠١٢ دامەزراوە، لە ڕێگەی سپیێندیۆمەوە یارمەتی دارایی دەبەخشێت بەو هونەرمەندە چالاکانەی کە بەهایەکی گەورەیان بۆ ژیانی کولتووری سویدی هەیە. ئەم سپیێندیۆمە پێر گانێڤیک کە سەرمایەدارێکی سویدی و هونەرپەروەر بووە، دوای مردنی بەشێکی زۆری سەرمایەکەی ڕادەستی ئەم کۆمیتەیە کردووە بۆ یارمەتیدانی هونەرمەندان. لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە ساڵانە پێنج سپیێندیۆم لە بوارەکانی وێنەکێشان، دیزاین، مۆزیک، شانۆ، سەما و فیلمدا دەبەخشێت.

٣- لاش نۆرێن تا ئێستا دوو بەرگی گەورەی دوو سێ هەزار لاپەڕەیی لە بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناونیشانی (یاداشتەکانی شانۆنامەنووسێک)ەوە بڵاو

کردۆتەوە؛ بەرگی یەکەمیان لەساڵی ٢٠٠٨ و بەرگی دووهەمیشیان ساڵی ٢٠١٢ دەرچوون. لەم دوو بەشەدا، جگە لە نووسین و بڵاو کردنەوەی هەموو پێوەندی و وردەکارییەکانی ژیانی، بە توندی هێرشیش دەکاتە سەر کەسایەتی و ناوەندە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکەی سوێد، تەنانەت لە هاوڕێ و هاوپیشە و کەسە نزیکەکانی خۆیشی نابورێت.

٤- سیمۆنە فیل ژنە فەیلەسوفێکی فەرەنسی بە نەژاد جوولەکە بووە و ساڵی ١٩٠٩ لە پاریس لەدایکبووە و ساڵی ١٩٤٣ لە بەریتانیا کۆچی دوایی کردووە.

٥- لاش نۆرێن تا ئێستایش کۆمپیوتەر بۆ نووسین بەکار ناهێنێت و هەر بە ئامێری چاپ (تابعە)کەی جاران دەنووسێت.

٦- ئینگە لاندگرێ، یەکێکە لە خانمە ئەکتەرە دێرینەکانی شانۆی سوێدی و ساڵی ١٩٢٧ لە ستۆکهۆڵم لەدایکبووە، هاوکات لینا گرانهاگنیش ئەکتەر و گۆرانیبێژە و ساڵی ١٩٣٨ لەدایکبووە.

٧- ڕاینەر مارییە ڕیلکە، لیریکی نووسیوە، بە یەکێک لەو شاعیرە گەورانە دادەنرێت، کە بە زمانی ئەڵمانی نووسیویانە. ئەم شاعیرە لە مانگی دوانزەی ساڵی

١٨٧٥ له پراگ لەدایکبووه، مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٢٦ له سویسرا کۆچی دوایی کردووه.

٨- فریدریش هویلدیرلین له مانگی سێی ساڵی ١٧٧٠ لەدایکبووه و له مانگی شەشی ساڵی ١٨٤٣دا کۆچی دوایی کردووه؛ نووسەر و وەرگێڕێکی ئەڵمانییه و به یەکێک له نووسەره ڕۆمانسییه گەورەکانی ئەڵمانیا دادەنرێت.

٩- سارا کۆفمان ساڵی ١٩٣٤ له پاریس لەدایکبووه و ساڵی ١٩٩٤ هەر له پاریس کۆچی دوایی کردووه.

١٠- نۆرێن بۆ نموونه له یاداشتەکانیدا، زۆر بەوردی باسی کڕینی جلوبەرگه گرانبەهاکانی خۆیی و پاره خەرجکردنێکی بێشومار دەکات، ئەمەیش ڕووبەرووی ڕەخنەیەکی توندی کردۆتەوه.

**سەرچاوه: ڕۆژنامەی سڤێنسکه داگبلادێد، بەشی کولتوور ٢٠١٥/٥/١٢**

## لاش نۆرێن لە شەوێکی فەلسەفیدا

شانۆنامەنووسی سویدی "لاش نۆرێن" لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٤، لە سەرەتادا بە شیعر دەست پێ دەکات و لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا یەکەم دیوانە شیعری خۆی (لەیلاک، بەفر) بڵاو دەکاتەوە. دواتر چەند دیوانێکی تر و ڕۆمان دەنووسێت، شیعر و پەخشان تێکەڵاو دەکات و دونیایەکی ڕەش، یادەوەری و پەرۆشی بۆ شتێکی نادیار، ناوەڕۆکی ڕۆمان و شیعرەکانی ئەوکاتەی پێک دەهێنن. بەڵام ئەم شاعیرە لە دوای چەند دیوانێک شیعرەکانی زیاتر و زیاتر دەچنەوە یەک و کورت و چڕ دەبنەوە. وێنە شیعرییەکانی لە فۆرمی زمانێکی داماڵراودا، دەبنە تەنها تروسکەیەک و وشەکان لە جەستەیەکی بزربوودا دێن و دەچن. ئەم ڕەوشە، نۆرێن لە جیهانی شیعر، لە زمانە لیریکییەکەی، لە گەمەی وشە و وێنەکان دوور دەخاتەوە، لە هەمان کاتدا تووشی دڵەڕاوکێ و نائارامیی دەکات. شیعرەکان دەبنە هەڵم و لەنێو ڕووپەرە سپییەکاندا بە تەواوی دەتوێنەوە، شاعیریش لە پرۆسەیەکی کردەیی و داهێنانێکی ئەدەبی و هەستی شاعیرێکی ڕەشبیندا هەست بە پووکانەوەی

وشەکانی و بزربوونی جیهانە شیعرییەکەی خۆی دەکات. ئەم شاعیرە زۆر لە خۆی ناکات، شیعری لاواز و بێ ڕەنگوبۆ نانووسێت و قەڵەمەکەی، کە ڕۆمان و شیعری پێ دەنووسی دادەنێت و لە بری ئەوە ڕوو دەکاتە دونیای شانۆ و نووسینی شانۆنامە. کە دەستیش دەکات بە نووسینی شانۆنامەکانی، دیدە چڕەکەی، وشە زبرەکانی، شیعریەتی نووسینەکانی و زمانە شیعرییەکەی، ئەتمۆسفێرە ڕەش و ستراکتۆرە ئەدەبییەکەی سەرلەنوێ لەناو شانۆنامەکانیدا دەدۆزێتەوە.

ئێستا دوای ئەم هەموو ساڵە، دوای سەرکەوتنە گەورەکانی لە بواری نووسینی شانۆیدا، قەسیدەیەکی درێژ بە ناوی "شەوی فەیلەسوف" لە دووتوێی کتێبێکی ١٩٠ لاپەڕەییدا بڵاو دەکاتەوە. بەرگی کتێبەکە لەبری وێنە و نەخشەسازی، دەموچاوێکی دەمامکئاساسی نۆرێنە، کە بە گەچ دروست کراوە، سیمای وەک مردوویەک لەنێو گەچە سپییەکەی بەرگی کتێبەکەدا، بە تەنکیی دیارە. ئەم سیمایە و بەو شێوەیە، لە بری جەستەیەکی دیارنەماو، دەبێتە دەمامکێکی مردوو؛ دەموچاوە سپییەکە، گەچە بەکارهێنراوەکە، ناونیشانی

دیوانەکە "شەوی فەیلەسوف" دەروازەیەکی فراوان بۆ خوێندنەوەی دیوانەکە دەکاتەوە.

خوێنەر لە سیما لە گەچگیراوەکەی نووسەرەوە و لە ڕەنگی مەرگەوە، دەچێتە ناو کتێبەکەوە و ڕاستەوخۆ، ڕووبەڕووی هەزاران "من" دەبێتەوە، کە پێکەوە، بە کۆرس، یەکە یەکە و بە تەنها وەک مەنەلۆگێگی ناوەکی دەپەیڤن. ئەم قەسیدە درێژە ئاخافتنێکی چڕ و هەمەلایەنەیە لەگەڵ "من"ی نووسەردا، کە لە دەروازەی یادەوەرییەکاندا دەردەکەون و دەبێتە هەزاران "من". ئەم "من"انە چەندە لە یادەوەرییەکاندا دەژین، هێندەیش لە ئێستادا ئامادەبوونێکی مەجازیی بەهێزیان هەیە. "من"ەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان مردوون، زیندوو دەبنەوە و دەبن بە کەسانێکی تر و هەمیشە لە زیادبوون و تێکەڵاوبووندان. یەکەم دێڕەکانی ئەم قەسیدەیەش لە سەفەری "من"ەکاندا بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**من نازانم، من نازانم لە کوێم**

**بەڵام من ئێستا سەفەر دەکەم، چی تر نازانم بەرەو کوێ**

**خامۆش و تاریک نییە، دەمێکە خامۆش نییە**

**خامۆش و بێ دەنگ./.../**

هەندێک جار دەقەکە دەبێتە شانۆ و لە ڕەوشێکدا دەوەستێت، دەیەوێت سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە، بەڵام زمانی دەگیرێت و وشەکان لەنێو دەنگ و ئاماژەکاندا دیار نامێنن، لەنێو تەمومژی دونیایەکی تردا، لە بەرەبەیانێکی سپیدا، لە ئۆقیانووسێکی ترەوە دەردەکەونەوە و دەنگی "من"ەکان بۆ تاوێک بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبن. "من"ەکان باسی مەرگ لە ژیاندا دەکەن، بەڵام خۆیان نایانەوێت بمرن، لەبری ئەوە سەرنجی تەماشاکەران، چاوی مردووەکان و هەستی زیندووەکان بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن: "تەماشای من بکەن، تەماشای مەرگی من و زیندووبوونەوەم بکەن". لە لایەکی ترەوە "من"ێکی تر هاوار دەکات و دەڵێت: ئەی من، تەماشای من بکەن.

"من"ەکان هەر وەک ئەکتەری سەر شانۆکان، کارەکتەری ناو شانۆنامەکان، پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکان و فیگوری داستان و میتۆلۆژییەکان بە بەردەوامی دەمرن و زیندوو دەبنەوە. لە کۆتایشدا دوای ماڵئاوایی کردن، پێکەوە دەمرنەوە، یان دەچنەوە جەستەی نووسەر و لە سیما لە گەچگیراوەکەیدا خۆیان دەشارنەوە. هەندێک جار ئەم "من"انە لە بێدەنگییەکی مەنگدا، لە ئاوێکی

وەستاودا، لە وچانێکی کورتدا، لە دیمەنێکی تەواونەکراوی دوا شانۆنامەیەکدا، لە گۆرانییەکی خەمناکی بێ مۆزیکدا، لە پێدەشتێکی پڕ لە دڕکوداڵدا دایکیان دەدۆزنەوە. دایک مردووە یان ئەو بەشەی کە ماوە و هێشتا نەمردووە، هێدی هێدی لە زەمەنێکی تێکشکاوی نادیار و ڕەهادا، یان لە زەمەنێکی فیزیکیدا دەمرێتەوە و ماڵئاوایی لە "من"ەکان دەکات.

**/.../ یەکەم جار سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە**
**واتە هەمدیس لە گوناهـ پاکبوونەوە و پاشان**
**لە کۆتاییدا مردن.**
**گوتم مردن.**
**من لەو وشەیە ئازاد نیم**
**گۆی دەکەم و لیک بە لالێومدا دێتە خوار**
**دەزانم. گۆی دەکەم و دەمم ئاو دەکا**
**دەزانم، دەبێ بزانم، دەبێ بزانم**
**بڵێم، دایکم هەمدیس دەمرێتەوە**
**ئەوەی لە دایکم ماوەتەوە، هەمدیس دەمرێ**
**ئاە، زۆر دەمێکە.**

ئەم شەوە فەلسەفییە سەرگوزشتەیەکە، لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات، کە تەواو دەبێت. مەرگیش ژیانی هەموو پیت و وشەیەکی ئەم کتێبەیە، مەنەلۆژێکە بەر لە هەموو کەسێک و هەموو شتێک خۆی دەخوات و مەرگی خۆی لە یادەوەرییەکان و لە ئێستا و لە ڕیتمی وشەکاندا بەرجەستە دەکات. لەم شەوە فەلسەفییەدا، ئەزموونی دەنگێک بەنێو ڕاڕەوەکانی یادەوەرییدا، ژیانی ڕۆژانە و شتە ڕووکەشەکاندا دەڕوات و "من"ەکان دەخاتە ناو ڕەوشی شەوە درێژ و قووڵ و تاریکەکانی خودی خۆمانەوە. ئەم دەنگانە پارچەپارچە دەبن و دەبنە چەندین کارەکتەر و ڕۆڵی جیاواز و فرەمانا دەگێڕن، لەگەڵ یەکتردا دەکەونە دیالۆگێکی فەلسەفییانەوە و تێکەڵاوی تێکستەکە دەبنەوە، هەندێک جاریش بە تەواوی لە یەکتری دەترازێن. بەڵام لە زۆربەی دونیای "من"ەکاندا، لیریکە شیعرییەکە دەبێتەوە بە دراما و بە چواردەوری "من"ەکاندا دەسووڕێنەوە و لە دیمەنی کورت کورتدا دەردەکەونەوە.

نۆرێن لە یەکەم ڕستەی یەکەم دێڕی لاپەڕەی یەکەم، کە لە سەرەتای ڕستەوە دەست پێ دەکات، دواتر سەرەتای هیچ ڕستەیەکی تر ناچێتەوە سەرەتای دێڕێکی ترەوە، بەڵکو سەرەتای هەموو ڕستەیەک لە

ناوەڕاست یان کۆتایی ڕستەیەکی تردا دەست پێ دەکاتەوە. بەمەیش سەفەری "من"ەکان ڕێچکەیەکی تیژڕەوانە لەخۆ دەگرێت و لە هیچ وێستگەیەک، بۆ هیچ "من"ێکی تر ڕاناوەستێت. نۆرێن زمان دەکات بە ئامڕازێکی دەسەڵات و لە هەمان کاتیشدا بەندیخانە بۆ تەقەلای "من"ەکانی ئەمڕۆی ئەورووپا، بۆ لە دایکبوونێکی ناشەرعی و مردنێکی ناشایستە و جەستەیەکی بێلانە. ئەم زمانە لەم شەوە فەلسەفییەدا دەبێتە زمانی پەیڤ و گفتوگۆی زیندووەکان لە زەمەنێکی تردا، زەمەنی بەستەڵەک و زەمەنی مردنی هەتاهەتایی. ئەمە زەمەنی وروژمی وشە و وێنە و مەجاز و هێماگەلەکانە، وروژمی مەرگ و ژیانە و وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە، لە وێنەکان، لە ڕیتم و چڕی شەپۆلەکاندا ژیانی داوەتە دەست مەرگ، وەک چۆن مەرگیشی داوەتە دەست ژیان. ئەمە ژیانە، لە هەمان کاتدا دونیای مەرگ و ئامادەگی مەرگە. چەندە ئەم قەسیدەیە دەخوێنیتەوە، چەندە لە لاپەڕەکانی دوایی و وێستگەکانی کۆتایی نزیک دەبیتەوە، هێندەیش بەتاڵ دەبیتەوە، وشە و وێنەکان بە هەنگاوی گەورە بۆ دواوە، بەرەو پێشەوە دەڕۆن. ئەم شەوە فەلسەفییە، بە

زمانێکی چڕ چنراوە، چڕی لە وشە و وێنە و مەرگی "من"ەکاندا.

وێنەکان لە جووڵەیەکی بەردەوامدان، ڕەوشەکان دووبارە دەبنەوە، وشەکان سەرلەنوێ دەوترێنەوە و دەنگەکانیش "من"ەکان ڕیز دەکەنەوە و لە چیرۆکێکی تردا دەست پێ دەکەنەوە. لە دوالاپەڕەکانیشدا "من"ەکان دەبنەوە بە کارەکتەری شانۆنامەکانی نۆرێن و بە شێوەیەکی ئاسان و ساکار خۆیان دەدەن بە دەستەوە. دەبنە کۆمەڵێک جووڵە و بە ڕیتمێکی مۆزیکی دەجووڵێنەوە، سەما دەکەن و دەکەون و هەڵدەکشێن و دادەکشێن. ئەم "من"انە نە لە هیچ شوێنێکدان و نە هیچ مێژوویەکیان هەیە و نە سەر بە هیچ زەمەنێکیشن، چەندین پرسیار لەناویاندا دێن و دەچن، بەبێ ئەوەی هیچ وەڵامێک لە دەروازەکانی ئەم شەوە درێژە فەلسەفەییەوە، نە دەست "من"ەکان بکەوێتەوە و نە خوێنەریش هیچ وەڵامێک بدۆزێتەوە. ئەم قەسیدەیە، کۆی شانۆنامەکانی ئەم چل ساڵەی نۆرێنە و لێرەدا، لە ئەفسونی وشە و چڕیی وێنەکاندا لەتوپەت بوون، پریشکی دیمەن و ڕووداوەکان و پارچەی کارەکتەرەکانە و لە "من"ەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە و لە مەملەکەتی مەرگدا بەرجەستەی کردوون و سەرلەنوێ

بوونەتەوە بە شانۆنامە، یان داستانێکی مۆدێرن و شەوێکی درێژی فەلسەفی.

نۆرێن لەم قەسیدە درێژەدا خوێنەرەکانی بە وێنە و چیرۆکە پڕ لە ڕاز و نهێنییەکانی ڕاو دەنێت، چەندە تراجیدیایە، هێندەیش کۆمیدیایە، چەندە فەلسەفەیە، هێندەیش چیرۆکێکی ساکاری ژیانی ڕۆژانەیە: دایکێک لە پەنای سێبەری کچەکەیدا هاوار دەکات، بەبێ ئەوەی خۆی هەست بە هاوارەکەی خۆی بکات. باوکێک، کە لەسەر قەرەوێڵەکەیەوە بە دەمدا دەکەوێتە خوارەوە، لە زەوییەکەدا بزر دەبێت، دەتوێتەوە و دیار نامێنێت. "من"ی چاودێر، کە لە شوێنە نادیار و تاریکەکاندا خۆی مەڵاس داوە، کەسانی سێبەرئاسا و مردووەکان تەراتێنی تێدا دەکەن. سەگێک بەرامبەر بە ماشێنێکی کۆن و فڕێدراو، لە ناوەڕاستی بیابانێکدا هەڵتروشکاوە و بە بەردەوامی دەوەڕێت، لەبەر ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان مرۆڤێکی زیندوو لەو ماشێنەدا دانیشتووە. دایک و باوکەکانی ئەم چل ساڵەی شانۆنامەکانی نۆرێن، لە شەڕێکی بێکۆتایی وەچەکاندا، لە هەرەسهێنانی بنەماکانی خێزاندا، بە سیمای دەمامکئاساوە دەستەویەخەی "من"ەکان دەبنەوە و بە دوای پێناسێکی تردا دەگەڕێن.

ئەم قەسیدە درێژە لە ڕۆحی سامۆییل بێکێت نزیک دەبێتەوە. "من"ەکان لە وشە و وێنە و وچان و بێدەنگییەکانی بێکێت و زمانە فەلسەفییەکەی ئەودا هەناسە دەدەن و دەژین، کە بزریش دەبن هەر لە دونیا پڕ لە ڕاز و نهێنییەکەی بێکێتدا خۆیان دەشارنەوە. نۆرێن لەم تێکستەیدا، بە چەشنی بێکێت کاری لەسەر مەودا دوور و نزیکەکانی زەمەن کردووە، زەمەنێکی فەلسەفی؛ زەمەنێک بۆ "من"ە زیندووەکان و زەمەنێکیش بۆ "من"ە مردووەکان، ئەم زەمەنەی نۆرێن زەمەنێکی شلە و فۆرمی هەموو دەفرەکان وەردەگرێت و بە ئاسانیش لە پانتاییە بۆشە ناکۆتاکاندا بڵاودەبێتەوە.

نۆرێن لەم قەسیدە فەلسەفییە درێژەیدا، دەیەوێت بڵێت کە من مردم لە کوێ بژیم؟

**سەرچاوە:**

Lars Norén, Filosofins natt, Albert bonniers förlag, 2012

# ئێتییانا گلاسەیر و لاش نۆرێن
# لە دیدارێکی کراوەدا

دانا ڕەئووف لە سوێدییەوە کردویەتی بە کوردی و
پەراوێزی بۆ نووسیوە

**ئێتییانا گلاسەیر**

**من ڕەخنەگری ئەدەبی یان پسپۆڕی بواری ئەدەب نیم، مرۆڤێکم زوو دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی تۆ، هەروەها کەوتمە نواندنیش لە دەقەکانتدا. لە ڕوانگەی ئەمانەوە سەبارەت بەو شتانەی کە من بەدوایاندا دەگەڕێم، هەندێک پرسیارت لێ دەکەم. من گەنج بووم، کە پێشەکی ژمارە دووم بۆ: "شیزز" و "بێهەستی" خوێندەوە.[1] ئەوەی بووە جێگەی سەرنجی من، جۆرە یاخیبوونێک لەو دوو دیوانە شیعرییەدا هەبوون. تۆ یاخی بوویت. نازانم خۆت بیرت دەکەویتەوە لە چی یاخی بوویت؟**

**لاش نۆرێن**

نەخێر، مەبەست ئەوە نییە هیچ ناوێکی وەکو یاخیبوونی لێ بنێیت، بەڵکو دەشێت ڕەنگدانەوەی سەردەمێکی دوورودرێژ و ترسناکی منداڵی بێت. (بێدەنگی). نەخێر. تۆ ناوی دەنێیت یاخیبوون، بەڵام ئەمە گەمەیەک بوو بۆ ڕاکردن لەو سەردەمە، نەک یاخیبوون.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**ئا، لەوانەیە. تۆ ناوی دەنێیت ڕاکردن، من ناوی دەنێم، گەڕان بە دوای ئازادیدا.**

**لاش نۆرێن**

ئا، بێگومان. لە ڕوانگەی زمانەوە. لە ڕوانگەی ئەو هەڵکشان و تێکەڵبوونە گشتگیرەی تواناکانی زمان و ترازاندنی سنوورەکانی زمانەوە، بێگومان وایە. من لەگەڵ چەندین دابونەریتی جیاوازەدا گەورە بووم، لەگەڵ باوکێکی بەدمەست، کە ڕۆڵی دەبینی؛ وەستا، خاوەنی ڕێستورانت، کەسێک ڕۆڵ دەبینێت، خێزانێک ڕۆڵەکان دەبینن. ئەو زمانەیشی لە دیوانە شیعرییەکاندا بەکار دەهاتن، لە خێزانەکەمانەوە نەهاتووە یان لەم جۆرە نەریت و ڕێسایانەوە، بێگومان ئەو شیعرانە گرنگترین دەرەتان بوون بۆ من. دەتوانین بڵێین دەرەتانێک بوون بۆ ڕزگاربوون. دوای ئەوە خەریکی خوێندنەوەی بەرهەمی ئەو شاعیرانە بووم، کە نزیک بوون لەوەی زمان هەڵوەشێننەوە، وەکو هوێلدێرلین و ڕامبۆ، ڕەچەشکێنەکان و دوایش شیعرە تێکشکاوەکان.[٢]

هوێلدێرلین تێکشکا، ڕامبۆیش دەستبەرداری ئەوەی خۆی بوو و وازی لە نووسین هێنا... ڕۆحێکی ڕۆمانسی هاوبەش لەمەدا هەیە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**ئەو تێکشکاوی و لێکترازانە شتێک بوو تۆ خۆت هەڵتبژاردبوو، یان لەوانەیە هەڵتنەبژاردبێت، بەڵام...**

**لاش نۆرێن**

من ئێستا ئەو جووڵە پێچەوانەیە لەوەدا دەبینم، کە من زیاتر و زیاتر دەستم کرد بە داماڵین و پاککردنەوە، لابردن و لابردن و لابردن. من شتەکان لەسەر شانۆ لادەبەم. مۆزیک لادەبەم، هەرچەندە لە ئۆرێستێیادا سینۆگرافیا هەیە، ئەویش لە فۆرمی بەفربارین دایە، کە بەبێ وەستان لە ماوەی دوو سەعاتدا دەبارێت(٣) من هەوڵ دەدەم... ئەمە پێچەوانەی ئەو شتانەیە، کە گەنج بووم دەمکردن، شیعرەکانیشم لەسەرخۆ مردن، چوونەوە یەک، بچووکتر و بچووکتر بوونەوە، شیعری کورتتر و کورتتر، ئێستایش لە دراماکانم هەمان شت بەرێوە دەچن. لەوەوبەر ڕۆمانم بۆ شانۆ دەنووسی. نانی شامی عیسایی و دەقە هۆتێلییەکان.(٤) ئێستا، ئێستا

تەنها دەتوانم شتی بچووک بنووسم، تەنانەت توانای نۆفێلێکم نییە. ئێستا من لە هەوڵی بەرفراوانکردنی ئەوەدام، لەبەر ئەوەی دەترسێم ئەوەیش بمرێت.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**تۆ لای من شاعیری، ئەو شاعیرەی دواتر دەستی کرد بە نووسینی دەقی شانۆیی. شیعر لای من، دەتوانم بڵێم جۆرێکە لە مەنەلۆگ. مەنەلۆگیش لە ئەدەبدا تەنیابوون دەگەیەنێت.**

**لاش نۆرێن**

دەنگ و ئاخاوتنە بە شێوەیەکی تر.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**دوای ئەوە دەستت کرد بە نووسینی دراما. تۆ کە دەنووسیت تەنیایت، من حەز دەکەم سەبارەت بەمە تۆزێک بدوێین.**

**لاش نۆرێن**

(مەندێلستەم) دەڵێت مرۆڤ لە جووڵەدایە، مرۆڤ لە بیرکردنەوەدا پیاسە بە لێوەکانی دەکات و دەجووڵێن،

مرۆڤ بیر دەکاتەوە و شت دەبینێت، من خۆم لەو بڕوایەدام لەوەوبەر باسی ئەمەم کردبێت، مرۆڤ وەک شاعیر بە شێوەیەکی جیاواز شتەکان دەبینێت، بە شێوەیەکی جیاوازتر گوێ دەگرێت، کە درامایەکیش دەنووسێت شتێکی بچووک وەردەگرێت، کە ڕوو دەدات. ئەمە شێوەیەکی جیاوازتری بیرکردنەوەیە.(٥) مرۆڤی شاعیر بە شێوەیەکی جیاوازتر لە شانۆنامەنووسێک بیر دەکاتەوە. من وازم لە شیعر هێناوە و هەوڵ دەدەم لە دەقەکانمەوە دووریان بخەمەوە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**بۆچی؟ بە ڕاستی وا دەکەیت؟**

**لاش نۆرێن**

ئا، هەوڵ دەدەم پانتاییە شیعرییەکە لە دەقەکانمدا بسڕمەوە. لەبەر ئەوەی هەندێک جار پانتاییە شیعرییەکە درێژدادڕی دەکات. من بە مەبەست دەمەوێت شیعر، لەبری ئەوەی بنووسرێت، بە شێوەیەکی ئامادە نەبوو لەوێدا بێت. لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا (نیلی ساکس)م خوێندەوە، لەبەر ئەوەی دووشەممە دەستم

کرد به خوێندنەوەی ئەم شاعیرە، جگە لەوە لەساڵی ٧٩-وە، کە وازم لە نووسینی شیعر هێناوە، شیعرم نەخوێندۆتەوە.[٦] ئەمەیش خەمێکی گەورەیە، کە من ناتوانم دیوانە شیعرێک بکەمەوە، چونکە هەموو ئەو ساڵە لەکیسچووانەم دێنێتەوە یاد. ئەمە لەوە دەچێت...

**ئێتییانا گلاسەێر**

**ئەو ساڵە لەکیسچووانە چین؟ مەبەستت ئەوەیە، کە شیعرت تیا نووسیوە؟**

**لاش نۆرێن**

کە من وازم لە نووسینی شیعر هێنا.

**ئێتییانا گلاسەێر**

منیش هەر وای دەبینم!

**لاش نۆرێن**

ڕێگەی شیعر نووسین زۆر درێژە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**بەڵام من وای نابینم، کە تۆ وازت لە شاعیربوون هێنابێت، تۆ لە دەقەکانتدا شاعیری. لەبەر ئەوە من بە لامەوە سەیرە، کە دەڵێیت هەوڵ دەدەیت شیعر دوور بخەیتەوە. کتێبێک هەیە، با من لێرەدا هەندێک درێژدادڕ بم و ماندووت بکەم، کە لە لایەن پسپۆڕێکی ئەدەبییەوە بە ناوی (کێرمۆد)ەوە نووسراوە، ناونیشانی کتێبەکە (زمانی شەکسپیر)ە. تێزی ئەم نووسەرە ئەوەیە، کە پێویستە وەک شاعیر لە شەکسپیر بگەیت. باشترین دەقەکانیشی ئەوانەن، کە شاعیرێکی بەرزە. لە زمانەکەیدا، لە زمانە شیعرییەکەیدا، مرۆڤ ئەو شەکسپیرە گەورەیە دەدۆزێتەوە. جێگەی سەرنجە شتێکیش لە تۆوە سەبارەت بەم بیرۆکەیە بگوترێت، چونکە تۆ لێرەدا ئەو جیاوازییە دەکەیت.**

**لاش نۆرێن**

بەڵێ، سەبارەت بە شەکسپیر من لەگەڵ ئەوەدام. من بڕوام وایە ئەو شیعرە بەرزە لە ماکبێسدا هەیە، لە ساحیرەکاندا یان، کە پادشا نوێیەکە دوای کوشتنی براکەی هەست بە گوناهەکانی خۆی دەکات. لەوێ چەندین وەرچەرخان و گۆڕانی گەورە لە بۆچووندا هەن، کە... شەکسپیر دونیایەک بەو زمانەی ئێمە

یەکەوڕاست بڕوامان پێیەتی، بەڵام ئەمڕۆ بۆ من کە بەو شێوەیە بنووسم ئەوە شتێکی نابەجێ و نەگونجاوە. ئەمرۆ شیعر بەو شێوەیە بەکاربهێنرێت. ئەمەیش بە گەشەی نووسینی منەوە یەکانگیر دەبێتەوە، من ئێستا سەبارەت بەو مرۆڤانە دەنووسم، کە ئەو زمانەیان لەبەر دەستدا نییە و بەو زمانە نادوێن. لە دەقە بەراییەکانمدا، دەمەوێت بڵێم بە پێچەوانەوە، لە کاتێکدا مرۆڤ دەڵێت ئێمە ناتوانین دانوستاند بکەین، ئێمە لە یەکتری ناگەین، ئەم مرۆڤانە لە دەقەکانی مندا، هەر زۆر بە باشی لە یەکتری دەگەن، من لەو بڕوایەشدام، کە ئێمەی مرۆڤ زۆر بە باشی لە یەکتری دەگەین. ئێمە زۆر دانوستاند و گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری دەکەین، بێگومان ئەمەیش بۆ من دروستبوونی جۆرە هەستێکە سەبارەت بەو شێوەیەی دەنووسم. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، ساڵ لە دوای ساڵ، بەرەو ڕووی ئەو مرۆڤانە دەڕۆم، کە زۆر گرانە بۆیان گوزارشت لە خۆیان بکەن، هەروەها لە ڕووی فیزیکیشەوە. مرۆڤ لە نەخۆشخانە دەروونییەکاندایە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**بەڵام شیعر لەوێدا دەژیا، لەوێدا ئەو ڕەوشە شیعرئامێزانە دەژیان...**

**لاش نۆرێن**

دەکرێت لەسەر شانۆ ببنە شیعر، وەک چۆن هەندێک جار لە (مەخلوقە یەک ڕۆژییەکان) و (ئاوی وەستاو)دا ڕوویان داوە[٧] یان هەندێک لە دەقە - تەرمیناڵەکاندا، دەبێتە شیعر، بەڵام من بە دوای ئەوەدا ناگەڕێم شیعر بنووسم و فۆرمەلەی شیعری بکەم.[٨]

**ئێتییانا گلاسەێر**

**نەخێر، من لەو بڕوایەدا نیم شەکسپیریش بە دوای ئەوەدا گەڕابێت.**

**لاش نۆرێن**

ئەو بە دوای ئەوەوە نەبووە مرۆڤ لە وێنەیەکدا بنەخشێنێت؟ هەروەها وا لە مرۆڤ بکات بەرامبەر ئەو وێنەیە تووشی واقوڕمان بێت و تەنها ببێتە وەرگر، تۆ لەو باوەڕەدا نیت؟

**ئێتییانا گلاسەێر**

**بەڵام ئەوەی تۆ دەیڵێیت بەڕای من زۆر ناوەندگەرایە. تۆ باسی مرۆڤ دەکەیت، کە گرانە بتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن و ئێمە زۆر باش لە یەکتری دەگەین. بە هەرحاڵ بۆ من شیعر شتێکە سەبارەت بە وێنە و داماڵین و نەمانی وشە.**

**لاش نۆرێن**

نەمانی وشە؟

**ئێتییانا گلاسەێر**

**بەڵێ، لەوەی ڕوون ناکرێتەوە. من دەزانم وێنەکێشان بەهایەکی گەورەی بۆ تۆ هەیە، هەروەها سەما، ئەمانەیش فۆرمی هونەرە بێ وشەکانن. شیعریش بۆ من باسی ئەوە دەکات، کە زۆر سەیریشە، داماڵین و بێ وشەیی.**

**لاش نۆرێن**

ئا، ئێمە دەگەینە بەردەمی شورایەک، کە بریتییە لە کرانەوە. شورایەک لە کرانەوە. ئێمە لە بەردەمی ئەو

شورایەدا دەسوورێنەوە و هاوکات ناتوانرێت ددان بە بوونیدا بنرێت، بەڵام لەوێدا بوونی هەیە. شتەکە ئاوایە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**ئەمە بە وشە ناولێنانە. هەمان شت لەگەڵ شەکسپیریش ڕوویداوە.**

**لاش نۆرێن**

بێگومان.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**هەر لەبەر ئەوەیشە ئێمە تا ئێستایش دەیخوێنینەوە. من لەو بڕوایەدام ئەمە ئەو دیدەیە، کە ئەو وێنە بەرزانە لەخۆ دەگرێت، ئەو کرانەوەیەیە بەرەو ڕووی بێ وشەیی و داماڵین.**

**لاش نۆرێن**

وایە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**ئەو چۆنایەتیانەیش لە دەقەکانی تۆدا هەن.**

**لاش نۆرێن**

ئێمە قسە دەکەین، لە پێوەندی داین، لەوە دەگەین ئەمە ناکرێت گوزارشتی لێ بکرێت، بەڵام لە ڕوانگەی هەوڵەکانی ئێمەوە بۆ بەرجەستەکردن و فۆرمەلەکردنی ئەو شتانە، لەوێدا بوونیان هەیە و ئامادەن. ئەگەر ئێمە هەوڵی فۆرمەلەکردنی ئەو شتانە نەدەین، کە فۆرمەلە ناکرێن، لەو کاتەدا ئیتر با بەس بێت، دەوەستێت. هیچی تر نامێنێتەوە بۆ گوتن، بەڵام من خۆم لە نووسینی دیالۆگی شیعرئامێز دوور دەخەمەوە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**ئا، بەڵام تۆ بەوە مەبەستت شتێکی ترە.**

**لاش نۆرێن**

من نامەوێت بەهرەی خۆم وەک شاعیرێک، بە شێوەیەکی کۆنکرێتی لەسەر شانۆ بەکار بهێنم. من زۆر حەزم لە قوتابخانەی (فاسبیندیشکەیە)، لەوێدا دیمەنێکی زۆر جوانی خۆشەویستی هەیە و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پشکنینی شەقام، بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە ئەوێ، کە مرۆڤ شتی بە ئاسانی دەست نەکەوێت. وا نییە؟[٩]

**ئێتییانا گلاسەێر**

**شیعر دەتوانێت زۆر شتی ستراتیژی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی بگات بەو خورپە و هێدمەیەی کە بە ڕووی ڕەوشێکدا دەتکاتەوە، وشە بە تەواوی ڕۆڵی نامێنێت. ئەو شانۆنامەنووسانەی هێزێکی گەورەیان هەبووە، بۆ نموونە برێشت، هەروەها فاسبیندەر، بە بڕوای من شاعیر بوون.**

**لاش نۆرێن**

برێشت شاعیرێکی گەورەیە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**من تەنها بەمە واز ناهێنم، کە تۆ ڕۆڵی خۆت وەک شاعیرێک وەلاوە دەنێیت. تۆ دەتەوێت لە چی دوور بکەویتەوە، لە کاتێکدا ناتەوێت، وەک شانۆنامەنووسێک شاعیر بیت؟**

**لاش نۆرێن**

ئێستا باسی ئەو مرۆڤانە دەکەم، کە بۆ شانۆ لەسەریان دەنووسم، من بیر لەوانە دەکەمەوە، من

نامەوێت ڕێگە بەوان بدەم سەبارەت بە شتێک بدوێن، کە... نەتوانن فۆرمەلەی بکەن، کە من خۆم بتوانم فۆرمەلەی بکەم، بەڵام ئەوان نەتوانن. من وەک شاعیر دەتوانم گوزارشت لە ڕەوشی ئەوان بکەم. بەڵام، من نامەوێت هیچ شتێک بدەم بەوان، کە نییە...

گەورەترین و سەختترین کار بۆ من ئەو مرۆڤ و کارەکتەرانەیە، کە دەیاننووسم، ئەوە کارە گەورەکەیە. چیرۆک بۆ من بە هیچ شێوەیەک جێگەی سەرنج نییە، مەبەست گێڕانەوەکەیە. ئەوەی جێگەی سەرنجی منە، کەسەکانە. بێگومان ئەو درامایانەی هەژموونیان بەسەر منەوە هەبووە، چیرۆکیان هەیە. لای چێخەف، لای ئۆنێل، لای بێکێت، هەمیشە چیرۆک و گێڕانەوە هەیە، بەڵام لای من ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە، ئەو شتەیە، کە لەوێدا... وەک دەڵێت ڕەوشی مرۆڤەکانیانە، بەدەر لەوەی لە چ شوێنێکی چیرۆک و گێڕانەوەکەدان. تۆ تێدەگەیت مەبەستم چییە؟

**ئێتییانا گلاسەێر**

**ئا، تۆزێک لەوە دەگەم، کە تۆ مەبەستتە، تۆ باسی کەسایەتییەکان دەکەیت.**

**لاش نۆرێن**

بەڵێ.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**ئەمە شتێکی تەواو و بەڵگەنەویستە، کە لەوێدا گۆڕانکارییەک بەسەر تۆدا هاتووە، تۆ لە جۆرە مەنەلۆژێکەوە، کە پڕە لە شیعر بەرەو کۆلێکتیڤ چوویت، کە تۆ دەنگیان پێ دەبەخشیت. ئێمە دونیایەک شت دەکەین هەر بۆ ئەوەی توانا و لێهاتوویی خۆمان بسەلمێنین و تەنهاییەکەمان نەهێڵین. کە سەیری تابلۆیەک دەکەین، ئەوا ئێمە تەنهاین، هەروەها تەنهاییەکەیشمان دەسەلمێنێت. لە باشترین حاڵەتدا و لە هەمان کاتدا تەنهاییەکەمان ناهێڵێت. ئێمە ڕووبەڕووی هونەرمەندێکی وێنەکێش دەبینەوە، کە بە مرۆڤایەتی یان بە بوونمان دەبەستێتەوە، بەم شێوەیەیش زۆر تەنهاین و لە هەمان کاتیشدا...**

**لاش نۆرێن**

ئەوە بەردەوامییە. ئەوە بەردەوامییە، هەندێک تابلۆ وەک قووڵایی وایە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**بەڵێ، بەڵام ئەوە ئەو قووڵاییەیە، کە ئێمە لێوەی دەفڕین.**

**لاش نۆرێن**

ئا.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**نەک کەوتن.**

**لاش نۆرێن**

ئەمە قووڵایی نیتشە نییە، کە ئێمە...

**ئێتییانا گلاسەیر**

**تۆ کە دەنووسیت تەنهایت. نووسینەکانت هەستکردن بە تەنهاییان پێوە دیارە، وەک شاعیر شتەکان دەردەبڕیت، هەروەها بە هەمان شێوەیەیش ڕووبەڕووی خوێنەرەکانت دەبیتەوە. وەک شانۆنامەنووس دەنگ دەبەخشیت بە کەسایەتییەکان. کۆلێکتیڤ. جیاوازییەکی گەورە لەنێوانیاندا هەیە، وەک ئەوەی من ئێستا دەیڵێم؟**

**لاش نۆرێن**

نەخێر، هەڵبژاردنەکان لە منەوە دێت، لە هەردوو بارەکەدا.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**تۆزێک باسی ئەوەمان بۆ بکە، باسی تەنهایی. باسی شکاندنی تەنهایی یان من نازانم ئەمە بۆ تۆ، وەک شانۆنامەنووسێک چ مانایەکی هەیە؟**

**لاش نۆرێن**

خۆت باش دەیبینیت، تەنهایی وەکو وشەیەک چەندین لایەنی هەیە، هەروەها لایەن و ڕەوشێکی بەختیاریش لەخۆ دەگرێت؟

**ئێتییانا گلاسەیر**

**نەخێر. من وەکو دۆزەخێک بیری لێ دەکەمەوە.**

**لاش نۆرێن**

نا! من وا بیر ناکەمەوە. بە پێچەوانەوە. دڵخۆشییەکی گەورەیە (پێدەکەنێت) ئێمە بەر چەندین شت دەکەوین، بەڵام من دەمەوێت بەر گرفتێک بکەوم

که باسی تەنهایی دەکات و من ناتوانم چارەسەری بکەم. من زوو کەوتمە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی بوونگەراییەوە، کەوتمە خوێندنەوەی سارتەر، کامۆم خوێندەوە، ئەو کاتە بوو، کە بیرکردنەوە و هزرم بە شێوەیەک لە شێوەکان گەشەی کرد. ئەمەیش منی داخ کرد، ئەمە ئەوەیە کە بەرپرسیاری ژیانی خۆت بیت. بەرپرسیاری کردارەکانت بیت، دادوەری خودی خۆت بیت. تەنها ئەو شتەی، ئەو شتانەی لە بنەماوە مانایەکیان هەیە، ئەوانە نا کە تۆ خۆت دەیکەیت، ئەو شتە لەوانەیە ئازادکردنێک بێت، لەوانەیە زۆر توندوتیژ بێت و دەکرێت شتێکی تەواو کۆتاییپێهێنەر بێت. ئەمە بۆ من زۆر گرانە، لەگەڵ "بووبەر" بڵێم (لە پێشا ببە بەو شتەی، کە تۆی پێ دەبینرێت) یەک بگرێتەوە، کە خودی خۆت لە چاوانی ئەوانی تردا ببینیتەوە.[١٠] بۆ من زۆر گرانە ئەم دوو شتە پێکەوە کۆ بکەمەوە. من زۆر بە چڕی بڕوام بە، بە... ئەوەی لە بنەماوە، ئەوەی بە قووڵی، کە دەتوانێت فەرمان بەسەر مندا بدات، من خۆمم، ئەمەیش هەموو ئەو ئەزموونانەی هەمن دەگرێتەوە، کە پەیڤێکی بەهرەدار و دەوڵەمەندی سەبارەت بە هەموو کردارەکانم هەبێت. بتوانێت گفتوگۆیەکی پڕ ئاوەزم لەگەڵ بکات و تا ئاستی

بێسنوور بێلایەن بێت: بۆچی، من چ موتیڤێکم سەبارەت بەم شتە هەبووە، هەروەها چ موتیڤێکم بۆ ئەوەی تریان هەبووە... تا چەند لەو بڕوایەدا بوویت، کە خۆت لەو ڕەوشەدا بینییەوە. لەم بارەیشدا من ناتوانم بگەمە هیچ شتێکی تر، جگە لەوەی تەنها هاوڕێ و هاودەمم، کە هەمە، چ وەک دادوەر و چ وەک ڕزگارکەر، تەنها هەر خۆمم. لەم بەرپرسیارێتییە خودگەرایەیشدا، تەنهاییەکی تەواو هەیە، کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات، ئەم سوێرییەیش مرۆڤ لە یەکەم ڕۆژەوە هەستی پێ دەکات، ئەمە ئەو بڕوایەیە کە بە هیچ شێوەیەک بەرۆکی بەرنەداوم، بەڵام تۆ کەوتوویتەتە ئەم دووڕیانەوە؟

**ئێتییانا گلاسەێر**

**تۆ کە دەنووسیت، بە شێوەیەکی ئێجگار تەواو تەنهایت.**

**لاش نۆرێن**

بەڵێ. (شیمبۆرسکە) دەڵێت ئەوەی بەرگەی ژوورێکی چۆڵ و لاپەڕەیەکی سپی نەگرێت، نابێتە نووسەر.[١١]

**ئێتییانا گلاسەێر**

**بەڵێ، ڕێی تێدەچێت، بەڵام کە تۆ شانۆنامەکانت دەنووسیت، لەگەڵ خەڵکێکی زۆر ژیان دەگوزەرێنێت.**

**لاش نۆرێن**

ئا...

**ئێتییانا گلاسەێر**

**دوای ئەوەی، دەچیتە ناو شانۆکانەوە و لەوێ کار دەکەی، لەوێ کارەکە کارێکی هەرەوەزی و بە کۆمەڵە. لەوێ تۆ وابەستەی داهێنانی ئەوانی تری، بەڵام بۆ من تۆی نووسەر هاوواتای تەنهاییت. تەنهاییەک لە ئاستێکی گەورەدا.**

**لاش نۆرێن**

ئا، ئەوە هەر وایە. هەروەها ئەوە وێنەیەکە لە پەروەردە و گەورەبوونیشم، من لە هۆتێلێکدا گەورە بووم، لەو ساتەوەی لە خەو هەڵدەستاین تا دەچووین و دەنووستین، خزمەتکار، چێشتلێنەر، باخەوان، هەموو جۆرە کەسێک، کەیبانوو، بە بەردەوامی دە، دوانزە کەسێک لە دەوروبەرماندا بوون. لە خانەوادەکەی ئێمەدا هەرگیز بە تەنها نەدەبووین، لەگەڵ ئەوەیشدا... دراما لە خێزانەکەمدا ڕووی دەدا.

**ئێتییانا گلاسەیر**
**ئا، بەڵام تۆ بە تەنها بوویت.**

**لاش نۆرێن**
بەڵێ، من تەنها بووم.

**ئێتییانا گلاسەیر**
**لەمەدا...**

**لاش نۆرێن**
لە هەمان کاتدا بە بەردەوامی چواردەورمان گیرابوو بە... ئا، ئاوا. من سەرلەنوێ وا هەست دەکەم، کە دێمە ناو شانۆوە و دەست بەکار دەکەم، هەست بەوە دەکەم. بەڵام لەم کاری هەرەوەزییەدا جۆرە دڵخۆشییەکی تیایە، دڵخۆشییەک لەنێو ئەم خەڵکەدا، لەبەر ئەوەی بەسەرهاتی جیاوازیان هەیە و هەریەکەی کەشی خۆیی و شتەکان بە جیاوازی وەردەگرێت و ئەمەیش هەر زۆر خۆشە. ئێمە لە هۆتێلەکەماندا چەند ئاستێکی جیاوازمان بۆ دابەشکردنی میوانەکانمان هەبوو، ئاستی یەکەم، ئاستی دووەم، ئاستی سێیەم، هۆڵی بیرە خواردنەوە، چەندین ژووری فرەلایەنی لە... خەڵکانێک

من هەمیشە دەمبینین، بەو شێوەیە، هەروەها من حەزیشم لەمەیە، بەڵام من هەرگیز ناتوانم خودی خۆم بم، ئەگەر بە تەنها نەبم. من وەک ڕێژیسۆر دەچمە ڕۆڵی پیشەکەمەوە، هاوکات وا هەست ناکەم یان خۆم بە ڕێژیسۆر نازانم، بە ڕاستی ئەمە بۆ من وەک ڕێژیسۆر، کە کاری ڕێژی دەکەم، جۆرێکە لە جۆرەکانی فراوانکردنی ئەماتۆریم. من هەمیشە دەگەڕێمەوە سەر کاری ڕێژی و دەیکەم، چونکە زۆر خۆشە و پڕە لە حەز، بەڵام وردە وردە هەست دەکەم کارەکە بەسەر شانمەوە گران دەبێت و لەگەڵ هەموو پرۆژەیەکی تازەیشدا، کە دەیکەم داواکارییەکان چڕتر و گرانتر دەبن.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**ئەو حەزە زۆرە، پێوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە؟**

**لاش نۆرێن**

ئا، بەو دەسەڵاتەوە، کە بیرۆکەیەکت لا دروست دەبێت، دواتر تەنها دوای چەند ڕۆژێک ئەو بیرۆکەیە دەبێتە شتێکی ماددی، ئەمە... ئەمە تەنها ئەو دەسەڵاتەیە، کە گفتوگۆ لەگەڵ ئەکتەرەکان دروست

دەکات، ئەمەیش لە دەرەوەی دەسەڵاتەوەیە. من وەک ڕێژیسۆر، لەو بڕوایەدا نیم بگەیتە ئەنجامی باش، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بە خراپی بەکار بهێنیت. کاری ڕێژی لای من گفتوگۆیە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا، من هەوڵ دەدەم شانبەشانی ئەکتەرەکان بڕۆم، کە دەست پێ دەکەین هەست دەکەم تەواو بچووک و نەزانم. هەروەها لەم ماوەیەیشدا، پێش وەخت هیچ خۆم ئامادە ناکەم، بێگومان ئەو دەقە دەخوێنمەوە کە دەمانەوێت بیخەینە سەر شانۆ، جگە لەوە هیچ خۆئامادەکردنێکی ترم بۆ کارەکە نییە. ئەویتر کە ڕوو دەدات؛ سەبارەت بەوەی چی دەکەین و چی لەوێدا دەگوزەرێت، شتێکە پێکەوە دەیدۆزینەوە، ئەمەیش لە ئەزموون و شیکاری ئەوانی ترەوە دێتە دی. من هیچ وێنەیەکی ئامادەکراوم نییە. وێنەیەکم هەیە، بەڵام ناتوانم هیچ پێناسەیەکی بۆ بکەم، لەو ڕووەوەی بە ئەکتەرەکان بڵێم بەرەو ئەو شوێنە بڕۆن. هاوکات من وێنەیەکم هەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی دەڵێت: نەخێر ئەمە بە تەواوی ڕاست نییە، ئەمە تۆنێکی هەڵەیە، بەڵام من لەوانەیە تا مانگێک بەر لە یەکەم شەوی پێشکەشکردنی نمایشەکە، نەگەمە ئەوێ.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**ئەمە بە چ شێوەیەک لە پرۆسەی نووسین دەچێت؟**

**لاش نۆرێن**

ئەویش هەر هەمان شتە. من هەست دەکەم، وەک نووسەرێک لەگەڵ ئەکتەرەکاندا سەبارەت بەوەی چۆن ئەم دەقە بکەینە واقیعێکی ڕاستی، زیاتر لە خودی نووسینەکە، وەکو خستنە سەر شانۆیەک، گفتوگۆ دەکەم.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**بەڵام کە تۆ شانۆنامە دەنووسیت، ئەو دەنگانە چۆن دێن بۆ لای تۆ؟**

**لاش نۆرێن**

پرۆڤە دەکەم، من لەو بڕوایەدام ئەمە وەک پیانۆژەنێک وایە، کە دەست دەکات بە خۆئامادەکردنی پارچە مۆزیکێکی، پارچە پیانۆ مۆزیکێکی گران، ئەو پێویستە بە شێوەیەکی تەریبی خۆی لەسەر تەکنیک و خودی پارچە پیانۆ مۆزیکەکە ڕابهێنێت. بێگومان بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پارچە پیانۆ مۆزیکە بژەنێت، تەنها

بەوە ناکرێت، کە لە تەکنیکدا شارەزا و لێزان بیت... لەبەر ئەوەی ئەو پارچە مۆزیکە تایبەتمەندە پێویستی بەو دەست و پەنجە ڕەنگینە تایبەتمەندە هەیە، کە مۆزیکەکە دەژەنێت، نووسینی دەقی شانۆیش هەر بە هەمان شێوەیە. من ناتوانم بگەمە ئەو شوێنەی دەمەوێت، بەرلەوەی بە تەواوی پرۆڤەم بۆ نەکردبێت، سەرنەکەوتن، سەرنەکەوتن، هەموو دەقێکیش تەکنیکێکی تایبەت بە خۆی دەوێت، ئەمەیش پێکەوە بەستراوەتەوە. هەروەها بۆ کاری ڕیژیش هەر وایە. بە خۆئامادەکراوی بێیتە ژوورەوە، بتەوێت هەموو شتێک سەبارەت بەوەی چۆن دەقێک دروست دەکەین، بزانیت. من ناتوانم ئەوە بکەم. هەرچەندە ئێستا بوومەتە بەڕێوبەری هونەری لە یۆتۆبۆری، بەڵام هەنووکە هەست دەکەم، کە زۆر دوورم لە شانۆوە.[١٢]

**ئێتییانا گلاسەێر**

**ئەوە دەقی شانۆنامە و نووسینی شانۆنامەیە؟ ئەو شتەیە، کە تۆ زۆر دووریت لێیەوە؟**

**لاش نۆرێن**

نەخێر، گەمەی شانۆیی و نواندن، خۆی لە چیدا دەبینێتەوە، بێگومان گەشە بە هونەری نواندن بدەیت، ئەمەیش جۆرێکە لە هونەر، کە ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەس باسی ناکات. مرۆڤ بە دوای دەقی تازەدا دەگەڕێت، بە دوای شانۆنامەنووسی گەنجدا دەگەڕێت، بە دوای بینەرێکی تردا دەگەڕێت، ئەو چیرۆکەی بینەران بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، بەڵام مرۆڤ زۆر کەم باسی نواندن، وەکو هونەرێکی سەربەخۆ دەکات؛ دەنگی ئەکتەر و گوزارشتکردنن.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**تۆ چیت کردووە بۆ ئەوەی جۆرە گفتوگۆیەکی لەم چەشنە بورووژێنیت؟**

**لاش نۆرێن**

ئێستا ئێمە بە دوای مامۆستادا دەگەڕێین. پیداگۆگ. ئەو پیداگۆگانەی دیقەتیان لەسەر دەقە، لەبەر ئەوەی شانۆی سویدی، وەک خۆت باش دەزانیت، بە شێوەیەکی بێوێنە بە هەست و هۆش و گوزارشتە هەستییەکانەوە بەستراوەتەوە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**بەڵێ... هەم ئەم و هەم ئەویش.**

**لاش نۆرێن**

بەڵام نواندنێکی ڕەخنەئامێزانە... زۆربەی ئەکتەرەکان هۆشمەندن، هەستیارن، بەڵام ئەمە تەنها لەو کارەی ئەوان لەو ساتەدا سەرقاڵین. ئەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسیی، ئایدۆلۆژی، سەبارەت بەمانە بێدەنگییەکی سەراپاگیر هەیە. بەهرە و توانستی کێ وەربگرین؟ دووشەممە خوێندنەوەیەکی ماراسۆنئاسا دەکەین... شەوی کریستاڵ... بۆ ئەمە دەتوانین شانۆ بەکار بهێنرێت، بەهرەکانیان بەرەو پێشەوە ببرێت، ئەوانەیشی ناتوانن... تۆ دەتوانیت ئەکتەرەکان ببینیت، دەتوانیت ئەوە ببینیت، کە ئەم ئەکتەرەیان کاری کردووە، بێگومان تۆ دەزانیت، تۆ دەزانیت لە نواندن بڕوانیت، کە لە دەرەوەی شتێکی تردا وەستاویت، کە ئەم ئەکتەرە لەم زانکۆیەوە هاتووە، ئەو جۆرە پاشخانەی هەیە، دەکرێت مرۆڤ ئەمانە لەگەڵ خۆی بهێنێت، بیگەیەنێتە ئەوانی تر؟

**ئێتییانا گلاسەێر**

**ئەوەی مرۆڤ فێری بووە؟**

**لاش نۆرێن**

ئا.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**بە هەرحاڵ دەکرێت مرۆڤ خۆی نەکاتە...**

**لاش نۆرێن**

تۆ ئێستا وا دەکەی؟

**ئێتییانا گلاسەیر**

**کە من ئێستا دەور دەبینم، هەوڵ دەدەم ڕۆڵەکەم بەو شێوازی گەمەیەوە ببەستمەوە، کە بە منداڵی دەمکرد.**

**لاش نۆرێن**

چۆن؟

**ئێتییانا گلاسەیر**

**من هەوڵ دەدەم، کە... هیچ جۆرە مەبەست و نیازێکم نەبێت...**

**لاش نۆرێن**

ئەها.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**وەک ئەوەی شتێک بۆ بینەران بڵێیت، سەبارەت بەوەی چ مانایەک هەیە.**

**لاش نۆرێن**

ئا، تەواو وایە... (مشواخ) دەڵێت تەنها نووسینی شیعر بە مەبەست، مەرگی ئەو شیعرەیە. ئەمەیش ڕاستە. ئەمەیش تەواو ئەوەیە، کە تۆ دەیڵێیت، تۆ زۆر جیاوازیت، مرۆڤ ئەو ئازایەتی و سەربەستییەی هەبێت، کە شتێکی وا بکات.(١٣)

**ئێتییانا گلاسەیر**

**ئەمە شتێکە پێوەندی بە چوونە تەمەنەوە هەیە. هیچ پلان دانانێک نییە جێگەی سەرنج بێت. بینەرانیش نایەن تا شتێک ببینن، شتێک مرۆڤ بە شێوەیەکی زیرەکانە خۆی بۆ ئامادە کردبێت. بەڵکو مرۆڤ دەیەوێت لە شتێکدا بێت، کە شتێک ڕوو دەدات...**

**لاش نۆرێن**

ئەمە ڕاستە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**ئەوەیش لەوانەیە ڕوو بدات، ئەگەر من ڕێگە بدەم ڕوو بدات.**

**لاش نۆرێن**

ئەمە زۆر تەواو و ڕاستە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**دەبێت من پلان دابنێم و زۆر شت ببینم. ئەمەیش جۆرە گۆڕانکارییەکی خێرایە لە ئاڕاستەکاندا. دەبێت مرۆڤ هەمیشە بەرەنگاری ئەو ئەژدیهایە ببێتەوە، کە ناوی نیاز و مەبەستە.**

**لاش نۆرێن**

منیش لەو کاتانەی کە باش دەنووسم، کە کۆڵ دەدەم، هەر وام. ئێستا من بە تەواوی ئەوانە پشتگوێ دەخەم، تەنها هەر دەنووسم. لەو کاتانەدا باشتر دەبێت. دوایی دەبێت سەرلەنوێ دووبارەی بکەمەوە، ئەمەیش شتێکی ترە، بەڵام مرۆڤ وشەکانی بە ڕەوانی بۆ دێت، ئا لەو کاتەدا دێت... هەرچەندە ئەوە زیاتر جۆرە پەشێویی و پەژارەییەکە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی تۆ دەیگێڕیتەوە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**لە باشترین بارودۆخدا، ئەمە بە تەواوی هەوڵنەدانە.**

**لاش نۆرێن**

ئا.

**ئێتییانا گلاسەێر**

بەڵام بەر لەوە پەژارە و دڵەلەرزە.

دەروازەی ماڵێک لەسەر شانۆیە، کە وا دەکات من وەک کەسێک هەست بکەم لە قەبارەی خۆم گەورەتر دیاربم. هەموو شتێک ڕێی تێدەچێت! لەبەر ئەوەی ڕەوشەکە شتێکە خۆمان دۆزیومانەتەوە. من دەتوانم چیم بوێت بیکەم. ئەمەیش وا دەکات وزە زۆر گەورەتر بێت لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکە، وزە ئاساییەکە. هەروەها هەست و سۆز، هەموو هەستەکان لەبەر دەستدان بۆ بەکارهێنان، بەو شێوەیەیش من کەی بمەوێت دەتوانم خۆم زۆر بە خەمبار پیشان بدەم، دوایی بدەمە قاقای پێکەنین. من دەتوانم بە ئاسانی بچمە نێو ئەم دوو ئاستەوە، ئەئاوا... من لەو باوەڕەدام لەو دەمەی زۆر گەنج بووم و لەسەر شانۆ دەورم دەبینی ئاوام کردبێت. دوای ئەوە لە پەیمانگەی قوتابیانی دراماتن وەرگیرام، لەوێ لەو بڕوایەدا بوو، کە من دەزانم مرۆڤ چۆن دەور دەبینێت، من لە یەکەم تەقەلای وەرگرتندا وەرگیرام، دوای ئەوە ئەوان لەوێ دەیاننویست فێری ئەوەم بکەن چۆن لەسەر شانۆ دەور دەبینم، ئەنجامەکەیشی بە وازهێنانم لەو قوتابخانەیە کۆتایی هات. من وازم لە شانۆ هێنا. تا دە ساڵ هیچ دەورێکم لەسەر شانۆکان نەبینی.

**لاش نۆرێن**

تۆ مەبەستت ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی فیزیکی وازت هێنا...

**ئێتییانا گلاسەیر**

**بەڵێ، بە شێوەیەکی فیزیکی وازم هێنا، بەڵام دوایی دەستم کردەوە بە کاری شانۆیی. ئێستا وەک بڵێی گەیشتوومەتە ئەو جێگەیەی، بازنەکەم تەواو کردووە، ئەمەیش وەک ت. س. ئیلیۆت دەڵێت، گەڕاینەوە بۆ ئەو شوێنەی لە پێناوی سەرەتاکەماندا و بۆ ئەوەی بزانین گەیشتووینەتە کوێ. ئەمەیش جیاوازییەکەیە.(١٤)**

**لاش نۆرێن**

ئم. ئەمە گوزارشتێکی زۆر جوانە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**گوزارشتێکی زۆر جوانە.**

**لاش نۆرێن**

دەبێت هەست بە سەربەستییەکی ئێجگار گەورە بکەیت...

**ئێتییانا گلاسەیر**

**بەڵێ، سەربەستی، ئەمەیش یەکەوڕاست باسی ئەوە دەکات. هەروەها شیعرەکەی تۆیش بە هەمان شێوە باسی هەمان شت دەکات، بە ڕای من، من وام خوێندەوە و وای تێیگەیشتم، کە تۆم وەک شاعیرێک خوێندەوە، بە بەردەوامیش هەر وەک شاعیرێک تۆم خوێندووەتەوە، شێوەیەک لە پچڕاندن و خۆ ڕزگارکردن لە بەربەست و سنوور بۆدانان. دوای ئەوە بگەیتە سەربەستی، کە لەوێدا مرۆڤ دەتوانێت هەناسە بدات و ببینرێت.**

**لاش نۆرێن**

من لەو بڕوایەدام پیشەی نووسەری و پیشەی شانۆنامەنووسین دوو شتی جیاوازن و جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، هەروەها ڕیژیسۆریش لە ئەکتەر جیا دەکرێتەوە... نەخێر، ببوورە لە مەیاندا لەو باوەڕەدا نیم، لەو بڕوایەدام هەردووکیان زۆر نزیکن لە یەکترییەوە. لەبەر ئەوەی نووسەرێک نووسەرێک دادەهێنێت، کە دەقێک دەنووسێت. دەبێت ئەو کەسە بخوڵقێت، کە ئەو دەقە دروست دەکات. منیش وەک ڕیژیسۆر هەر وا دەکەم، من ڕیژیسۆرێک لەم دەقە دروست دەکەم، کە...

له سەرەتادا زۆر پێداگریم دەکرد، وەکو نووسەر، لەبەر ئەوە دەمتوانی شتەکانم بەو شێوەیە ڕێک بخەم، کە دەقەکەم بۆ دەنووسی یان ئەو وێنانەی، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵیا یەکیان دەگرتەوە، ئەو جلوبەرگانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵیدا یەکیان دەگرتەوە... ئەو بابەتەی، کە سەرلەنوێ دەمنووسینەوە، بەڵام ئێستا تاقەتی ئەوەم نەماوە، بەڵکو... هەر وەک لەوەوبەر دەچێتە نێو هەمان جلوبەرگەوە. ئەکتەریش بە هەمان شێوە ڕۆڵەکەی خۆی دەخولقێنێت، هەنگاو بە هەنگاو، هاوکات ناشزانێت تا لە پڕ و بە ڕێکەوت مرۆڤێک لەسەر شەقامەکان دەبینێت، یان گوێی لە وشەیەک و فۆرمولێرەیەک دەبێت، ئا، بەڵێ ئەمە ئەوەیە، ئەمە ئەوەیە...

**ئێتییانا گلاسەێر**

**هەر وایشە.**

**لاش نۆرێن**

ئەوە وایە. بۆ منیش وەک نووسەرێک هەر وایە. هەروەها دوو لایەنیشی هەیە. مرۆڤ لە لایەکەوە لە زۆر شت ڕادەکات، زۆر شت، ئەوەیش چارەسەر

دەکات بە... لەو بڕوایەدام مرۆڤ دەتوانێت لە دەقێکدا چارەسەری ئەمە بکات، بەڵام مرۆڤ... هەموو ڕۆژێک واتا و مەبەستی خۆی دەخوڵقێنێت. لە بێمانایی و بێ مەبەستیدا. ئەمەیش ئەوەیە، کە من لەوێدا دەگەڕێمەوە بۆ سەر فەلسەفەی ئێکستێنتیالیزم، زانیاری پەیداکردن جۆرێکە لە خوڵقاندن، مانا ببەخشیت بە شتێک، کە خۆی لە خۆیدا جگە لە وەبەرهەمهێنانەوە زیاتر، هیچ مانایەکی تری نییە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**مانا شتێکە ئێمە دەیخوڵقێنین. گەرنا بوونی نییە.**

**لاش نۆرێن**

نەخێر، ئەمەیش ئەوەیە من خۆم پێوە سەرقاڵ کردووە، هەروەها ئەوە ئەوەیە، کە تۆیش خۆت پێوە سەرقاڵ کردووە. ئەمە دەبێت هەر وایش بێت، دەبێت پڕ بێت لەو زانیارییانەی سەبارەت مانابییە، بە هیچ شێوەیەک... (کلاودێل) دەڵێت (خوا هەموو شتێکی لە هیچەوە خوڵقاندووە، بەڵام ئەم هیچە دەڕواتە خوارەوە و دڕ پێ دەدات). ئەمەیش پێچەوانە بکەینەوە، ئەوەیە ئێمە دەیکەین.[١٥]

**ئێتییانا گلاسەیر**

**بەڵێ وایە.**

**لاش نۆرێن**

که ئێمه پرۆڤه دەکەین، شتێکی بێخەوش و تەواو جوان ڕوو دەدات، ئاماژەیەک، تێڕوانین و سەیرکردنێکی دڵگیر، لە هەمان چرکەساتدا، که ئێمه ئەو شته جوانه دەکەین، ئەویش بەسەرچووە و نەماوە. هەرگیز ناتوانین دووبارەی بکەینەوە، ئەمەیش وایە، وێنەیەکە لە ژیان. ئەمەیش دەکرێت بەتایبەتی، که زۆر زوو بزر دەبێت و نامێنێت، به تەواوی و بێخەوش بیکەین، به شێوەیەک بکرێت، ئا لەو سات و چرکەساتەدا چەندە بتوانرێت پڕ بێت لە ژیان.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**بەڵام تۆ وەک نووسەر، ئەو چرکەساتە دەپارێزیت.**

**لاش نۆرێن**

بەڵێ دەیپارێزم. من هەمیشە هەروەک دەڵێن، هەروەک بڵێیت بە زەردەخەنەیەکی شەیتانانەوە، ئەوەی ئێوە دەیکەن بزر دەبێت، بەڵام ئەوەی من دەینووسم،

لەوانەیە ئەگەر بەو شێوەیە بێت، ببێت بە جۆرە بەرگریکردنێک لەوەی، کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات... ئینجا هەستکردن بە ماندوێتی، بێتاقەتبوون یان (بە پێکەنینەوە) هەستێکی منداڵانە بێت.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**مردن، وەک تۆ ئێستا باسی دەکەی، بە بەردەوامی لە بەرهەمەکانی تۆدا هەن. هەروەها بێدەستەڵاتبوون لە هەموو نووسینەکانتدا، وەکو برینێک وایە خوێنی لێ بتکێت. بە شێوەیەک لە شێوەکان، بەرگرییەکی گەورە لە ڕەوشی بێدەستەڵاتییەکەوە دێتە دەرەوە.**

**لاش نۆرێن**

(میکائیل هێنکێل) شتێکی جوان لە کتێبەکەیدا دەنووسێت، کتێبێکی زۆر باشە سەبارەت بە (هوێلدێرلین)، باسی گوێزانەوەی شتەکان دەکات، چۆن مرۆڤ زیانی مەینەتییەکانی خۆی لە قورساییەکانی ژیاندا بگوێزێتەوە؛ لە دەستدانی باوک دەبێتە ئەو درەختە بەهێزەی ڕەگی داکوتاوە، کە هەمیشە لە شیعرەکانیدا دەگەڕێتەوە سەری و دووبارەی دەکاتەوە.

لەدەستدان دەبێتە بەخشینی ژیان.[١٦] من ئەمە لە پرۆسەی نووسینی خۆمدا، وەک نووسەرێک دەناسمەوە، لەدەستدان دەبێتە شتێکی لەبەرچاوی فیزیکی، کۆنکریێت و گوزارشتئامێز.[١٧] ئەمەیش پاڵ بە ئێمەوە دەنێت کە بنووسین. وەک زووتر جیابوونەوە و دابڕان لە دایک، کە مرۆڤ دەبێت بە (تۆ)، ئەمەیش ئەو بۆشاییەیە، ئەو جیابوونەوە و لێکدابڕانەیە، ئەو دابڕانە بێبەزەییەیە، کە دەتکات بە (تۆ)، ئەمە ئەوەیە مرۆڤ هەمیشە بە زمان پڕی دەکاتەوە. ئەمە تەنها شتێکە مرۆڤ بتوانێت بە دەستی بهێنێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هیچ کەرەستەیەکی تری نییە، مرۆڤ منداڵێکە، هەروەها مرۆڤ... لە پڕ زمانیش لەم ڕەوشەدا، لەو هەست و سۆزەدا، کە ئێستا چی تر من لەو دونیایەی خۆمدا هەمان کەس نیم، دێتە پێشەوە. دایک، لەوێوە وشەکان دەست پێ دەکات.

**ئێتییانا گلاسەێر**
**وەک خۆت گوتت، مرۆڤ ماناکان دەخوڵقێنێت.**

**لاش نۆرێن**
ئا.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**لەوێدا هیچ شتێک نییە. لەوێدا لای تۆ سەرەتایە، لەبەر ئەوەی تۆ پێتوایە، کە مانایەک هەیە، ئەمەیش بەم شێوەیەیە، هەروەها ژیانیش وایە و گوزەرانیش بەم چەشنەیە، بەم شێوەیە دەردەکەوێت، ئەمەیش خۆشەویستییە، ئەمەیش ڕووناکی و تاریکییە. تۆ پێناسەی ژیان دەکەیت و مانایەکی گەورەی پێ دەبەخشیت.**

**لاش نۆرێن**

بەڵام من ئێستا لەوە گەیشتووم، جگە لەوەی کە من دەیخوڵقێنم هیچ مانایەکی تر بوونی نییە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**نەخێر.**

**لاش نۆرێن**

ئەوسا وام نەدەزانی.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**تۆ دەگەڕێتەوە بۆ هەمان شوێن، بەڵام ئێستا دەزانیت لە کوێدایت.**

**لاش نۆرێن**

مممم. هەر وایشە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**تۆ هەر لە سەرەتاوە باسی شانۆی هەستئامێزت دەکرد، شیعر بۆ من ئەدەبی هەست و سۆزە. ئێستا تۆ وازت لە شیعرییەت هێناوە، لەوانەیشە ئەمە ئەوە بگەیەنێت، کە تۆ ناتەوێت لە دراماکانتدا مامەڵە بە شیعرەوە بکەیت. ئایا تۆ لە هەست و سۆز دەترسیت؟**

**لاش نۆرێن**

ئا. من لێیان دەترسم، لەو هەستە زۆر بەهێزانەی خۆم، کە لە ناوەوەمدا هەن، من زۆریان لێ دەترسم.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**لە هەست و سۆزی ئەکتەرەکان دەترسیت؟**

**لاش نۆرێن**

نەخێر، زۆرنا، نەخێر، بەڵام شیعر. شیعر...

**ئێتییانا گلاسەێر**
**لەبەر ئەوەی لەوانەیە وەک ڕیژیسۆر مرۆڤ ببێت بە...**

**لاش نۆرێن**
شیعر پیشەیە. هەروەک ئەکتەر، هەر ڕستەیەک کە مرۆڤ دەینووسێت، پێویستە ڕەنگدانەوەی ڕەفتارێک بێت، هەموو داڕشتنێکی وشە و ڕستە، گرنگ نییە چ هەست و سۆزێکی لە پشتەوە بێت، بەڵام هەر کە نووسرا، ئیتر دەبێتە پیشە. مرۆڤ هەردەم بە دوای داڕشتنێکی تەواو و ڕێکوپێکدا دەگەڕێت. لەبەر ئەوە هەست و سۆز، هەروەها گوزارشتکردن لێیان پیشەیە، لەوێدا هەست و سۆزەکان جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت، دروستکردنی مەودایەک و خۆ بەدوورگرتنێک، مرۆڤ هەست و سۆزەکان دەگوێزێتەوە و سەیری ئەوە دەکەم بە چ شێوەیەک باشترە بینووسم، هەر لێرەیشەوە مرۆڤ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوە دەکات، کە (پاوڵ ئێلوارد) نووسیویەتی،[١٨] (ئێکلێلۆف) چۆن و لە کوێ پێناسەی کردووە. مرۆڤ بە بەردەوامی ئەو کتێبخانەیەی بە کۆڵەوەیە، سەبارەت بە چۆنیەتی

فۆرمەلەکردنی هەست و سۆزەکان، مرۆڤ لەو نەخشەیەدا دایان دەنێت، تا لەوێدا بە تەنیشت (ترانسترۆمەر) و (ئێکێلۆف)... و ئەوانی ترەوە بووەستن.[١٩] ئەمەیش هەمان شتە سەبارەت بە ئەکتەری باش، کە بەشێکن لە مێژووی ئەوانەی بەر لە خۆمان... بەڵێ، هەر لەبەر ئەوەیشە، کە من بە ئەکتەرەکان دەڵێم: سەیری ئەکتەرەکانی تر مەکەن، بڕۆن بۆ سکانسن، بڕوانە مرۆڤەکانی ناو پاس یان... بۆ ئەوەی شێوازێکی تر بدۆزنەوە تا گوزارشت لە خۆتان بکەن، جیاواز لەوەی... هیی ئەو قوتابخانەیەی خوێندوومانە، ئەمە وا نییە؟[٢٠]

**ئێتییانا گلاسەێر**

**کە تۆ ئاوا دەڵێیت، من بیر لەوە دەکەمەوە کە...**

**لاش نۆرێن**

(تۆمی بێریگرێن) و سەرچاوەی مێژووەکەیان، مەبەستی من ئەوەیە، ئەوان لەگەڵ مێژووەکەی خۆیان ڕەفتار دەکەن، چونکە پاڵەوانەکانی ئەوان لەوێدایە.(٢١)

**ئێتییانا گلاسەێر**

**تۆیش بە ئەکتەرەکانت دەڵێیت، کە ئەوان وا نەکەن؟**

**لاش نۆرێن**

نەخێر ئەوان نابێت وا بکەن، لە بیری خۆتی بەرەوە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**جارێکیان شتێکم هاتەوە یاد... بەڵام تۆ لەوێدا گۆڕانکاریت بەسەردا هاتووە، وەک لە زۆر خاڵی تردا.**

**لاش نۆرێن**

بە دڵنیاییەوە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**کە من لە (خەندە ژێرزەمینییەکە) بەشداریم کرد.[٢٢]**

**لاش نۆرێن**

ئا.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**پیاوە ڕەسەنەکە، بە لامەوە زۆر گران بوو ڕۆڵەکە بدۆزمەوە، من لەو بڕوایەدا بووم، کە ئەو فیرنەگولە و بوودەڵەیە.**

**لاش نۆرێن**

ئا، من دەزانم. منیش ئەوەم دێتەوە یاد.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**منیش پرسیارم لە تۆ کرد، لاش تۆ ئەم پیاوە چۆن دەبینیت؟ تۆ حەز دەکەی من چۆن بیر بکەمەوە؟ تۆیش: مارلۆ براندۆ!**

**لاش نۆرێن**

نا (قاقا لێ دەدات)! من وام گوت؟ ئەوە ناچێتە ئەقڵەوە!

**ئێتییانا گلاسەێر**

**تۆ ئەوکاتە پاڵەوانی ترت هەبوو.**

**لاش نۆرێن**

بەڵام ئەوە، ئەوە نەبوو سەبارەت بەوەی... زۆر –زیادەڕۆیی– مەکە. ئەو دەمە سەبارەت بە مارلۆن وا نەبوو...

**ئێتییانا گلاسەێر**

**بەڵێ، بێگومان شتێک بووە لەو بابەتە.**

**لاش نۆرێن**

ئممم.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**زیادەڕۆیی زۆر مەکە، بە دوای هونەری ئاسانکردنەوەدا مەگەڕێن و بەو شێوەیە.**

**لاش نۆرێن**

بێگومان من هەر وا بیرم کردۆتەوە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**من بە هیچ شێوەیەک نەمدەزانی چی لەوە بکەم.**

**لاش نۆرێن**

نا (پێدەکەنێت)، بێگومان وایە، تۆ دەتوانی چی لەگەڵ ئەوەدا بکەیت (هەردووکیان پێدەکەنن)؟ شتێکی گێلانەم گوتووە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**ئەوەی تۆ لەوێدا گوتووتە، ئەو شتە بووە، کە تۆ ئەو دەمە هەستت پێ کردووە.**

**لاش نۆرێن**

بەڵێ، هەست و سۆز. من لە هەست و سۆز دەترسم، من لەو پاڵەپەستۆی هەستە دەترسم، کە لە ناخمدایە، هەوڵ دەدەم، بە بەردەوامی بە ڕوونی گوزارشتی لێ بکەم، بە شێوەیەکی باش... من لەو بڕوایەدام، کە من بە ناوەوەی خۆمەوە پەیوەستم، هەمیشە و لە بۆنەی جیاوازدا چەند ڕستەیەکی زۆر جوانی (نیتشە)م بیر دەکەوێتەوە، کە دەڵێت (ئەگەر تۆ بۆ ماوەیەکی زۆر چاو ببڕیتە قووڵاییەکەوە، لە کۆتاییدا ئەویش چاو دەبڕیتە قووڵایی تۆوە) منیش هەوڵ دەدەم چاو نەبڕمە ناو... لە ڕاستیدا، لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا من...

**ئیتییانا گلاسەیر**

**ئەمە چ پێوەندییەکی بە هەست و سۆزەوە هەیە؟**

**لاش نۆرێن**

لە سەردەمی منداڵیمدا زۆر شتم بەسەر هاتووە و دیوە، من هەر لە سەرەتاوە وەک منداڵێکی بچووک شتی نابەجێ و کارەستئامێزم دیوە، هەروەها لەو

باوەڕەیشدام، کە من خۆم لە ژیانمدا خستۆتە ژێر باری قورس و شتی گرانەوە.

**ئێتییانا گلاسەێر**
**ئممم.**

**لاش نۆرێن**
هەروەها دووچاری شتی خراپیش بووم. بەو شێوەیە ئەگەر من، گەر من لە چیرۆکەکانی ئەو ڕۆژگارەدا توند بکرێم و نەتوانم بێمە دەرەوە... ئەو کاتە، ئەوکاتە، ئەمە ئەو هەستانەن من لێیان دەترسم، چ کاردانەوەیەکم بۆیان دەبێت... من بە تەواوی دڵنیا نیم کە من کێم.

**ئێتییانا گلاسەێر**
**دراماکانی تۆ شتگەلێکی وەهای تێدان، کە هەست و هۆشێکی بەهێز دەورووژێنن.**

**لاش نۆرێن**
بەم هەست و سۆزەی ئەمڕۆم، هەروەها لە ڕوانگەی هەموو ژیانمەوە، کە بەشێکی زۆری خەمە، خەمێکی گەورە. خەم، وەکو من، لە...

**ئێتییانا گلاسەیر**

**چییە ئەوەی، کە خەمە؟**

**لاش نۆرێن**

خەمێک، کە لە خۆم بەهێزترە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**من تێدەگەم تۆ دەڵێی چی، بەڵام شتێکی زیاتر بڵێ، ڕەگوڕیشەی ئەو خەمە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟**

**لاش نۆرێن**

بێگومان وایە، ئەو شتەی من لە منداڵیمەوە کردوومە بە سەرچاوەی خۆم، تەنهاییە.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**ئەم خەمە دڵنەواییە؟**

**لاش نۆرێن**

دەتوانم بە وێنەیەک باسی بکەم. من منداڵی خۆم وا نەژیاوم، کە... زۆر گ... گران و ناشاد، بەڵام چەند ساڵێک بەر لە ئێستا گوێم لەوە بوو کە... مرۆڤێکی گەنج

باسی، باسی... دایکە بەدمەستەکەی کردووە، کە چۆن لە قوتابخانە گوزەراندویەتی و شتی تر، من دەستمکرد بە گریان. بۆ ئەو، وەک دەڵێن لەبەر خاتری ئەو... بەڵام بۆ من زۆر گرانە بۆ ئازارەکانی خۆم بگریم، بۆ خاتری خۆم. ئەمەیش...

**ئێتییانا گلاسەێر**

**بەڵام ئەوە وا بوو.**

**لاش نۆرێن**

بەڵی ئەوە وا بوو. هەروەها سەبارەت بەوەیش، کە مرۆڤێکت خۆشدەوێت، دەگۆڕێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، دەبێت بە شتێکی تەواو جیاواز. هەوڵ بدەیت ئەمەت بۆ کۆبکرێتەوە، هاوکات هەوڵ بدەی، وەک چۆن منداڵ نایەوێت لەگەڵ خێزانەکەی پەرتەوازە بێت، ئاوا خۆت کۆبکەیتەوە، دژی دەوروبەرەکە، درۆکان، ئەمەیش تا ئێستایش لەگەڵ خۆم هەڵمگرتوون. کەمیش نابنەوە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**بە شێوەیەکی بەهێزتر دەگەڕێنەوە؟**

**لاش نۆرێن**

ئا، من بۆ ماوەی پانزە ساڵ سەردانی سیکۆئەنالیسم کردووە، ئەمەیش یەکێک بوو لەو شتانەی لەوێ کارم لەسەر کردوون، هەست دەکەم ئەوان کەمیان نەکردووە، بە پێچەوانەوە.(٢٣) لەگەڵ ئەوەیشدا، کە خەمێکی نادیارە و بە زمان و وشە گوزارشتی لێ ناکرێت، بۆ من زۆر گرانە پێناسەی بکەم، تەنانەت کە ڕوو دەدات. بۆ من زۆر گرانە تێی بگەم و بەتایبەتیش کە ڕوو دەدات ناوێکی پێ ببەخشم، بەڵکو تەنها ڕەوشێکە وەک دەڵێن ڕەوشێک لە خەم و پەژارە. ئەمەیش هەر زۆر نیگەرانم دەکات و ئازارم پێ دەگەیەنێت، کە دەبینم منداڵێک بە شێوەیەک لە شێوەکان ئازاری پێ دەگات.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**ئەو خەمەی تۆ باسی دەکەیت، من وا بیری لێ دەکەمەوە، تۆ سەبارەت بەمەی باسی دەکەیت، نووسیوتە.**

**لاش نۆرێن**

ئا.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**تۆ خۆت چەندین دەقت سەبارەت بەمە نووسیوە، لەوێدا جۆرە شێتگیرییەکی تێدایە. ئەمەیش مانای ئەوەیە، کە تۆ ئەو شتەت بەجێ هێشتووە و تێت پەڕاندووە، لە دایک و باوکت بوراویت.**

**لاش نۆرێن**

ئا، لێیان خۆش بووم.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**بەڵام خەمەکە هەر لە جێگەی خۆیدا ماوە.**

**لاش نۆرێن**

ئا، وایە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**هەر گەورەیش دەبن**

**لاش نۆرێن**

بەڵێ، گەورەتر دەبن.

**ئێتییانا گلاسەیر**

**لەبەر ئەوەی چی تر دەستت بە دایک و باوکت ناگات، ئەمەیش هەردووکیان...**

**لاش نۆرێن**

بێگومان وایە، هەر بە تەواوی وایە. ئەمەیش هەموو کات و شوێنەکان پڕ دەکاتەوە. ئاوایە...

**(لاش نۆرێن لە چاکەی بەردەمی دەخواتەوە، ئێتییانا گلاسەیر بێدەنگە)**

**ئێتییانا گلاسەیر**

**ئێستا سەبارەت بە چی دەنووسیت؟**

**لاش نۆرێن**

ئێستا خەریکی جۆرە دەقێکم، کە ناوی (تەرمینالی)یان لەخۆ گرتووە. تەرمینالْ، لەبەر ئەوەی لە هەمان کاتدا کەوتنەڕێیە بەرەو شوێنێک و هەروەها گەیشتنیشە. ئەمە لە پیر و بە تەمەنێکی وەک منەوە دێتە دەرەوە. کە من سەرەتاکە دەبینم، هەست بە کۆتاییەکەیش دەکەم. کۆتاییەکان نزیکترن لە سەرەتاکان، بەم شێوەیەش مرۆڤەکان لە زەمەنێکدا

یەکتر دەبینن... یەکێک لە تەرمیناڵەکان باسی ژن و پیاوێکی گەنج دەکات، کە دێن بۆ نەخۆشخانە، لەبەر ئەوەی ژنەکە لەسەر منداڵبوونە، لەوێ ژن و پیاوێکی تر دەبینن، کە لەوان بە تەمەنترن و هاتوون بۆ ئەوەی جەستەی کوڕە مردووە بیست و سێ ساڵەکەیان بناسنەوە، ئەمەیش هەمان ژن و پیاوە، کە لەوێ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە.(٢٤) یەکێکی تریان باسی ژن و پیاوێکی بە تەمەن دەکات، کە لە یەکتری جیا دەبنەوە و شوقەکەیان چۆڵ دەکەن و لە هەمان کاتدا ژن و پیاوێکی گەنج دەگوێزنەوە بۆ ناو هەمان شوقە، ئەمانیش لە هەردوو بارەکەدا هەمان ژن و پیاون. تەرمیناڵێکی تر باسی پیاوێکی تەمەن پەنجا و سێ ساڵە دەکات، کە دایکە چل و سێ ساڵییەکەی دەبینێت. لەبەر ئەوەی یادەوەرییەکانمان بەو شێوەیەیە، هەوڵ دەدەم ئەمە لەسەر شانۆ بکەم بە واقیع.

**ئێتییانا گلاسەێر**

**سەر شانۆ شوێنێکە کە دەکرێت کاتەکان تێکەڵاو بکرێت.**

**لاش نۆرێن**

من ئەم جۆرە پێگەیشتنانەم زۆر بەلاوە خۆشە، کە ئێستا کاریان لەسەر دەکەم و کاتەکان بەم شێوەیە تێکەڵاو دەبن. بەڵام ئێستا زۆر گرانە بۆیان بگەمە هیچ گوزارشتێک. من هەوڵمداوە بیکەمە بیۆگرافیایەکی ژیانی خۆم، بەڵام تیا سەرکەوتوو نەبووم، ئەمە دەبێتە... دەبێتە... مەبەستم ئەوەیە، کە دەبێت چەندین پێست و توێژاڵ داماڵرێت تا دوا توێژاڵ فڕێ دەدرێت، ئەوکاتە دەگەمە شوێنی مەبەست. ئەمە وەکو پەردەیەک وایە... دەبێت یەک لە دوای یەک لاببرێت تا مرۆڤ دەگاتە لای... ئەوەی خەڵتانی خوێنە، لای... ئەوەی بەر لە ساتێک دەژیا.

**سەرچاوە**

شوێن بۆ گفتوگۆ، زنجیرە کتێبێکە، کە لەگەڵ کتێبخانەیەکی بچووک بڵاو کراونەتەوە، دە گفتوگۆ و دیدار لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند و نووسەرە دیارەکانی سوێد سەبارەت بە هونەر و کولتوور، لەخۆ دەگرێت. ٢٠١١ ستۆکهۆڵم.

## پەراوێزەکان

١- دوو دیوانە شیعری سەرەتاکانی ژیانی ئەدەبیی لاش نۆرێنن: (شیزز) لە ساڵی ١٩٦٥ و (بێهەستی) لە ١٩٦٨دا لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆنیەرەوە بڵاو کراونەتەوە.

٢- فریدریش هوێلدێرلین لە مانگی سێی ساڵی ١٧٧٠ لەدایکبووە و لە مانگی شەشی ساڵی ١٨٤٣دا کۆچی دوایی کردووە؛ نووسەر و وەرگێڕێکی ئەڵمانییە و بە یەکێک لە نووسەرە ڕۆمانسییە گەورەکانی ئەڵمانیا دادەنرێت.

٢- ئارتور ڕامبۆ ساڵی ١٨٥٩ لە فەرەنسا لەدایکبووە و ساڵی ١٨٩١ لە شاری مارسێل کۆچی دوایی کردووە و بە یەکێک لە گرنگترین شاعیرە مۆدێرنەکانی دونیا دادەنرێت. ڕامبۆ لەنێوان ساڵانی ١٨٧٠- ١٨٧٥دا کۆمەڵێک شیعر، پرۆسە و هەندێک نامەی نووسیوە و دواتر وازی لە نووسین هێناوە.

٣- لاش نۆرێن لەم چەند ساڵەی دواییدا، وەک ڕیژیسۆرێکی بەتوانایش دەرکەوتووە و چەندین نمایشی ناوازە و بەرزی پێشکەش بە ڕەوتی شانۆی

سوێدی کردووە، یەکێک لە پرۆژە بەرزەکانیشی لە بواری ڕیژی شانۆییدا، سێینە بەناوبانگەکەی ئێسخلیۆس (ئۆرێستێیا)یە، کە لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکات. وەک خۆی دەڵێت، هەموو نمایشەکەی لە پانتاییەکی بۆشدا نمایش کرد و هەموو سینۆگرافیاکەی بریتی بوو لەو بەفرەی بە درێژایی دوو سەعات بەبێ وەستان دەباری.

٤- ئاماژەیە بۆ هەندێک لە دەقە درێژەکانی نۆرێن، کە لە سەرەتای ژیانی هونەریدا نووسیونی.

٥- ئۆسیپ مەندێلستەم ساڵی ١٨٩١ لە وارشۆ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٣٨ لە یەکێک لە ئۆردوگا زۆرەملەییەکانی نازییەکاندا کۆچی دوایی کردووە. مەندێلستەم شاعیرێکی ڕووسی بە نەژاد جوولەکە بووە.

٦- نیلی ساکس ژنە نووسەر و شاعیرێکی جوولەکەی ئەڵمانی بووە، ساڵی ١٨٩١ لە بەرلین لەدایکبووە و ساڵی ١٩٧٠ لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە. ساکس ساڵی ١٩٦٦ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە.

٧- (مەخلوقە یەک ڕۆژییەکان) و (ئاوی وەستاو) دوو دەقی شانۆیی تری نۆرێنن. دلاوەر قەرەداغی

شانۆنامەی (ئاوی وەستاو)ی کردووە بە کوردی و لە زنجیرەی شانۆی بیانی ژمارە (٤٧)ی دەزگای ئاراس بڵاو کراوەتەوە.

٨- دەقە تەرمینالّەکان ئەزموونێکی نوێی نۆرێنە و تا ئێستا بیست و سێ دانەی لە بەرگێکدا بڵاو کراوەتەوە. دانا ڕەئووف هەندێکی لەم دەقە تەرمینالّیانەی کردووە بە کوردی و لە زنجیرەی شانۆی بیانی ژمارە (٥٧)ی دەزگای ئاراس بڵاو کراوەتەوە.

٩- ڕاینەر وارنەر فاسبیندەر ساڵی ١٩٤٥ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کردووە. فاسبیندەر ڕیژیسۆرێکی گرنگی سینەمای ئەڵمانییە و یەکێکە لەو ڕیژیسۆرانەی لە حەفتاکاندا تەوژمە نوێیەکانی سینەمای ئەڵمانی خوڵقاند.

١٠- مارتین بووبەر ١٨٧٨- ١٩٦٥ فەیلەسوف و نووسەر و پرۆفیسۆرێکی نەمساوییە و بە ڕەگەز جوولەکە بووە، بە زمانی ئەڵمانی دەینووسی و یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی: (من و تۆ)یە کە ساڵی ١٩٢٣ بڵاوی کردۆتەوە.

١١- مارییە ویسواوا ئاننا شیمبۆرسکە ژنە شاعیرێکی گەورەی پۆڵۆنییە و ساڵی ١٩٢٣ لە پۆڵۆنیا

لەدایکبووە، ساڵی ١٩٩٦ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە.

١٢- نۆرێن لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٩- ٢٠١٢ بەرپرس و ڕێبەری هونەری (شانۆی گەل) دەبێت لە شاری یۆتۆبۆری.

١٣- هێنری مشواخ ساڵی ١٨٩٩ لە بەلجیکا لەدایکبووە و ساڵی ١٩٨٤ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. پرۆسە و شیعری بە زمانی فەڕەنسی نووسیوە، هاوکات وێنەکێش بووە و هەوڵی نووسینی ڕۆمانیشی داوە.

١٤- ت. س ئیلیۆت ساڵی ١٨٨٨ لە ئەمەریکا لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٥ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە؛ یەکێکە لە شاعیر و نووسەر و شانۆنامەنووسە گەورە مۆدێرنەکانی ئەدەبی جیهانی. ئیلیۆت لە ساڵی ١٩٤٨دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە.

١٥- کەمیلە کلاودێل ساڵی ١٨٦٤ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٤٣ کۆچی دوایی کردووە، هونەرمەند و پەیکەرسازێکی فەڕەنسی بووە.

١٦- میکائیل هێنکێل نووسەرێکی ئەڵمانییە.

١٧- بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٢).

١٨- پاوڵ ئێلوارد ساڵی ١٨٩٥ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٥٢ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. شاعیرێکی فەڕەنسی بووە و یەکێک بووە لە دادایزم و سوریالیزمەکانی فەڕەنسا.

١٩- گوننار ئێکێلۆف یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی سوێد و دەستێکی باڵای لە تازەکردنەوەی شیعر و زمانی سوێدیدا هەبووە. ئێکێلۆف ساڵی ١٩٠٧ لە ستۆکهۆڵم لەدایکبووە و ساڵی ١٩٦٨ هەر لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە. بەشێک لە بەرهەمەکانی لە لایەن ڕزگار شێخانی-یەوە کراون بە کوردی و لە کوردستان و سوێدیش بڵاو کراونەتەوە.

١٩- توماس ترانسترۆمەر ساڵی ١٩٣١ لە ستۆکهۆڵم لەدایکبووە و ساڵی ٢٠١١ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە و ساڵی ٢٠١٥ کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لە پایەکانی ئەدەبی سوێدی و بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە شەست زمان. ڕزگار شێخانی هەڵبژاردەیەکی لە شیعرەکانی کردووە بە کوردی و لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاوی کردۆتەوە.

٢٠- سکانسن باخچەیەکی گەورەیە، چەندین مۆزەخانە و باخچەی ئاژەڵان و شوێنی یاری و شانۆ و ڕێستۆرانت... هتد دەگرێتەخۆ، دەکەوێتە ناوەڕاستی

شاری ستۆکهۆڵمەوە و ساڵانە بە هەزارەها کەس سەردانی دەکەن. ئەم باخچە گەورەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٩١دا کراوەتەوە.

٢١- تۆمی بێریگرێن ئەکتەر و ڕێژیسۆرێکی ناوداری سویدییە و سەر بە ڕێباز و قوتابخانە کۆن و تەقلیدییەکەی شانۆیە، بێگومان ئەم دوو هونەرمەندە لەگەڵ یەک ڕێک ناکەون و دوو کەسی دژ بە یەک و جیاوازن و هەندێک جار بە ئاشکرا لە ڕۆژنامەکاندا هێرش دەکەنە سەر یەکتری.

٢٢- خەندە ژێرزەمینییەکە، یەکێکە لە دەقە بەراییەکانی نۆرێن، ساڵی ١٩٨٢ لە شانۆی (ئونگە کلارا) ئەم دەقە بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایش دەکات، ئێتییانا گلاسەێر ڕۆڵی تیا دەبینێت.

٢٣- جۆرێکە لە چارەسەرکردنی دەروونی، کە لێرەدا نۆرێن ئاماژەی بۆ دەکات و بەردەوام سەردانی پسپۆڕی دەروونناسی کردووە بۆ چارەسەرکردن و زاڵبوون بەسەر گرفتە دەروونییەکانیدا.

٢٤- تەرمیناڵی ژمارە سێیە، کە دانا ڕەئووف کردوویەتی بە کوردی و لە ژمارە (٥٧)ی زنجیرەی شانۆی بیانی دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠١١ بڵاو کراوەتەوە.

## یاداشتەکانی شانۆنامەنووسێك

لاش نۆرێن ساڵی ٢٠٠٨ بەشی یەکەمی یاداشتەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە و بە توندی هێرش دەکاتە سەر ناوەندە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکەی سوێد، تەنانەت لە هاوڕێ و هاوپیشە و کەسە نزیکەکانی خۆیشی نابورێت. لەم ماوەیەیشدا، بەشی دووهەمی ئەم یاداشتانە بڵاو دەکاتەوە، ئەم بەشەیان لەوێوە دەست پێ دەکات، کە بەشی یەکەم تەواو دەبێت.

ئەم یاداشتانە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ شیعر و پرۆسە سەرەتاییەکانی نۆرێندا یەک دەگرنەوە؛ (من)ی شیعرە بەراییەکانی لە (من)ی ئەم یاداشتانەدا گەورە دەبن، وێنە شیعرییەکان دەبن بە دیمەنی شانۆیی و کێشەیەکی ئەبەدی "من"ەکان. (من)ی نۆرێن لەم یاداشتانەدا "من"ێکی کولتووری یان هونەریی نییە، بەڵکو زیاتر "من"ێکی بە هێزی خودگەراییە و بە قووڵی لە فەلسەفە خودگەراییەکەی سارتەردا ڕەگی داکوتاوە.

نۆرێن دەیەوێت بە شێوەیەکی ساکار لە (من)ی مرۆڤ بدوێت؛ لەگەڵ دڵەڕاوکێ، نائارامی، ڕووتبوونەوەی ڕۆح، تورەبوون و هەندێک جار ئارامییەکی قووڵدا دەژی. ڕۆژگارەکانی ئەم شانۆنامەنووسە لە گێژاوی ڕووداوەکانی ڕۆژگاردا خۆیان دەشارنەوە، تێکەڵاوی خەڵکی تر دەبێت و (منەکان) لەنێو بازاڕی ژیاندا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئاڕاستەی تر وەردەگرن، دەستەویەخەی یەکتر دەبن و بەیەکدا هەڵدەشاخێن. ئەم یاداشتانە، وەک ڕۆمانێک وایە و پاڵەوانەکەی باسی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەکات، ئەم پاڵەوانە کێیە؟ بە چییەوە خەریکە؟ ئەو مرۆڤانە کێن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و ئەوانەیش لە دەرەوەی بازنەکانی ژیانی ئەمەوەن، دەبن بە بابەتی ئەم ڕۆمانە یاداشتئامێزە. هەر وەک ڕۆمانێک بابەت و کێشە و ناکۆکییەکانی دەخاتە ڕوو. کێشەکان ڕووبەڕووی کەسی حیکایەتخوانەکە دەبنەوە، چارەسەر دەکرێن، کارەکتەرەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، گرژی دروست دەبێت، هەندێکیان بە تەواوی دیارنامێنن و لای نووسەر دەسڕێنەوە. لە زۆر ڕووەوە پاڵەوانی سەرەکی

ڕۆمانەکە، کە نۆرێن خۆیەتی ڕووداوەکان دەگەیەنێتە ئاستی ترۆپک و هەندێک جاریش دەیگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا.

نۆرێن لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، بە قووڵی فەلسەفەی هایدگەر دەخوێنێتەوە و ئەم فەلسەفەیەیش دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ ئاڕاستەکانی ژیانی فیکریی نۆرێن و یاداشتەکانی. نورێن دوای ئەم خوێندنەوەیە، زۆر جار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو بە تەواوی لە ڕووی فەلسەفییەوە لەگەڵ هایدگەر هاوبیرە و هەست دەکات بە شێوەیەک لە شێوەکان ژیان و بوونی ئەو لە جۆرە فەلسەفەیەک پڕ دەکات، کە ئەو دەبات بەرەو هەڵسەنگاندنێکی وردی نووسینەکانی. لە هەمان کاتدا بەرەو نمایشیان دەبات. نۆرێن بە بەردەوامی دەگەڕێتەوە بۆ سەر هایدگەر، ڕاڤەی بۆ دەکات و ئەوەی دەیخوێنێتەوە قسەیان لەسەر دەکات. ئەم نووسەرە جگە لە هایدگەر دەگەڕێتەوە بۆ لای بێکێت، تۆماس بێرنهارد و هارۆڵد پینتەر و خۆی بە یەکێک لەم نووسەرانە دەزانێت، نووسینەکانی، لەگەڵ نووسینەکانی

ئەواندا بەراورد دەکات و دەیەوێت وەک ئەوان لە پانتاییە قووڵەکانی دەروونی مرۆڤ نزیک ببێتەوە و بچێتە گیان و جەستەی هەموومانەوە. نۆرێن هەست بە پیربوون دەکات و لە خۆئامادەکردندایە بچێتە بەرگی بێکێتێکی پیرەوە و لە مەرگ نزیک دەبێتەوە.

هەندێک لەو بابەتانەیشی بە بەردەوامی دەگەڕێتەوە سەریان، مەسەلەی خۆشەویستی، دابڕان و جیابوونەوە لە ژنەکەی، هەستکردن لانەییە، هەروەها ئەم نووسەرە لەوەیشدا سەرکەوتووە، کە دەتوانێت خوێنەرەکانی لە هونەرێکی تەواو چڕ و داماڵراو و کەسێنیدا بەرەو ناوەوە، دەرەوە، سەرەوە و خوارەوە بەرێت.

دەقەکانی ئەم یاداشتانە باسی هەموو شتێک دەکەن، بۆ نموونە چۆن کتێبێک دەکڕێت یان سەفەر دەکات، جلوبەرگ گۆڕین و هەروەها گفتوگۆیەکی قووڵ و بێدەنگیش لە نێوان فەلسەفە، ژیانی ڕۆژانە، ئەدەب و هونەردا. ئەوەی لە دەوروبەری خۆیدا ڕوو دەدات، ئەو دونیایەی ئەوی تێدا دەژی، وەردەگێڕێتە سەر زمان،

زمانی "من"ێکی توڕە و ئەدەبێکی بێخەوش و ژیانێکی ڕۆژانە.

ئەم یاداشتانە کۆکردنەوەی دونیای نۆرێنە لە ئێستا و لێرەدا، هەزارەها ساتەوەخت لە ژیانی بەرجەستە دەکات و فۆرمێکی ئەدەبی و ژیانێکی ئەزەلییان پێ دەبەخشێت، کات دەوەستێت، هەروەک خۆی لە هەندێک شوێندا، یاداشتەکانی بە (وەستانی کات) ناوزەد دەکات.

بەشێکی زۆری ئەم یاداشتانە باسی ئەو قۆناغە دەکات، کە نۆرێن بەڕێوبەری هونەری شانۆی گەل بووە، هەر بۆ ئەم شانۆیەیش سێینە گەورەکەی ئێسخیلۆس (ئۆرێستێیا) بەسەرکەوتنێکی گەورەوە پێشکەش دەکات. لەم یاداشتانەدا بە وردی ڕۆژانی پرۆڤە و مامەڵەی ئەکتەر و ڕیژیسۆر و چارەسەر و گرفت و دیدی ڕیژی خۆی تۆمار دەکات.

ئەم یاداشتانە تۆنێکی پڕ لە خەم و ئازاریشی تێدایە و دڵەڕاوکێ و پیربوون و نەخۆشی، وێنەیەکی تری نۆرێنمان پیشان دەدات: "ئەوەی ئێستا من دەینووسم، هیچ توڕەبوونێک، پەژارەیەک، ڕقێک، تەنانەت هیچ خۆشەویستییەکیشی تێدا نییە، تەنها دەنگدانەوەی

ئەزموونە دەروونییەکانی خۆمە، هەروەک چاودێرێکی ورد بەسەر تێپەڕینی زەمەنەوە..." نۆرێن بۆیە ئەم یاداشتانە دەنووسێت تا "بەڵگە (کۆ بکاتەوە)، کە (ژیانی) تەنها خەونێک نەبووە."

نورێن بڕوای بە مرۆڤێکی تاک و تەنهایە، لەم یاداشتانەیشدا ئەو کەسە تەنهایە، شاعیرە، شانۆنامەنووسە، ڕێژیسۆرە، باوک و عاشقە. بەڵام لەسەروو هەموو ئەمانەیشەوە کەسێکی تەنهایە، خەمبارە و چاوەڕوانی مەرگ دەکات: "من ناتوانم ڕاستەوخۆ بڵێم چ ساتێک جیهان منی لەدەست داوە، بەڵام وابزانم هەر لە دەستپێکی ژیانمەوە بووە. ئێوە دەتوانن لە دونیای مندا بژین، بەڵام من ناتوانم لە هیی ئێوەدا بژیم. من لە دەرەوەی ئەو جیهانەوەم، لەوێدا کەسی لێ نییە."

ئەم نووسەرە لەگەڵ هاوڕێ و هاوپیشەکانیشدا هەست بە تەنهایی دەکات، هیچ کەسێک و هیچ شتێک هێندەی هایدگەر جێگەی سەرنجی ئەو نین، چەندیش ئەم فەیلەسوفە دەخوێنێتەوە، هێندەیش تووشی ڕەشبینی و دڵەڕاوکێ دەبێت. نۆرێن جۆرە شەڕێک

لەنێوان ئێستاتیکا و ئێتیک بەرپا دەکات و دەیەوێت ئەوە دووپات بکاتەوە، کە ئەوە (زمانە) ئێمە دەپەیڤێنێت و (من) تەنها کاریگەرییەکی ئەو زمانەیە، کە ئاڕاستەم دەکات. ئەم جۆرە شەڕەیش لەنێوان تیۆریی و پراکتیک، ئێستاتیکا و ئێتیک، ئەم یاداشتانە دەکاتە ئەدەبێکی گەورە، کە نووسەرێک خولْقاندوویەتی لە جووڵەیەکی بەردەوامدایە؛ بۆ سەرەوە، بۆ خوارەوە، بۆ ناوەوە و بۆ دەرەوە، لە هەمان کاتدا ئەو هەستەت لەلا دروست دەکات، کە بە هیچ شێوەیەک لە جێگەی خۆی ناجووڵێت و لە وەستانێکی ئەبەدیدا گیری خواردووە.

نۆرێن لەم یاداشتانەیدا، هەروەک یاداشتەکانی چەند ساڵێک لەمەوبەری، هێرش دەکاتە سەر دەسەڵاتی کولتووری لە شانۆ و ئەدەبی سویدیدا. هێرش دەکاتە سەر هاوپیشەکانی، ڕۆژنامەنووسەکان، سیاسەتمەدار، نووسەر و هاوڕێکانی و شتە تایبەتمەند و کەسێنییەکانیان ئاشکرا دەکات و پەردە لەسەر هەموو شتێک لا دەبات.

هەندێک لە ڕەخنەگرەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە نۆرێن هەرچەندە بەردەوام هێرش دەکاتە سەر ستریندبێرگ، بەڵام لاسایی ئەو دەکاتەوە و دەیەوێت

دوژمن بۆ خۆی دروست بکات. هەر ئەم ڕەخنەگرانە ئاماژەیش بۆ ئەوە دەکەن، کە ستریندبێرگ لەسەر بنەمایەکی فیکری و لەنێو گفتوگۆیەکی کۆمەڵایەتی قووڵەوە هێرشی دەکردە سەر هەندێک نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەو دوژمنانەی بۆ خۆی دروست دەکرد. بەڵام لای نۆرێن لە سەرکۆنەکردن و هێرشێکی کەسێنی و دەروونێکی نەخۆش، زیاتر هیچی تر نییە.

**سەرچاوە:**

Lars Norén, En dramatikers dagbok, 2005-2013 ،2012. Albert Bonniers förlag

**هۆتێل لە ناوەوەی مندایە.**
**من هەمیشە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەوێم**

دیداری کریستیان پێتری لەگەڵ لاش نۆرێن، بە بۆنەی یادی حەفتا ساڵەی لە دایکبوونییەوە.

دانا ڕەئووف لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی و پەراوێزی بۆ داناوە

خۆم لە هۆتێلی لیدمار، لە ستۆکهۆڵم دەبینمەوە. ژوورێکم بۆ شەو و ڕۆژێک گرتووە. ستۆدیۆیەکی بچووکمان تێدا پێک هێناوە و دیدارێک لەگەڵ لاش نۆرێن تۆمار دەکەم. بیروبۆچوونەکانم ئەوەیە، کە جۆرە ژوورێکی لە مێژینە لە تێکستەکانی نۆرێندا هەن. ژوورەکەیش لەبنچینەدا بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، کە لاش نۆرێن لە هۆتێلێکدا لە گێنارپ لە سکۆنە گەورە بووە و بەسەری بردووە. من دانیشتووم و چاوەڕوانم. دەقەکانی لاش نۆرێن لەو بەرگە تازەیەیدا (کۆمەڵگە) دەخوێنمەوە. هەست بە هەوایەکی تەڕ و شێدار، بارانێکی بەخوڕ دەکەم، کە دەموچاوەکان، هەستەکان و مێژوو تەڕ دەکات. لە دەقێکدا ئاگرێکی بەهێز ناوەوەی کارەکتەرەکان بە سووتاوی دەهێنێتە دەرەوە. بەشێکی زۆری دەقەکانی باسی توندوتیژی و شەڕ و ڕەگەزپەرستی لەم چەند ساڵەی دوایی لە ئەورووپا دەکات... دەقێکی وەکو (شەڕ)، (٢٠ی نۆڤێمبەر)، (ئەننا پۆلیتکۆڤسکایە لە یادەوەریماندا) وەک ئەوەی شەپۆلێکی ئاو پاشماوەی چەندان ناوچەی پڕ کارەساتی ڕاماڵیبێت، وا دێنە بەرچاو. پاشماوەی مرۆڤ، پارچە تێکستی گوتوبێژ، پاشماوەی خانووی وێران.

له بیرکردنەوەکانمدا، بەنێو پێچوپەنا ئێجگار گەورەکەی ئەم باڵەخانەیەدا دەڕۆم، کە وەک هۆتێلەکەی نۆرێن وایە و ژوور لە دوای ژوور دەرگاکان دەکەمەوە. گوێ لە خەڵکی جۆراوجۆر و چیرۆکی جیاواز دەگرم. ئەگەرچی ئەوان، دواجار لەم باڵەخانەیەدا بە تەنیشت یەکەوەن، بەڵام لە شوێن و جێگەی جیاوازدان.

من لە تەلەفزیۆن پرۆگرامێکم دەربارەی سەرەتای پەیدابوونی گەردوون بینی. لەوانەیە لە بەرنامەی (جیهانی زانست)دا بووبێت، بیرم نەماوە، بەڵام بۆ ئەوەی توێژینەوەی نوێ لەناو ئەستێرەناسیدا ڕوون بکەنەوە، جۆرە میتافۆرێکیان بەکار هێنابوو. گەردوون بە هۆتێلێک چوێنرا بوو. ڕاڕەوەکان و ژمارەی ژوورەکان بێکۆتا بوون. (ژوورەکانی هۆتێلەکە) ڕەنگی جیاجیایان هەبوو، فۆرمێک بوو لە هەسارەکەمان. لە ڕاڕەوەکەدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر و بێکۆتا ژوور هەبوون، لەگەڵ چەندان شێوازی جیاجیای ژیانی ئێمە.
من وێنەی ئەو هۆتێلەم لەگەڵ خۆم هەڵگرتووە. هاوکات ئەم وێنەیە لەگەڵ تێکستەکانی لاش نۆرێندا بە تەواوی هاوتەریب و چوونیەکە.

من كە فیلمی (وردەکاریی)م دەرهێنا (لە دەقەکانی نۆرێنەوە ئامادە کراوە) دیمەنی مرۆڤی مردووی تێدا بوو. من ئەم مەملەکەتی مەرگەم ناونابوو (هۆتێل). هۆتێلێکی وێرانەم دەهاتە پێشچاو. دواتر سینۆگرافەکەم (چارلس کۆرۆلی) جۆرە هۆتێلێکی لەنێو کلێسایەک لە دەرەوەی شاری (لوکا) لە ئیتاڵیا خوڵقاند.

پروست ڕۆنانی ڕۆمانەکانی وەک کلێسا دەبینیت، بەڵام سەبارەت بە شانۆنامەکانی نۆرێن، هەمیشە دەگەڕێمەوە بۆ سەر وێنەی هۆتێلێکی ئێجگار گەورەی نادیار. نیوەی چراکانی کوژاوەتەوە و تاریکە، بەشێکی ڕووخاوە، چاککراوەتەوە، چۆڵە، باخچەکە بە شێوەیەکی ناڕێکوپێک گەورە بووە و چووە بەنێو یەکدا، هەندێک لە ژوورەکان چی تر بەکار ناهێنرێن، هەندێکی تریان لە بیر چوونەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا جێگەی نیشتەجێبوونی کەسانێکی زیندوو، هەروەها مردوویشە، جێگەی نیشتەجێبوونی خەڵکانێکی ژیانی ڕابردووی نۆرێنە: خەڵکێکی کۆن، هەروەها هیی ئێستا و بگرە خەیاڵیش، ئەو مرۆڤانەی تەنهان، لە پێوەندیدان... قسە بۆ ئێمە دەکەن، دەگەڕێن، لە پشوودان، تەسکبینن، هەندێکیان خەریکە بە تەواوی لەناودەچن، خۆیان

دووباره دەکەنەوە، دەمرن، سەرلەنوێ لەدایک دەبنەوە... بەم شێوەیە دەتوانین- وەکو مرۆڤە کۆمیدییەکانی (بەلزاک) بەنێو ئەم خانووەدا بگەڕێین، کە هێندەی شارێک، دونیایەک گەورەیە. بێگومان لە (هۆتێل کالیفۆرنیا) ناچێت: (تۆ دەتوانیت لە هەر کاتێکدا بتەوێت ژوورێک بگریت و (بچیتە) ژوورەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانیت (بێیتە) دەرەوە.)[١]

زۆرجار من بە ڕوونی مرۆڤەکانی نێو ئەم دەقانە دەبینم، بەندی ئەو ڕێگەیانەن کە دەرناچێت، وەک ئەوەی لە دەرەوەی توانا و کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت. زۆربەی دەقەکان بە بەئاگاهاتنەوەیەک دەست پێ دەکەن، وەک ئەوە وایە لە خەونێکی ناخۆش بەئاگا بێیتەوە، یان لەوانەیە ڕاستر –بچیتە خەونێکی ناخۆشەوە.

**ئا: بیربکەرەوە، کە ئەو کچە تەنیا منداڵێکە و هیچی تر.**

**بێ: منداڵ؟**

**ئا: چی تر هیچ منداڵێک لە ئارادا نییە.**[٢]

من بەردەوام بەنێو ئەم خانووبەرە گەورەیەی هەمیشە لە گەشەدایە، دەڕۆم، کە پڕە لە دەنگی (هەراوزەنای) جەنگ لە ئەورووپاوە، (لە گەڕەکی بێناو، لە کورسی باخچەیەک و شۆستە)، (تێدا) چەند مرۆڤێک ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و دواتریش ئەو شتە سامناکەی زۆرجار بە "بێلەوەی"[٣] ئاماژەی بۆ دەکرێت: (ئەو گوتی، کە شەش هەزار گوندیان تەختی زەوی کردووە.)

بەڵام ئەمەیش: (ڕۆژێک لە ڕۆژان مرۆڤ دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆماڵەوە... مرۆڤ دەیەوێت بڕواتەوە بۆ ماڵەوە.) فۆندێکی گونجاو بۆ خوێندنەوە و گفتوگۆکەمانە.

**لە دەرگا دەدرێت و لاش نۆرێن دەگاتە جێ. ئەو لە ڕواڵەتدا دڵخۆش دیارە. بۆیە من ئەو هەستەم لا دروست دەبێت، کە ئەو بە قسەکردن سەبارەت بەو بەشەی ژیانی** خۆی، **خۆشحاڵ دەبێت.**

هەندێک جار لەوانەیە بیرۆکەیەک یان میتافۆرێک ئارەزووی دەرکەوتنی هەبێت یان دوورەدەست و

ناسروشتی، له کاتێکدا له نزیکەوه لێی دەکۆڵێتەوه، بەڵام، که ئێمه دەست دەکەین به باسکردنی هوتێل و نووسین، هەست دەکەم شتێکی بێگومان و تەواو کۆنکرێتییه. هۆتێلەکەی گێنارپ له سەرەتادا هۆتێلێکی وێستگه و شوێنی پێکگەیشتنی هێڵی ئاسن بووه و خانەوادەکەی له ساڵی ١٩٤٨دا گوێزاویانەتەوه بۆ ئەوێ. لاش نۆرێن دەست دەکات به گێڕانەوه:

هۆتێلێکی گەوره بوو، که به پێی چینی کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی نرخ، چەندین هۆڵی نانخواردنی تێدا بوو – پله یەک، ژووری چا، هۆڵی بیره، که لەوێدا مێزی بلیارد و ئامێری ئۆتۆماتیکی قوماریشی تیا بوو. دوای ئەوه هەشت ژووی نووستنی لەخۆ دەگرت. خەڵکانێکی ئێجگار زۆری جۆراوجۆریش. جووتیاره دەوڵەمەندەکان، کرێکار، خانمی به تەمەن، مەراسیمی بەخاکسپاردن، زەماوەند... چەند نەفەرێکمان هەبوو، که چەندین ساڵ لەوێ دەژیان، له ناویاندا سوێدییەکی ئەمەریکی، که له شیکاگۆوه گەڕابووەوه و مرد. له بیرم نەماوه، له هۆتێلەکه مرد، بەڵام ئەو گەڕابووەوه بۆ سوێد تا لێره بمرێت. فێری یاری پۆکەری کردم... باخەوانێکمان هەبوو، که چوار وەرزی ساڵ لەوێ

دەژیا. ئەمانە بەرچاییان دەخوارد، نانی نیوەڕۆ و ئێواران. ساڵی دوو جار مەشقێکی گەورەی سەربازیمان هەبوو، ئەوسا هۆتێلەکە پڕ دەبوو لە سەرباز. دوای ئەوە ڕۆژانی یەکشەممە مێزی بابۆڵەی پەنیر بە کەرەمان هەبوو، کە خێزانەکانی سکۆنە دەهاتن و ئەو بابۆڵەیەیان دەخوارد. وا ڕێک دەکەوت، کە ئەوان لە پێشدا ژەمێکی باشیان دەخوارد، ڕێک وەک نۆڤێلتەکانی فریتچۆف نیلسۆن پیراتن[٤]، ئەم خێزانانە ئێجگار زۆریان دەخوارد و دوای ئەوە بۆ دوو سێ سەعات لێی دەنووستن. پاشان سەرلەنوێ دەستیان دەکردەوە بە خواردن.

من لەو بڕوایەدام باوکم نابووت بوو. ئەو زۆر زیانی لەو بابۆڵەی کێکانە دەکرد، وەک لە قازانج. ئاخر ئەو مێزانە ئێجگار گەورە بوون. چەندین شاگردمان هەبوو، سەرپەرشتیاری مەتبەخ، چێشتلێنەر، باخەوان و کەسێکیش زێراب و ڕێڕەوی ئاووئاوەڕۆ و ئەو شوێنانەی پاک دەکردەوە. ژێرزەمینێکمان هەبوو، مریشکە سەربڕاوەکانی تێدا ئاوەڕووت دەکرا. بەم شێوەیە وەکو کۆمەڵگەیەک وا بوو، کە هەمیشە لە جووڵە و چالاکیدا بێت. ئێمە تەنها سێ جار لە ساڵێکدا بە تەنها هەر خۆمان دەبووین، ئەو جارانەیش هەینییە

درێژەی یادی پیرۆزکردنی لە خاچدانی مەسیح، ڕۆژی کریسمس (ڕۆژی لە دایکبوونی عیسا) و ڕۆژی پاک (جەژنی هێلکە سوور). ئەگەرنا —بۆ نموونە، کە من دەڕۆیشتم بۆ قوتابخانە— هەمیشە سەر ڕێگەکان پڕبوون لە خەڵک.

**بەتایبەتی ئەم مەسەلەیە، لە گفتوگۆکەماندا دووبارە دەبێتەوە. هۆتێلەکە وەکو ئەمسەر و ئەوسەری کۆمەڵگە، وەک کەشتیی هەڵمیی ئەتڵەس وا بوو. ئەمەیش بنەما و ڕەوشێکی سەرەتایی تەواو بۆ نووسەر دادەنێت.**

هەندێک جوتیاری دەوڵەمەندی لێ بوو، کە لە هۆتێلەکەماندا بە هۆی بەدمەستی و خواردنەوەیەکی زۆرەوە، کێڵگە و باخ و باخاتەکانییان لەدەستدا. یەکێکیان ئەسپێکی بە ئەرەبانەیەکی دوو چەرخییەوە هەبوو —ئەمە دەڵێی باسی ڕووسیای ساڵانی (١٨٠٠)ەکان دەکەم، بەڵام کە ئەو تەواو سەرخۆش دەبوو، یارمەتیمان دەدا و دەمانخستە ئەرەبانەکەیەوە و بە ئەسپەکەماندا دەکێشا، ئەسپەکەیش بەنێو کێڵگەکاندا بە غار دەگەڕایەوە بۆماڵەوە.

ئەو سروشتەی منی تێدا گەورە بووم، زۆر جوان بوو، لە هۆێلدێرلینسک-ەوە نێزیک بوو.[٥] لەوێ دارستانی چڕ و گەورە هەبوون، هەروەها سێ کۆشکی گەورەیش: بیۆرنستۆرپ، هێکە بێرگە و... کۆشکی تۆپێلەیگۆرد. ئێجگار جوان و دڵفڕێن، زیاتر لە خەون دەچوو، لەنێو دارستانەکاندا و هەریەکەی بە گۆم و دەریاچەی خۆیانەوە دەدرەوشانەوە، زۆر زۆر سەیروسەمەرە.

**کە لاش نۆرێن دەگوێزێتەوە بۆ سکۆنە، تازە سیستێمی کۆیلایەتی لەو ناوچانەدا لابرابوون. خانووی داڵدەی منداڵان، دەکەوتە دەوروبەری گوندەکە، نۆرێنێکی گەنجیش، لەژێر کاریگەریی مامۆستاکەیدا ڕۆمانی (شەوشاد، زەوی)ی ئیڤار لۆ-یوهانسۆن دەخوێندەوە. ئەم مامۆستایەیش لەنێو ئەم دیدارەدا چەندین جار دەگەڕێتەوە.**[٦]

ئەو (مەبەستی مامۆستاکەیەتی) مانایەکی ئێجگار گەورەی بۆ من هەبوو، ئەدەب و هونەریشی پێ ناساندم. ئەو هەر زۆر زوو (دیونە بارنێی) دامێ،[٧] هەندێک لەوانەیش کە لە کۆمەڵگە کۆیلەئاساکاندا گەورە بووبوون،[٨] منداڵەکانی ئەوان، وەک بەردەست لای ئێمە

کاریان دەکرد. سکۆنە، ئەو کۆمەڵگە داخراوە بوو، کە تا ئێستایش هەر وا بە داخراوی ماوە و لەو بڕوایەیش دام، کە هەر وا بە داخراوی دەمێنێتەوە.[٩] پێوەندییەکی هاوبەشی ڕەق و توندوتیژ گوندەکەی گرتبووەوە، کە بۆ ئێمە زۆر گران بوو ببینە بەشێک لەو پێوەندییە هاوبەشە، لەبەر ئەوەی ئێمە غەریب بووین.

**تۆ هەر زوو لە قوتابخانە ئازاریان دایت و سەرکۆنە کرایت؟**

ئا، لەبەر ئەوەی بە دیالێکتی ستۆکهۆڵم قسەم دەکرد.

**من چیرۆکێکم بیستووە سەبارەت بەوەی، کە منداڵە قوتابییەکانی هاوڕێت، تۆیان بەشتێکەوە بەستۆتەوە... ستوونی ئاڵا بوو؟**

ئەوان منییان بە ستوونی تەلەفۆنێکەوە بەستەوە و بە کێبڵێک کەوتنە گیانم. هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. هێدمەی ئەوەی، کە ئەوان بە کێبڵێک کەوتبوونە گیانی شتێک بەبێ ئەوەی شتێک هەبێت... بەبێ ئەوەی ڕقیان لێی بێت. ئەزموونێکی زۆر سەیر بوو.

**هەستت دەکرد کە هەر لە سەرەتاوە لە تەمەنی هەرزەکاریدا، گەورەبوونەکەت جیاواز بێت؟ شتێکی هاوبەش نەبێت و جیاواز بیت لەوانی تر؟**

من ئەو هەستەم هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ خێزانەکەماندا لا دروست بوو بوو –کە جیاواز بووم. باوکم کابرایەکی بەدمەست و هۆگری بادە بوو، دایکیشم ڕقی... لەو کۆمەڵگەیە بوو، هەمیشە بیری خوشک و براکانی دەکرد. ئەو لە خێزانێکدا، کە یانزە خوشک و برا یان دوانزەی هەبووە، گەورە بوو بوو، باوکی قەشە بووە و حەزی لە ژیانی سکۆنە نەکردووە. ئەو دوا ڕۆژانەی کە هۆتێلەکەمان هەبوو، دایکم زۆر نەخۆش بوو، تووشی ژێرپەنجە بووبوو.

**هیچ ڕووداوێکی تایبەتی فۆرمی تۆیان لەو ساڵانەدا داڕشتووە؟**

لە باڕی هۆتێلەکە، شەڕی توندوتیژ دەقەوما، پیاوێک کورسییەک هەڵدەگرێت و دەیەوێت یەکێک لە بەردەستەکان بکوژێت و کورسییەکەیش یەکێک لە گلۆپە نیۆنەکان دەشکێنێت و وردە شووشە بە سەرماندا دەبارێت. ئەو شەوانەی، کە ئێمە یاری بلیاردمان دەکرد... هەروەها هۆتێلەکەیش بە شێوەیەکی

سەرەکی پابەند بوو بە پیشاندانی فیلمەوە. ئێمە سەیری تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی دانیمارکمان دەکرد، تەنها چەند ساڵێک، لەوانەیە ساڵانی (١٩٥٨- ١٩٥٩) بووبێت. من زنجیرەیەکی ڕۆبێرت برێسۆن و فیلمەکانی کارڵ تێودۆر درەییەرم بینی.(١٠) هەستێکی ئێجگار خۆش بوو. زۆر دواتر هەوڵی پێوەندیکردنم بە درەییەرەوە دا. خانەوادەکەم هێندە زۆر کاریان دەکرد، کۆنترۆڵیان بەسەر منەوە نەمابوو. من منداڵێکی کێوی و بزێو و سەربەست بووم و دونیا تایبەتەکانی خۆمم لە هەورەبانەکەمان دەخولقاند، ئەو هەورەبانە ئێجگار گەورە بوو.

**ئێمە باسی کەسانێکی گرنگمان لەم قۆناغەدا کرد. تۆ باسی مامۆستاکەت کرد، هیچ کەسانێکی تری گرنگ لەم قۆناغەی ژیانتدا هەن؟**

ئاوازدانەر و پیانۆژەن کارڵ-ئێریک ڤیلین، گرنگییەکی تایبەتمەندی هەبوو.[١١] من دەچووم بۆ لای ئەو و پیانۆم دەژەن. ئەو نزیکەی دە، پانزە ساڵێک لە من گەورەتر بوو، بەڵام بووین بە هاوڕێی ژیان. هەندێک لە بەردەستەکانمان وەکو ئەوە وا بوون لە کتێبێکی هاری مارتینسۆن-ەوە هاتبنە دەرەوە.[١٢]

خەڵکێکی دڵنەرم و لێوانلێو لە سۆز و هەستی جوان، تابڵێی مرۆڤدۆست بوون.

**ئەی کەسێک هەبوو، وەک خوشک یان دایکێکی تر وا بێت بۆ تۆ؟**

نەخێر، ئەوان بە تەمەنتر بوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە دایکێکی تر بوون. بە دڵنیاییەوە دایکم کاتێکی زۆری بۆ من نەبوو. پێوەندییە پڕ لە هەست و سۆزە گەورەکەم، لەگەڵ باوکمدا بوو. بەو شێوەیە نا کە من دەموچاو و سیمای خۆم لە سیمای ئەودا ببینم، بەڵام من کارم لەسەر ژیانی باوکم زۆر کردووە، زیاتر لە دایکم. دایکیشم دەیتوانی چالاک و دڵخۆش بێت و حەزیشی لە گاڵتە و قسەی خۆش دەکرد، گاڵتە و ئاهەنگگێڕان و شتی لەم جۆرە. باوکم هەروەک بڵێیت خاڵی وەرچەرخان و هەڵکشان و داکشانی هەست و سۆزی هەبوو، بە شێوەیەک خۆیشی بە تەواوی بەرگەی نەدەگرت. دواتر دەشمانزانی، کە قۆناغی خواردنەوە و سەرخۆشبوون بە ڕێگەوەیە. ئەو چەند هەفتەیەک لەوەوبەر بەرلەوەی دەست بکاتەوە بە خواردنەوە، دەکەوتە فیکەلێدان، ئیتر ئێمە دەمانزانی کە ئێستا...

**ئەمە هەر لە فیلمێکی ترسناک دەچێت.**

ئا، هەر بە ڕاستی وایە... دوای ئەوە بە شێوەیەکی شێتانە خەریکی کڕین و ڕاسپاردنی شت دەبوو. کڕینی خواردنێکی ئێجگار زۆر گران، کە دایکم ناچار دەبوو ڕێگەی لێ بگرێت.

**ئەوە جۆرە دڵخۆشییەکی بێسنوور، جۆرە شەیداییەک بووە؟**

بەڵێ شەیدایی، تەواو وایە. من دوو جار بەشداریم لە بەئاگاهێنانەوە و چارەسەرکردنەکانیدا کردووە. ئەزموونێکی ئێجگار ناخۆش بوو، بەڵام هاوکات من هەوڵم دەدا لەگەڵ ئەودا، ئەو فیل و مێروولە خۆشەویستانە ڕاوبنێین (پێدەکەنێت) ئەوەیش شێوازی من بوو، کە بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ بکەم. یان ئەوەتا، کە من بە تەواوی بڕووخێم یان بەشداریی لەم گەمەیەدا بکەم. ئەو بە شێوەیەکی یاسا بۆ داڕێژراو سەردانی بنکەی سیکیاتری لە شاری لوند دەکرد.[١٣] من پێستە بیرەنگە خەمگینەکەیم دێتەوە یاد... لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەو هەستە پڕ لە بەزم و ئاهەنگەی، کە تەنها چەند هەفتەیەک لەوەوبەر لە گۆڕێدا بوو، وانەیەکی گەلێک پڕ مانا بوو بۆ من. من، کە ئێستا ئاوا بە

سەربەستی قسە لەسەر ئەو دەکەم، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی دەیزانێت و هیچ شتێکی شاراوە نییە، بەڵام لە گەوهەردا هەست بە خۆشەویستییەکی گەورە و پڕ لە سۆز دەکەم بۆ ئەو. من دەزانم، لەو بروایەدام نووسیویشمە، کە یەکەم دەقی خۆمم فرۆشت، یەکەم بیرکردنەوەم ئەوە بوو —کە ئێستا من بە دوو مانگ ئەوەندەم دەست کەوتووە، کە باوکم بە یەک ساڵ دەستی دەکەوت. ئەم بیرکردنەوەیە شتێکی ناخۆش بوو، شتێکی نادادپەروەرانە بوو، کە باوکم بەو شێوەیە دەرەتایەوە.

**کەی خودی بیرکردنەوە لای ئێوە لە نووسین دەستی پێ کرد؟**

هەر زۆر زوو لە لایەن مامۆستاکەمەوە هاندرام. دارشتنمان دەنووسی و من کتێبە لیریکییەکانم وەرگرت، وەک هەڵبژاردەیەکی بچووک لە شیعرەکانی هوێلدێرلین. هەر لەبەر ئەوەیشە، کە من گێنارپ دەبەستمەوە بە هێلدێرلینەوە، هەروەها بەو ساردی و هەور و چەخماخەیەوە، لەگەڵ درەختە گەورەکان.(١٤) ئەو سروشتە دێرینە ئەنتیکەییەی ئەڵمانیا... من تەمەنم دە،

یانزە ساڵان بوو، کە دەستم کرد بە نووسین. ئامێرێکی چاپیان پێدام.

**ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کردووە، کە هۆتێل ماڵێکی جیاوازە، ئەمە چۆن کاریگەریی بەسەر دید و تێڕوانینی تۆوە سەبارەت بەوەی، ماڵێک چییە یان چۆن بێت، هەبووە؟**

ئێمە بەرلەوەی بێینە گێنارپ زۆر ماڵەوماڵمان کردبوو. یەکێک لە یادەوەرییە بەهێزەکانم ئەم ژوورە چۆڵە بوو، کە لەسەر دۆشەکێک، دواشەو بەرلەوەی بەرەو سکۆنە سەفەرمان کرد، لەسەری ڕاکشام. من نەمدەویست ژوورەکە بەجێ بهێڵم و قایل نەدەبووم، بچمە ناو شەمەندەفەرەکەوە، ئەمە هەستێکی ئێجگار بەهێزە. وا بزانم ئائەمە بنەمای هەستی بێلانەیی لای من داناوە. بۆ من زۆر گرانە بڕۆمە بنکەی وێستگەی شەمەندەفەر، بەبێ ئەوەی بروسکەیەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ دامنەگرێت –کە پێویست بکات شتێک لە دوای خۆمەوە بەجێ بهێڵم. نەخێر من هەست بە بێلانەییەکی ئێجگار گەورە دەکەم.

**تا ئێستایش؟**

بەڵێ، وەکو نیچە، کە ئەوە جیهانێکی بێلانەیە، نەک تەنها من. بە شێوەیەک لە شێوەکان من بەرامبەر بە دونیا. من، کە دەچمە نیویۆرک یان پاریس و قسە لەگەڵ خەڵک دەکەم، کە چەندین نەوەیە لەوێ دەژین و مێژووییەکی درێژییان هەیە، هەست بە ئیرەیی دەکەم. ئەوە نەرمە لمێکە، کە تیامدا هەڵدەکا. من هەوڵ دەدەم خۆم بەوە قایل بکەم کە زمان و نووسین ماڵی منە.

**ئێمە باسی ئەوەمان کرد، کە لەگەڵ باوکێکی هۆگر بە بادە و بەدمەستدا گەورە بوویت. لەم بارودۆخەدا کتێبەکان باشترین داڵدە و دڵنەوایی بوون؟**

کتێب و گەمە، گەمە و کتێب. من چەند هاوڕێیەکم هەبوون، کە زۆر گەمەم لەگەڵ دەکردن، ئێمە ئەو جۆرە گەمە کلاسیکییانەی –هیندییە سوورەکان و کاوبۆی، هەروەها شازادە ڤالینتانتمان دەکرد.(١٥) گەرنا، من خۆم لە دونیای خوێندنەوەدا دەشاردەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە چ باوکم و چ دایکیشم هەندێک جار زۆریان دەخوێندەوە. ئێمە کتێبێکی ئێجگار زۆرمان لە ماڵەوە هەبوو. لە هەندێک قۆناغی تەبایی و پڕ لە هارمۆنیدا، لەسەر جێگەکە ڕادەکشان و دەیانخوێندەوە. ئەویش ئەتمۆسفێرێکی جوان و ئارام بوو.

**من ئەو پرسیارەی لێ دەکەم کە تا ئێستایش دەگەڕێتەوە بۆ هۆتێلەکە، بۆ یادەوەری و بیرەوەرییەکانی. لەوێ دەگەڕێیت و سەرلەنوێ بە هەموو وردەکارییەکانیدا دەچێتەوە و دەیانخولقێنێتەوە.**

بەڵێ، ئەوەیش یەکێکە لەو شوێنە کەمانەی کە دەتوانم لە دەرگاکانییەوە بچمە ژوورەوە و تیا بگەڕێم، دوای ئەوە هەموو هەنگاوێک بنێم، هەنگاو بە هەنگاو بڕۆم و هەموو شتەکان بناسمەوە: پلاکی گلۆپەکان لە کوێدان، قادرمەکان چۆنن، کە دەچنە سەرەوە بۆ نهۆمی دووەم، هەورەبانەکە چۆن بوو، گەنجینەکە، بۆنی ئەو شوێنە ساردەی خواردنمان تیا هەڵدەگرت و تەشتی جلشتنەکان. من دەتوانم هەموو ئەمانە بناسمەوە و هەستی پێ بکەم. هاوکات ئێستایش ئەوە دەبینم، کە چۆڵ و بەجێهێڵراوە، وێران بووە و بووە بە کەلاوەیەک. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، من دەتوانم سەرلەنوێ ئەو کەلاوەیە بخولقێنمەوە، کە بەنێو ژوورە جیاوازەکانیدا دەگەڕێم (بە دەست نەخشەی شوێنەکە دەکێشێت). شوێنێکی ئێجگار کراوە بوو. من دەمتوانی بە شەو بەخەبەربم و لەگەڵ هاوڕێکانم یاریی بلیارد بکەم، هەروەها دەمانتوانی مەی بدزین (پێدەکەنێت). کە تەمەنم

دوانزه سالان بوو دەمتوانی –وەک بەلزاک دەڵێت– دەکرا لە گەنجینەیەکدا خۆم بشارمەوە، لەبەر ئەوەی من کەرەستەم بۆ هەموو ژیانم هەیە.

هەروەها ئەو تێکەڵاوییە لە مرۆڤە جوداکان. ستێنۆگرافێک لە پارتی ڕاستی جارانەوە،(١٦) کە هەموو هاوینێک دەگەڕایەوە، ئەو سوێدییە ئەمەریکییە، پاسەوانی دارستانەکە بە قژی دەستکردەوە، ئەو جوتیارانەی کە سەرخۆش دەبوون تەواو شەهوانی دەبوون، هەروەک ئەوەی... (بە ئاماژە وێنەی دەست بۆ بردنی ئافرەت دەکات) بۆ بەردەستە ئافرەتەکانمان، هاوکات ئەو بابۆڵە خواردنانەی بە بەردەوامی هەموو کاتێک دەبرانە ژوورەوە و دەهێنرانەوە دەرەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناچار دەبوو، ڕاسپێرێت و داوای خواردن بکات تا بۆی بێنن، چونکە مەی دەخورایەوە. بە کورتییەکەی ئەمە سەردەمی زێڕین بوو.

**من دەمەوێت بزانم بە چ شێوەیەک کاریگەریی بەسەر کارەکانییەوە هەبووە، نووسین و کاری ڕێژی.**

ئەوە لە ناوەوەمدایە. من هەمیشە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەوێم. من چۆن لەو مرۆڤانە گەیشتووم، دواتر مۆرک و ڕەنگدانەوەی بەسەر تێگەیشتنمەوە بۆ

مرۆڤ لە هەموو ژیانمدا هەبووە. من نامەوێت باسی جۆری کەسایەتییەکان بکەم، بەڵام ئەو دینامیکییەی، کە لە هۆتێلەکەدا هەبوو، شتگەلێک بوون دەبوو بکرێن... من سوودێکی زۆرم لێ وەرگرتوون، بەتایبەتی کە بۆ شانۆ خەریکی کاری ڕیژی بووم. من باش خۆم لەنێو کۆمەڵێک مرۆڤدا دەگونجێنم، کە کاری خۆیان دەزانن و ئامانجێکی تایبەتی خۆیان هەیە.

دوای ئەوە ئەتمۆسفێرەکە زۆر بەهێزە. من تا ئێستایش دەکرێت تووشی ئەوە ببم، کە چۆن باوکم دەگەڕا و سەرمێزەکانی ڕێک دەخستەوە، سەیری دۆلکەکانی دەکرد تا بزانێت سەهۆڵیان تێدایە. ئەو ئەتمۆسفێرەی بەرلەوەی میوانەکان بێن، هەروەها ڕەوشی پرسە و بەخاکسپاردنەکان... کە هەمیشە پەنیری کەوانەیی و شۆربای تایبەتی یان بلیۆنگ بۆ خواردن هەبوون. ئەگەر کەسێک بمردایە، ئەوە دوانی تر دەمردن. لەبەر ئەوە هەمیشە سێ پرسە و مەراسیمی بەخاکسپاردن لە هەمان هەفتەدا هەبوو، شتێکی زۆر سەیرە. هەفتەی داهاتوو، لەوانەبوو شایی و هاوسەرگیری بوایە. ئا —من، لەوێ سروشتە ڕاستەقینەکەی مرۆڤ، هەست و سۆزە ناسکەکەی، هەروەها نائومێدی مرۆڤە بەدمەستەکانم دەبینی.

له ناوەڕاستی پەنجاکانەوە جۆرە ئەتمۆسفێرێکی تر هاتە ئاراوە، سندوقی موزیکژەنمان لە هۆڵی بلیاردەکە دانا و گوێمان لە (پەت بۆنێی) دەگرت.[17] ئەوە شتێکی هەر تەواو جیاواز بوو، هەروەها ڕاگەریَ-کان پەیدابوون... ئەوە گەردوونێکی بچووک بوو، بەڵام بە چڕکراوەیی.[18]

**بە ڕاستی، کە ئێمە قسە دەکەین، لەوە دەچێت تا ئاستێک لە یادەوەرییەکانیدا بزر بێت. من نامەوێت قسەکەی پیَ ببڕم و پرسیاری تری لیَ بکەم. چەند ساتێکی تر ئاوا لەوێدا دەمێنینەوە. بێدەنگین، خامۆش، چاوەڕێین، لە پڕ یادەوەرییەکی تر، ئەتمۆسفێرێک، وێنەیەک بە خەیاڵیدا دێت.**

لە پڕ وەک باڵندەیەک خۆم لەنێوان قاچەکانی بەردەستە ژنەکانماندا دەبینییەوە... ئەوەیش زۆر خۆش بوو، کە بوتڵی شەرابەکانمان دەشاردەوە و باوکم ناچار دەبوو ڕابکاتە سەرەوە و بێتە خوارەوە و کونوکەلەبەر بگەڕێت. هەروەها ئەوەیش جۆرێک بوو... بەڵیَ، سەیر بوو.

من باوکمم زۆر خۆشدەوێت، من لێرەدا بە مەبەست کرداری ئێستا بەکاردەهێنم: من باوکمم زۆر زۆر

خۆشدەویێت. ئەو کەسێکی ناسک و هەستیار بوو، هەروەها پەڕگیر و ورد و بە سەرنج بوو، کەسێکی وەسواس. مرۆڤ دەیتوانی هەموو بەفرەکە بە نیو سەعات بەر لە بەردەستەکان لە تەرمۆزەکان دەربهێنێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئاوی ساردی کەللەتەزێنی تێدا بوایە، کە دەبووە هۆی تێکچوونی تامی ئاوەکە و کاری دەکردە سەر سڕکردنی دەمارەکانی تام و چێژ، ئەمە تەنها لەگەڵ خواردندا وانەبوو. لەوانە بوو سەبارەت بەو سۆسە باشەی تێکەڵاوی بیست هێلکە دەکرا و بەو شێوەیە. هەموو ئەو شتانە پارەیەکی زۆری تێدەچوو، شتێکی زۆر کەمیشی بۆ دەگەڕایەوە.

**من جارێکیان چوومەتەماڵی لاش نۆرێن لە شەقامی (ئۆێستەرماڵمس گاتان)، کە لەوێ دەژیا. ئەوەی بێتەوە یادم بە تەواوی پاک و داماڵراو بوو، جۆرە مینیمالیستێک، بیرم لەوە کردەوە، کە لەوانەیە ئەمە ڕێگەیەک بێت بۆ نزیکبوونەوە لە سەردەمی منداڵییەوە. ئەو ساکارییە، پاک و پاکراوەییە، کە لە هەندێک ژووری هۆتێلەکانیشدا هەن.**

ئەمە هەر زۆر ڕاستە، شتێکە پێوەندی بە هۆتێلەوە هەیە. من بەشتی زۆر نیگەران دەبم و دەشڵەژێم. من پێم خۆشە و دەمەوێت بگوێزمەوە و بچمە ژووری چۆڵەوە. بەر لەوەی دابنیشم و دەست بکەم بە نووسین، ناچار دەبم، هەموو ئەو شتانەی ڕێگەم لێ دەگرن، لابەرم. نامەوێت هیچ شتێک لەسەر مێزەکە بێت. نامەوێت هیچ جۆرە وێنەیەک بەرامبەرم بێت. ئەو لایەنە چۆڵ و ئارامییەم دەوێت. بێگومان ئەمە پێوەندی بەوەوە هەیە، کە ماڵێک یان ژیانێکی تازە بخولقێنیت، کە وەک هۆتێلێک بگونجێت –کە مرۆڤ بۆ کارێکی تازە، دوای خۆی بەجێ بهێڵێت. من ناتوانم ئاوڕ بدەمەوە و سەیر بکەم بزانم لەوەوبەر چیم کردووە، ئەمە هیچ مانایەکی نییە، چ وەک دڵنیایی یان وەک هەڕەشەیەک. ڕەوشە نموونەییەکەی من ئەو لایەنە چۆڵەیە، کە سەرلەنوێ دەست پێ بکەیتەوە. ئەمە وەک ئەوە وایە، کە ئەو دڵەڕاوکێیە بگۆڕیت بۆ شتێکی پێویست بۆ ئەوەی مرۆڤ هەست بکات، لە ماڵی خۆیدایە و ڕەگی لەوێ داکوتاوە، واتە، گۆڕانکارییەکی کردووە. ئەمە جۆرە هەڵگەڕانەوەیەکە، هەوڵی ئەوە بدەیت ئەوە ڕوو نەدات. ڕەوشە نموونەییەکەی من چۆڵەوانی و توێشووی سەفەرێکی ئێجگار بچووکە، بێمە شارێکەوە

و لەم شارە بچمە دەرەوە، بەبێ ئەوەی بە هیچ جۆرێک ڕێکەوتنێک یان بەسترانەوە و پێوەندییەکم بەم شارەوە هەبێت. لەبەر ئەوە لەوانەیە مانەوە لە هۆتێلدا پێوەندییەکی بەمەوە هەبێت.

**وێنەی منداڵی و گەورەبوون لەگەڵ ڕۆژگاردا گۆڕانکاری بەسەردا دێت. من دەمەوێت بزانم، ئەگەر بە خەیاڵیدا بێت، ئێستا، سەرلەنوێ سێیینەی هۆتێل بنووسێت – چ جیاوازییەکیان لەنێواندا دەبێت.(١٩) ئەو دەڵێت بە شێوەیەک لە شێوەکان، هەروا دەکات، بەتایبەتیش لە دەقە کورتەکاندا. هەروەها لە دیمەنە بچووکەکانی دەقەکانی ئەم دواییەیدا، (٣.٣١.٩٣٠) و (پارچە تێکست).**

ئەمە هەر وەک تابلۆیەک وایە بە دیوارەکەوە. من مرۆڤەکانی گێنارپ، بەتایبەتیش باوکم و دایکم و بەشێک لە میوانەکان دەبینم، کە لەنێو ئەو تابلۆ هەڵواسراوەوە دێنە دەرەوە و دەچنە ژوورەوە، دەکرێت مرۆڤ بڵێت ئەمە وێنەیەکی زۆر سنووردار کراو و کەم کراوەیە. ئەوەی لەو زەمەنە ماوەتەوە، تەنها گەوهەرەکەیەتی. نەخۆشییەکەی دایکم و پێوەندی بە مەرگ و کاتەوە. هیچ سەیروسەمەرە نییە، لەبەر ئەوەی

منیش کۆتایی ژیانی خۆم دەبینم. دەزانم، کە کاتێکی زۆرم نەماوە، هەروەک بڵێیت پردێک بم لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی. ئەمەیش ئەو پردەیە کە من ئێستا بەسەریا دەڕۆم، ئەوەیش شتگەلێکە جێگەی پڕ ناکرێتەوە. خانەوادەکەم، هاوسەرگیرییەکەیان، پێوەندییەکەیان، جێگەیان پڕ نابێتەوە. هەموو ئەو کاتە وەک ئەوەی بڵێیت نەماوە.

من لەگەڵ ئەم مەسەلانە لە ململانێدام، چۆن مرۆڤ لەو زەمەنەی تیایدا دەژی، دەربازی بێت، بەبێ ئەوەی کات لە دەست بدات. ئەمە ئەو شتەیە، کە ئێستا خەریکم لە نووسینەکانمدا بەدوایدا بچم.

**جارێکیان دیدارم لەگەڵ فۆتۆگرافێکی ژاپۆنی (ئەرەکی)دا کرد، من دەزانم کە تۆ ئەوت بە دڵ نییە، ئێمە باسی ئەوەمان کردووە. جارێکیان گوتویەتی بەر لە چرکەساتی مەرگی خۆی، دەیەوێت دوا وێنەیەکی پۆترێتی خۆی بگرێت، هەروەها ئەو شەیدای ئەوەیە. تۆ لەو بڕوایەدایت، کە تۆ تا کۆتایی ژیان دەنووسیت؟ یان هەست دەکەی ئەوە شتێکە تۆ کۆتایی پێ دەهێنیت؟**

نەخێر، من پلانم بۆ یاداشتەکانم، لە چوار بەشدا هەیە. یەکەمیان ناوی (کرێکار)ە، ئەوەی دووهەمیشیان

ناوی (ماڵئاوایی)، ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ جیابوونەوەی هاوسەرگیری و ماڵئاوایی لە ڕیژی. سێیەمیشیان کە ئێستا خەریکی نووسینیم، ناوی (پیریی)یە و دوابەشیش ناوی (مەرگ) دەبێت. لەوانەیە زۆر کورت بێت (پێدەکەنێت).[٢٠] بەڵام لەوانەیشە ببێتە کتێبێکی ئێجگار گەورە، نەخێر، من هەمیشە دەگەڕێمەوە بۆ سەر ئەو ڕووپەڕی کاغەزە سپییە.

**قاوەیەک پێکەوە دەخۆینەوە، باسی کتێب، سەفەر و هۆتێل دەکەین. ئەو کاسکێتەکەی دەکاتە سەری و لەیەک جیا دەبینەوە. من بەدیار قاوەکەمەوە قەیرێکی تر دادەنیشم، ئەو هێشتا لە دوورەوە دەبینرێت، لەبەر دەرگاکەی هۆتێل (گراند)دا، هەروەک سێبەرێکی ڕەش بە دیوارێکەوە بەرەو باخچەی پادشا.**

**من بیر لە دیدارەکەمان دەکەمەوە. هەندێک وشە دەمێننەوە. ئەو باسی ئەو فەیلەسوفە فەڕەنسییە (پۆل ڕیکۆر)ی دەکرد،[٢١] کە مرۆڤ کتێبێک دەخوێنێتەوە، دەبێت مرۆڤ سەرنج لە هەموو نووسەرێک بدات، تەنانەت ئەوانەیشی ئێستا لە ژیاندان، هەروەها مردووەکانیش: (تا، تەنانەت منیش، ڕەفتار لەگەڵ ئەوەدا بکەم کە خۆم دەینووسم. ئەمە نووسەرێکی مردوو**

ئەوەی نووسیوە. نووسەر، بە هۆی ئەوەی کتێبەکەی نووسیوە، ئەوەی کەمتر بایەخی هەیە، سەبارەت بە خوێندنەوە و وەرگێڕانی تێکستەکە).

دەقەکانی دەگرم بە دەستمەوە و بەردەوام دەبم لەسەر خوێندنەوە. من بەنێو ڕاڕەوەکانی تێکستەکاندا دەگەڕێم. ژوورەکان تایبەتی و تاکن، هەروەها پێکەوەیش بەستراونەتەوە. لە شوێنێکی ئەو خانووەدا، هاوکات کە ئاڵۆز و پێچاوپێچیشە، دەکرێت من دەرگای ژوورێک بکەمەوە، کە هێندە نابێت دیومە، بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەو کەسەی لە ژوورێک لێدانی خواردووە، ئامادەی دەستوەشانە، لەوێدا مردووەکان زیندوو دەبنەوە، لەوێدا تیشکە سپییەکە دەبێت بە تاریکی و چڕ دەبێتەوە، لەوێدا ژوورە چۆڵەکان پڕ دەبن لە خەڵک، لەوێدا بێدەنگی پڕ دەبێت لە وشە.

## پەراوێزەکان

١- لە دەقەکەدا ئەم دێڕە بە ئینگلیزی نووسراوە You can check in anytime, but you can never leave

٢- لە شانۆنامەی (شەڕ)ەوە.

٣- لە دەقە سویدییەکەکە، ئەم وشەیەیش بە ئینگلیزی by the way نووسراوە.

٤- فریتچۆف نیلسۆن پیراتن نووسەر و پارێزەرێکی سویدییە، ساڵی ١٨٩٥ لە سکۆنە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٢یش لە مالمیۆ کۆچی دوایی کردووە.

٥- مەبەست فریدریش هویلدیرلین، گەورە نووسەری ئەڵمانییە، کە ساڵی ١٧٧٠ لەدایکبووە و ساڵی ١٨٤٣ کۆچی دوایی کردووە. لاش نۆرین لە زۆربەی قۆناغەکانی ژیانیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەم شاعیرە ڕۆمانسییە و لەژێر کاریگەرییەکانی ئەودا نووسیویەتی.

٦- ئیڤار لۆ-یوهانسۆن نووسەرێکی دیاری پڕ بەرهەمی سویدییە، ساڵی ١٩٠١ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٩٠ لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە، چەندین ڕۆمانی نووسیوە، بۆ نموونە (شەقامی پادشا)،

(شەوشاد)، (زەوی)، (تەنها دایکێک)، (مۆنا مردووە)... هتد. لۆ-یوهانسۆن بە ڕۆمانە ڕۆمانسی و ڕیالیزمەکانی کاریگەرییەکی قووڵی لە کۆمەڵگە و تاکی سویدی کردووە.

٧- دیونە بارنێی ژنە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی ئەمەریکییە، کە ساڵی ١٨٩٢ لە نیویۆرک لەدایکبووە و ساڵی ١٩٨٢ هەر لە نیویۆرک کۆچی دوایی کردووە.

٨- لاش نۆرێن لێرەدا دەستەواژەیەک بەکار دەهێنێت، کە پێناسەیەکە بۆ ئەو چینە جوتیارە زۆر و هەژارەی ئەو دەمە، کە شەو و ڕۆژ کاریان پێ دەکرا و لەبری موچە بەشێک لە بەرهەمی سروشتییان پێ دەدرا. ئەم سیستێمە لە سەرەتاکانی (١٨٠٠)ەکاندا دەگاتە ئاستی ترۆپک و نزیکەی ٣٥ هەزار خێزان لەم سیستێمەدا، وەکو کۆیلە کاریان پێ کراوە. تا لە ساڵی ١٩٤٤دا ئەم سیستێمە کۆیلەییە بە تەواوی لابراوە.

٩- سکۆنە، هەرێمێکی گەورەی سویدە و دەکەوێتە هەرە باشووری ئەم وڵاتەوە. ڕێژەیەکی زۆری ڕاستڕەو و ڕەگەزپەرستەکانی سوید لەم ناوچەیە دەژین، هەروەها خەڵکی ئەم ناوچەیە، بە ڕێژەیەکی زۆر

له هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی سویددا، دەنگ بە پارتە ڕاسیستەکان دەدەن.

١٠- کارڵ تیودۆر درەییەر، ڕیژیسۆر و نووسەریکی دانیمارکی بە نەژاد سویدی بووە،ساڵی ١٨٨٩ لە کۆپنهاگن لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٨دا هەر لەوێ مردووە.

١١- کارڵ-ئیریک ڤیلین هونەرمەندیکی مۆزیکیی سویدی بووە، لە پیانۆ و دانانی ئاواز و نووسینی مۆزیکدا دەستیکی باڵای هەبووە، لە ساڵی ١٩٣٤ لە گینارپ لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٩٢ لە (مالۆرکا) مردووە.

١٢- هاری مارتینسۆن یەکیکە لە شاعیر و نووسەرە گەورەکانی سوید، کە لە ئەدەبی هاوچەرخ و مۆدیرنی ئەم وڵاتەدا ڕۆڵ و بەهایەکی بیهاوتای هەیە. ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٠٤ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٧٨ کۆچی دوایی کردووە. مارتینسۆن چەندین خەڵات و پاداشتی ئەدەبیی گرنگی وەرگرتووە، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٤یشدا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە.

١٣- بنکەی سیکیاتری، بنکەی نەخۆشخانەی دەروونییە.

١٤- بڕوانە پەراویزی ژمارە (٤).

١٥- شازادە ڤاڵییانت فیگورێکی کلاسیکی ئەمەریکییە و ساڵی ١٩٣٧ خوڵقێنراوە. چیرۆکەکانی ئەم شازادەیە سەرسەختییەکی جۆراوجۆرن بە ڕووداو و بەسەرهاتی پڕ مەترسیدا تێدەپەڕێت.

١٦- ستێنۆگرافێک، بەو نووسەرانە گوتراوە، کە پارچە تێکستی کورتیان نووسیوە، هەروەها جۆرێکیش بووە لە سکرتێر، کە تێکستە کورتەکانی بۆ کەسانی لە سەروو خۆیەوە ئامادە کردووە.

١٧- پەت بۆنێی، کە ناوی ڕاستەقینەی چارلس یۆژین-ەو ساڵی ١٩٣٤ لە فلۆریدا لە دایکبووە، گۆرانیبێژ و ئەکتەر و نووسەرێکی ئەمەریکییە.

١٨- ڕاگەرێ: ئەو کوڕ و کچانە بوون، کە بە کۆمەڵ ئوتومبێلی گەورەی (ئەمەریکایی)یان لێدەخوڕی، هەروەها ئەم کەسانە مێباز و سەرسەریش بوون.

١٩- سێینەی هۆتێل بریتییە لە سێ دەقە شانۆییەکەی سەرەتاکانی نووسینی نۆرێن: (شەو دایکی ڕۆژە) و (پشێوی دراوسێی خوایە) و (ئارامیی)، کە بە سێینەی هۆتێل ئاماژەیان بۆ دەکرێت.

٢٠- لاش نۆرێن بۆیە لێرەدا پێدەکەنێت، چونکە دەزانێت کتێبێکی بچووک دەرناچێت، بەشی یەکەم و

دووهەمی یاداشتەکانی، کە تا ئێستا بڵاو کراونەتەوە، لە دوو هەزار لاپەرە زیاترن.

٢١- ژان پۆل ڕیکۆر فەیلەسوفێکی گرنگی فەرەنسییە و لە بوارەکانی هێرمیونێتیسک و فینۆمینۆلۆگیدا بەهایەکی بێهاوتای هەبووە. ئەم فەیلەسوفە ساڵی ١٩١٣ لەدایکبووە و لە ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە.

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی داگنس نیهێتەر، بەشی کولتوور ٢٠١٤/٥/٣**

**کورتەیەکی ئەم دیدارە بەناوی (هۆتێل نۆرێن) وەک پاشکۆیەکی ئەو شانۆنامانەی نۆرێن، کە دەزگای بۆنییەر لە دوو بەرگی گەورەدا (کۆمەڵگە و تەرمیناڵ) بە بۆنەی یادی لە دایکبوونی حەفتا ساڵەی نۆرێنەوە، لە ساڵی ٢٠١٤دا چاپی کردووە و بڵاو کراوەتەوە.**

**له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی لاش نۆرێن بە زمانی کوردی:**

١-مۆسیقای بێدەنگ، وەرگێڕانی دانا ڕەئووف، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس ٢٠٠٧

٢-شەڕ، وەرگێڕانی، دلاوەر قەرەداغی، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس ٢٠٠٧

٣-پەرجوو، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس ٢٠٠٨

٤-جورئەتی کوشتن، وەرگێڕانی هیوا قادر، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس ٢٠٠٩

٥-ئاوی وەستاو، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس ٢٠١٠

٦-تەرمیناڵ، وەرگێڕانی دانا ڕەئووف، سێ شانۆنامە: تەرمیناڵی سێ، بوومەلەرزە، ژوورێکی بۆر، زنجیرەی شانۆی جیهانی، دەزگای ئاراس ٢٠١١

**له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر:**

١-شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە ١٩٨٨

٢-گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردییدا، لێکۆڵینەوە ١٩٩٥

٣-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٤-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، ٢٠٠١، چاپی سوێد

٥-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٦-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوێد

٧-شانۆی سوێدی، هەڵوێستە و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦

٨-مۆسیقای بێدەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠٠٧

٩-مۆسیقای بێدەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، چاپی سوێد، ٢٠٠٧

١٠-هارۆڵد پینتەر، ژیان و شانۆ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار، ٢٠٠٩
١١-شانۆی سویدی، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، ٢٠١٠
١٢-لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن، لێکۆڵینەوە، ڕەنج، ٢٠١٠
١٣-چین، شانۆنامە، نووسینی ئێریک ئۆدێنباری، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١٠
١٤-تەرمینالْ. سێ شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١١
١٥-پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا. دەزگای سەردەم، ٢٠١٣
١٦-ئاوگوست ستریندبێرگ، ژیانی مرۆڤێکی بێدەرەتان و نووسەرێکی ڕچەشکێن، بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن. دەزگای سەردەم، ٢٠١٤
١٧-پەڕینەوە بە مەرزەکاندا. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤
١٨-ژان ژینییە ئەفسانە و واقیع، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥
١٩-تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥

٢٠- هارۆڵد پینتەر، شانۆیەکی سیاسیی و گەمەی دەسەڵات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥

٢١-تیۆر و پراکتیک لە کتێبەکانی شانۆدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦

**بە سویدی**

١-ڕەوش و داهێنان، لێکۆڵینەوەی شانۆ، دەزگای کاڵسۆن، ٢٠٠٨

٢-ژیانێکی تر، شیعر، دەزگای پیونیار، ٢٠٠٦

٣-دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سویدی. ٢٠٠١

## سوپاس و پێزانین

هەردوو هاوڕێی بەڕێزم، کاک عەلی عوسمان یاقوب و کاک عەبدوڵڵا قادر دانسان، لە کاتی وەرگێڕانی دیدارەکانی لاش نۆرێن-دا، بە تێبینی و باری سەرنج و گفتوگۆی نێوانمان، بەتایبەتی لە ڕووی زمانەوانییەوە، وەرگێڕانەکانیان گەلێک دەوڵەمەند کردووە.

زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

**(بنیاتنەرانی کەلتوورا)**

| | ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێڕانی |
|---|---|---|---|
| ١ | پیراندێللۆ | عوض شعبان | ئەردەڵان عەبدوڵڵا |
| ٢ | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ئەرنست جی. سیمۆنز | هیوا عەزیزی |
| ٣ | ئەلبێر کامۆ | ژێرمەن برێ | عەتا نەهایی |
| ٤ | هارۆڵد پینتەر | دانا ڕەئووف | |
| ٥ | جاک لەندن | حەمەکەریم عارف | |
| ٦ | تیۆریی دراما لای ئەریستۆ | ئازاد بەرزنجی | |
| ٧ | چرنیشفسکی | حەمەکەریم عارف | |